# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پڕۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پڕۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم

بەرگی یەکەم

وەرگێڕانی
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (100)

# تۆتالیتاریزم

**هێربێرت سیێرۆ و ئەوانی تر**

# بەشی یەکەم

## پێشەکی

تۆتالیتاریزم زاراوەیەکی سەدەی بیستە، پێش ساڵەکانی دەیەی 1930 بەگشتی، یان ئەکادیمیانە بە کار نەدەبرا، چونکە دیاردە گشتگیرەکانی ئەم چەمکە تاپێش ئەم قۆناغە ئاوڕێکی وایان لێ نەدراوەتەوە، وەک نمونە لە دائیرەت المعاریفی زانستە کۆمەڵایەتیەکان (35 – 1930) دەروازەی (تۆتالیتاریزم) نەبوو.

یەکەم گەڕانەوە بۆ وشەی (تۆتالیتاریزم)، فەرهەنگی ئینگلیزی ئێکسفۆرد (پاشکۆکانی ساڵی 1933)، کە لە ژمارەی ئۆروێلی ساڵی 1928 ی بڵاوکراوەی کانتمپوراری ریڤیو وەرگیرا: (فاشیزم، وەک رژێمێکی تۆتالیتار نکۆڵی لە رەفتاری خۆی کردووە و بانگەشە دەکات هاوشانی رکابەرەکانی کەڵک لە هەڵبژاردن وەردەگرێت). رۆژنامەی تایمز (لەندەنی) لە نۆڤەمبەری 1929 بەم چەشنە بەردەوام دەبێ: (کاردانەوە دژی حکومەتی پەرلەمانی... بە قازانجی دەوڵەتێکی تۆتالیتار یان تێکرا، چ فاشیست چ کۆمۆنیست). ئەمانە یەکەم بە کارهێنانی ئەم وشانەیە کە لەم فەرهەنگەدا تۆمار کراوون و هەروەک ئەمڕۆش زۆر جار هەروایە، بریتی بوون لە پەیوەندی نێوان تۆتالیتاریزم، فاشیزم، کۆمۆنیزم و حکومەتی تاک حزبی.

## گرفتەکانی پێناسە

ئاشکرابونی ئەم زاراوەیە، سەلمێنەری بۆچوونی ئەو کۆمەڵە توێژەرەی تۆتالیتاریزمە کە بە بەرهەمی بـژاردەی سەدەی بیست و بێ پێشینەی مێژوویی دەزانن. وەک نمونە، کارڵ فریدریچ تۆتالیتاریزم بە (نیشانە)یەک دەزانێت کە شەش تایبەتمەندی تایبەتی پێکەوە بەستراوی هەیە: حزبی جەماوەری تاک کە زۆرتر رابەرێکی کاریزما رێنمایی دەکات، تاکە ئایدۆلۆژی فەرمی، زاڵبونی حزب بە سەر ئابوری، زاڵبونی حزب بە سەر چەکوچۆڵ، پەیوەندی جەماوەری، سیستەمی پۆلیسی تیرۆریستی. بێگومان زۆرجار ئەم تایبەتمەندیانە بەهۆی ئامرازەکانی بەرهەمی تەکنەلۆژیای رایەڵی، هەڵگرتن و گواستنەوەو چەک و تەقەمەنی، بۆ نمونە، «تا ڕادەیەک هەژمونی تەواو لە روانگەی تەکنەلۆژی مەرجدار... بەسەر هەموو شمەکەکانی پەیوەندی جەماوەری کارای وەک چاپەمەنی، رادیۆ، هۆکارەکانی پەیوەندی دیتن و هتد» ئاسان نەبوو، بە هەمانجۆر قۆرخکردنی ئامڕازە کاریگەرەکانی شەڕی سەربازی و کۆنترۆڵی پۆلیسی تیرۆریستیش پشتی بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بەستووە، ئەگەر تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کەڵکەڵەی گەیشتن بە تەواوی داخوازی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بۆ بۆچوونێکی شیاوی نەگۆڕی بوو، ئایدۆلۆژی فەرمی حزبی جەماوەری تاک بە زەحمەت دەیتوانی لەسەر بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەواو و کامڵ جەخت لە (ئیدیعاکانی هەزارەخوازانە)ی خۆی بکاتەوە. لەم روانگەیەوە جیاوازی نێوان شێوەکانی پێشتری حکومەتی رەها، ستەمکار، یان دیکتاتۆری، یان تۆتالیتاریزمی هاوچەرخ، یەکپارچەیی دەسەڵاتی حکومەتی تۆتالیتار بنچینەییە، کارێک کە پێشتر، لانیکەم بۆ کۆمەڵی گەورە، بەبێ ئامڕازە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان دەستەبەر بوون.

ئەم لێڕوانینە پێناسەیە بۆ تۆتالیتاریزم وەک سیستەمێکی حکومەتی بژاردە لە مێژوودا، شیکاری شێوازمەندی سیاسی توشی کێشەی تایبەتی دەکات.

هەموو ئەم تایبەتمەدیە پێکەوە گرێدراوانە دەبێ بە تەنیشت یەکەوەبن تا بتوانن سیستەمێک بە تۆتالیتار بزانن، ئەو کاتە چۆن دەکرێ سیستەمە سیاسیەکان لە لایەکەوە ریزبەندی بکەی کە لایەکی، جۆری ئایدیالی تۆتالیتاریزمە و لاکەی دیکەی، جۆری ئایدیالی لێکدژی، واتا دیموکراسی یاسایی؟ وڵاتانی لە گەشەدا دەکەونە کوێی ئەم لایە کە تەنانەت نەکەوتوونە رەوتی بە پیشەسازی بوونەوە، بەڵام حکومەتەکانیان تۆمەتبارن بە بەکارهێنانی هێزو سەرکوتکردن؟ هەندێک حکومەتی داگیرکەریش کەوتوونەتە بـەردەم تۆمەتێکی واوە. هەرچەند ئەم رژێمانە هەندێک تایبەتمەندی تۆتالیتاریان هەیە، بەڵام ئەم بناغە تەکنەلۆژیەیان نییە، کە دەوترێ بۆ زەمینەسازی دەسەڵاتی تەواو پێویستە.

لە راستیدا، زۆرجار ئەم چەشنە رژێمانە بانگەشە دەکەن کە بۆ بەرەو پێشبردنی نوێسازی تەکنەلۆژی سودیان لە هۆکارەکانی پێشهاتی تۆتالیتاریزم وەردەگرت، ئەگەر ئەم رژێمانە تۆتالیتارن لەو رووەوە نییە، کە بوونەتە پیشەسازی بەڵکو بۆ بە پیشەسازی بوون رووی لە بارودۆخێکی وا کردووە.

لە توێژینەوەکانی ئەم دواییەدا، برینگتۆن مۆر لە هەوڵێکدا بۆ ناساندنی توخمەکانی تۆتالیتار لە کۆمەڵی پێش بە پیشەسازی بوون، خۆی لە کێشەکانی لێڕوانینی پێناسەیی بە دوور گرتووە، بە جەختکرنەوە لە رەهەندی ئاوێنە بە ئەوپەڕی توندوتیژی و سەرکوتکەری تۆتالیتاریزم و مەیلی بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرچی زوتری چالاکی مرۆیی، وەک لە رەگوڕیشەی وشەی واتا (total) دیارە، مۆر جیاوازی کردووە لە نێوان تۆتالیتاریزمی سەنترالٌ و

ناسەنتراڵ، یان (جەماوەری).

لە نمونەکانی پێش بە پیشەسازی بوونی تۆتالیتاریزمی سەنتراڵ باسی پاشایەتی شاکا، سەرۆکی هۆزی زۆلۆ، خانەدانی چین1 و خانەدانی ماوریا2 لە هیند دەکات. شار – دەوڵەتی ژنۆ لە سەردەمی کالوین چەند توخمێکی لە هەر دوو جۆری تۆتالیتاریزمی سەنتراڵ و جەماوەری لە خۆ گرتووە، لە هەردوو پێگەکەدا ئەریستۆکراسی، سیخوڕی و ئاشکراکردن، ترس و تۆقاندن و کۆنترۆڵی هزر بۆ گەیشتن بە تاکە ئامانجێک، بۆ نمونە سەرکەوتن بەسەر دوژمن یان بەگژداچوونەوەی، یان لایەنگری، یان دژایەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەکار دەبران.

جۆن. ئیچ کایۆتسکی بۆ شیکردنەوەی تۆتالیتاریزم و داهاتووی سیاسەت لە وڵاتانی لە گەشەدا جیاوازی دەکات، لە نێوان تۆتالیتاریزمی خانەدانان (ئەریستۆکراسی) و هاوپەیمانانیان بە تۆتالیتاریزمی روناکبیران.

**رژێمە تۆتالیتارەکان**

باشترین رێگە بۆ تێگەیشتن لە تۆتالیتاریزم بەراوردکردنی ئەو رژێمانە و رێژمە ناتۆتالیتارەکانی دژییانە کە ئەم زاراوە لە بارەیانەوە بەکار براوە.

ئەڵمانیای نازی سەردەمی هیتلەر و یەکیەتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین زۆرتر بە نمونەی کامڵی رژێمە تۆتالیتارەکان لە قەڵەم دەدەن؛ چینی کۆمۆنیستیش بەم دواییە چۆتە پاڵییان. هەرچەند بنیتۆ مۆسۆلینی3 یەکەمجار ئەم وشەیەی بۆ حکومەتی فاشیستی خۆی بەکاربرد، بەڵام ئەمڕۆ حکومەتەکەی دوای پێداچوونەوە، لەپێوانە بە ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانی و کۆمۆنیستی روسی زۆرتر بە تۆتالیتاری نازانن، هەروەها ئەم زاراوەیان بۆ رژێمەکانی فاشست، یان دیکتاتۆری وەک رژێمی هۆرتی4 لە ئەڵمانیا،

بیلسۆدسکی5 لە پۆڵەندا، فرانکۆ6 لە ئیسپانیا، سالازار7 لە پورتوگال و پیرۆن8 لە ئەرجەنتین بەکار نەدەبرد. ناکۆکی بیروڕا لەسەر ریزبەندی وردی دەوڵەتی بچوکتری ئەندامی بلۆکی روسیاش هەیە. ئایا ئەڵمانیا، پۆڵەندا، ڤێتنامی باکور، یان کوبا بە راستی تۆتالیتارن، یان راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە بن دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی تۆتالیتاری یەکێتی سۆڤیەت یان چین؟ بێهودەیی ئەم پرسیارە جارێکی دیکە گرفتی خودی بۆچوونی پێناسەیی ئاشکرا دەکات.

کۆمۆنیستەکان زۆرتر هەوڵدەدەن مۆری تۆتالیتار رەتبکەنەوە کە توێژەرەوان، رۆژنامەنوسان و پڕوپاگەندەکەرانی خۆرئاوا لێیان دەدەن. سەرەڕای، هەرگیز کۆمۆنیستەکان هەوڵییان نەداوە کە بە (تۆتالیتار) زانینی نەیارانیان، بە جۆرێک جوابی تەحەی پەحە بێت. کۆمۆنیستەکان نەیارانی خۆیان ناودەنێن (سەرمایەداری)، (ئیمپڕیالیست)، یان (ستەمکار خواز) و سیستەمی حکومەتەکەیان (دیکتاتۆری کەمینەی بۆرژوازی). یەکەم قۆناغی پاش شۆڕشی سۆسیالیستی پێش گەیشتن بە قۆناغی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، بە دیکتاتۆری پڕۆلیتاری دەزانن.

کۆمۆنیستەکان نەک خودی دیکتاتۆری بەڵکو دژی دیکتاتۆری کەمینەن کە پێیانوایە کۆنەپەرست یان دواکەوتووە، بۆ مەسەلەی تێکڕایی دەسەڵات بێدەنگ دەبن. لەم روانگەیەوە هاوشێوەی ئەو نامارکسیستانەن کە جوڵان بەرە و یەکپارچەیی دەسەڵاتی سیاسی بە تایبەتمەندێتی هاوبەشی هەموو کۆمەڵگا پیشەسازیەکان، رەچاو نەکردنی مەرامی ئایدۆلۆژییان دادەنێن.

### تایبەتمەندیەکانی رژێمێکی تۆتالیتار

شرۆڤەی زەقترین تایبەتمەندێتی سێ رژێمی سیاسی گرنگی سەدەی

بیستەم کە بە گشتی بە تۆتالیتار دەدوێنرێن:

(1) پابەندی ئامانجێکی بنچینەیی بێ هاوتا کە بەحەتمی لێکدراوەتەوە، وەک بە پیشەسازی بوون، سەروەری رەگەزی، یان یەکیەتی پرۆلیتاریا هاوکاتێ پابەند نەبوون، بە شێوازەکانی حکومەتی جێگیر؛ (2) پێشبینی نەکراو و ناحەتمی سەرچاوە گرتوو لە هەلومەرجی ناسەقامگیری، کە تێیدا پاڵەوانی دوێنێ خائینی ئەمڕۆ و ئاکاری وەفادارانەی ئەمڕۆ، بە رەفتاری روخێنەری بەیانی لە قەڵەم دەدرێ، (3) زۆر بەکارهێنانی توندوتیژی رێکخراو لەلایەن هێزە سەربازی و میلیشیاکان و پۆلیسی رێکپۆش و نهێنی، (4) خستنەگەڕ یان سەرکوتکردنی رێکخراو و ئەنجومەنەکان کە هاوڕای ئامانجی سەرەکی رژێم نین، (5) هەڵلاوهەنگامەی بەشداری فراوانی خەڵک لە ئۆرگانەکانی حکومەت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بێ هاوتایە، (6) جیهانگر کردنی ئامانجی سەربازی بەهۆی بانگەشەی نۆژەنکردنەوەی جۆری مرۆڤ بەپێی پێناسەیەک کە لێی بە دەستەوە دەدەن.

بە کردەوە پابەندبوونی ئایدۆلۆژی لەم لیستەدا لابراوە، چونکە ئەم تایبەتمەندیە لە رژێمە ناتۆتالیتارەکانیشدا دەبینرێت. وەک نمونە، زۆربەی سۆسیالیستەکان پابەندی ئایدۆلۆژی خۆیانن، بە هەمانجۆر کە نازیەکان و ستالینیەکان پابەندی ئایدۆلۆژیەکەیان بوون. جیاوازیان نەک لە پابەند بوون بە ئایدۆلۆژی بەڵکو لە پێکهاتەی ئایدۆلۆژیەکانە. هەر سێ ئایدۆلۆژیەکە بە درێژایی رۆژگار، هەرچەند رەوتی جیاجیا، گۆڕان و وەرچەرخانیان بەسەردا هاتووە. هەر بەو پێودانگە، لایەنگرانی رێک نەخراوی زۆربەی ئاینەکانیش پیشانی دەدەن کە پابەندی ئایدۆلۆژین. لە جەنگی سارد بەردەوام هەوڵدرا، بە تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئایدۆلۆژی (جیهانی ئازاد)9 رەواجی هەبێ و پێی بەگژ ئایدۆلۆجی روسیادا بچنەوە، بەڵام ئامانجی ئەم هەوڵانە

ڕێسادان و ڕێنمایی پابەندی گشتی بە بەها ئایدۆلۆژیە نوێکانە نەک بەرەوپێشبردنی سەقامگیری تۆتالیتاریزم لە خۆرئاوا. سەرەنجام پابەندی ئایدۆلۆژی بە تایبەتمەندی تۆتالیتاریزم بە زەین ناگات. ئێستا ئەم شەش تایبەتمەندیە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

**جیهانخوازی**

بە جیهانیکردن ئامانجی بنچینەیی و بێ هاوتای ڕژێمی لەسەربنەمای نۆژەنکردنەوەی جۆری مرۆڤ لە شێوەی دڵخوازی خۆی، ڕووی جیاکاری سەرەکی تۆتالیتاریزمە. هەندێجار ڕژێمە نائۆتالیتارەکانش ئامانجێکی لەم چەشنەیان هەیە، بەڵام بەزەین دەگات کە مەیلی بە جیهانی کردن لەم جۆرە ڕژێمانە، وەک لایەنگری جاروباریان بۆ ئایدۆلۆژی، پەیوەندی بە هەلومەرجی ئابوری، کەلتوری و کۆمەڵایەتییەوە هەبووە کە بە زۆری لە هەموو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، یان لە مۆدێرن بووندا دەبنە فەرمانڕەوا. ئامانجی بەرنامەی ودرۆ ویلسۆن لەسەربنەمای (بێخەم کردنی جیهان بۆ دیموکراسی) بۆ زۆربەی خەڵکانی جیهانی خۆرئاوا، شیاو بەزەین دەگات.

پاش جەنگی جیهانی دووەم، هەم ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەم یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها تێکڕای وڵاتانی پیشەسازی مۆدێرن ئەلگۆی جیاوازی نۆژەنکردنەوە، یان بۆ کۆمەڵگای دواکەوتوتر خستۆتەڕوو، کە دەستەبژێرانی ئەم وڵاتانەش پێشوازیان لێکرد. بە پلەی جیاواز، هەم دەسەڵاتەکانی خۆرئاواو هەم بلۆکی سۆڤیەت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئاڵوگۆڕە لە ڕوانگەی ئابوری و هونەرییەوە یارمەتی وڵاتان لە گەشەیاندا. ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت، یەکسەر پاش جەنگی جیهانی دووەم، ڕاستەوخۆ تر هەوڵیاندا وڵاتانی ژێر دەسەڵاتیان وەک خۆیان لێ

بکەن.

هەر چۆنێک بێت، کەمبونەوەی مەودای (جوگرافی نێوان وڵاتان) کە بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و هەڵگرتن و گواستنەوە بوو، وایکرد جیاوازی ئابوری، کەلتوری و کۆمەڵایەتی سەرەکی نێوان رژێمە سیاسیەکان کەم بێتەوە. بەئاگابوون لەم کارە، هەردوو جەمسەری دەسەڵاتی جەنگی سارد خۆیان بۆ ئۆرگانیزەکردنی دیاردەی نوێی چاوەڕوانکراو ئامادە کردووە، واتا بۆ هاوچەشن سازی سرووشتی جۆری مرۆڤ لە سەر بنەمای وێنای خۆیان.

**بەشداری زۆرەملێیی**

بەشداری زۆرەملێیی هەموانی لە رێکخراوە گشتییەکاندا بە تایبەت بە تایبەتمەندێتی تۆتالیتاریزم دانراوە. دەکرێ لە ژمارەی بەشداری هەڵبژاردندا تەماشای روونی ئەم بانگەشەیە بکەی. بەشداری لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازی نزیکەی سەد لە سەدا راگەیەنراوە، لە کاتێکدا لە دیموکراسیە یاساییەکاندا لە 40 تا 80 لە سەدای ئەو کەسانە بەشداریان دەکرد کە مەرجەکانی هەڵبژاردن دەیگرتنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، جیا لە ئاکامە فەرمیەکانی وەک راپرسی، دەبێ دانی پێدابنێین کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی، بەشداری تەواوی دانیشتوان لە پرۆسەی سیاسی، یان لانیکەم لە پرۆسەی (گشتی) نەک هەر ئاسانکاری کردووە، بەڵکو کردوویەتییە حەتمی، لە بنچینەدا فەرق ناکات کە تۆڕەکانی رادیۆ، تەلەفزیۆن، چاپەمەنی بەهۆی دەوڵەت و تاکە حزبێک ببرێن بەرێوە، وەک بارودۆخی یەکێتی سۆڤیەت، یان بە دەست دامەزراوەی تایبەتیەوەبن و بریتیبن لە یاساکانی حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یان تێکەڵەیەک

له هەردووکیان له بەریتانیا، له هەموو کۆمەڵگەکانی مۆدێرن مەیل بەرەو ڕاکێشانی سەرنجی تاکە بۆ بابەتی گشتی و لاوازکردنی مەیدانی تایبەته، هەرچەند یەکێتی سۆڤیەت له ویلایەته یەکگرتووەکان زیاتر لەم ڕووەوە جوڵاوەو ویلایەته یەکگرتووەکان له بەریتانیا زیاتر.

**سەرکوتکردنی ئەنجومەنەکان**

له ڕاستیدا لەبەین بردنی ئـەو ڕێکخراوانەی کە له خزمەت بەرەوپێشبردنی ئامانجی سەرەکی ڕژێم نین، جگە له هەمان هەوڵ شتێک نییە، بۆ هاوئاهەنگ کردنی چالاکی هەموو ڕێکخراوەکان کە بوونیان پێشەنگی سەقامگیری ڕژێم بووە، هەروەها هەوڵ بۆ هاوئاهەنگ کردنی چالاکی هەموو ڕێکخراوەکان، بۆخۆی لایەنێکی بەشداری زۆرەملێیە. هاو ئاهەنگ کردن له سیستەمە یاساییەکاندا، سەرکوتکردن له بنچینەدا له قەیران و پشێویدا بەکار دەبرێت، بەڵام له ئەڵمانیای نازی، ڕوسیەی سەردەمی ستالین، چینی کۆمۆنیست، بـەردەوام سیاسەتێکی وا بەکار دەبرا، هەرچەند له دەوری جیاواز بە پلەی جیاجیاو پەیوەند بە نەبوونی مەترسی ڕێژەیی کە ڕێکخراوەکانی وەک کڵێسا هەستیان پێدەکرد، بەڵام له ویلایەته یەکگرتووەکانیش له سەردەمی شەڕی ساردا هەوڵدەدرا بۆ بە گژداچوونەوەی کۆمۆنیزم سود له ڕێکخراوەکانی وەک کڵێسا، ئەنجومەنە خێرخوازەکان، یانە وەرزشیەکان و ڕێکخراوەکانی گروپی سودمەندی ئابوری وەربگیردرێت. لەم سەردەمەدا ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکان و لایەنگرانیان ڕووبەڕووی سنورداریەتی یاسایی بوونەتەوە.

لەسەردەمی شەڕ، هاوئاهەنگ کردن و سڕینەوە توندتر دەبێ، تەنانەت هەندێجار دیموکراسی یاسایی بۆ دیکتاتۆری یاسا دەگۆڕێ، سەرەڕای

ڕێکخراوە دوورخراوەکان لە هەلومەرجێکی وادا زۆرتر بەپێی ڕواڵەتە بە فەرمی ناسراوەکان قەدەغە دەکرێن، بەڵام هەلومەرجەکان لە ئەڵمانیای نازی بە پێچەوانە بوو. واتا، دوورخستنەوەی ئەنجومەنە تایبەتیەکان بە ڕواڵەتی جیاواز کە پێشتر تێکڕای خەڵک نەیاندەزانی و بەشێوەیەک، بەردەوام داهاتووی ئەم ئەنجومەنانە بۆ ئەندامەکانیان پێشبینیکراو نەبوو. ئەمە دەری دەخات کە ناسەقامگیری ڕواڵەتێک لە هەموو شتێک زیاتر بە تایبەتمەندێتی زەقی تۆتالیتاریزم دادەنرێ کە پێشتر خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

**توندوتیژی**

زۆر بەکارهێنانی توندوتیژی ڕێکخراو، تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەو ڕژێمانەیە کە بە تۆتالیتار دەزانرێن، لە ڕوانگەی سەرۆکەکانی تۆتالیتار، سەپاندنی توندوتیژی سەربازی و پۆلیس لە پێوانەیەکی فراواندا کارێکی پێویستە. بۆیە سود لێوەرگرتنی بۆ گەیشتن بە ئامانجی بنچینەیی ڕژێم ڕێپێدراوە. کەمپەکانی مەرگی نازیەکان و ڕیشەکێش و بنبڕکردنی کەلاکەکان10 لە سەردەمی ستالین شایەتی ئەم کارەن. گەرچی توندوتیژی برینی بوو لە گروپەکانی هاوڵاتی، وەک توندوتیژی دژی جولەکەکان، یان پاشماوەکانی بۆرژوازی لە ئەڵمانیا، بەڵام ڕژێم زوو ئەم گروپانەی وەک دوژمنانی دەرەکی دەناساند. حکومەتە یاساییەکان لە سەردەمی ئاشتیدا ئەوەندە توندوتیژی دژی دانیشتوانی خۆیان بەکارنابەن کە دەوترێت. تەنانەت کاتێک لە سەردەمی شەڕ، دیموکراسیە یاساییەکان جەخت لە پێویستبوونی کەمپ بۆ پاراستنی کەسانێک دەکاتەوە کە بەهۆی ڕەگەز، نەتەوە یان بە هاوڕای دووژمن دەناسێنران، ڕواڵەتە یەکێتیەکان ڕەچاو دەکرێ و توندوتیژی بە زۆری ناسەپێنرێت. کەمپی ژاپۆنیەکانی دانیشتووی

ئەمەریکای سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی و کەمپی ئاوارە ئەڵمانیەکان لە بەریتانیا هەمانکات، لەم کۆمەڵەن.

هەرچەند بەکاربردنی ناوخۆی هەمەگیری توندوتیژی کاری لایەنگری تۆتالیتارە، بە زەین دەگات ئەم کارە کەمتر لە مەیدانی کاری پۆلیس راست بێت، مەیدانێک کە بەزەین دەگات بە ئاشکرا زیاتر پەیوەندی بە نەریتەکانی پێشوتری حکومەتەوە هەبێت تا بە لایەنگری تۆتالیتاری رژێمێکی تایبەت، ئەگەر هەر هێندەی کارەکانی پۆلیس، لەوانە سەرنج لە بەکاربردنی سیخوڕان و پۆلیسی نهێنی بدەین، فەرەنسا و ئەڵمانیا لانی کەم لە سەرەتای سەدەی 19 ببوونە دەوڵەتی پۆلیسی و ئەمڕۆ فەرەنسا شیمانە دەکرێ لە ئەڵمانیا زیاتر دەوڵەتێکی پۆلیسییە، بەڵام کە هیتلەر لە ئەڵمانیا دەسەڵاتی گرتە دەست، گشتاپۆ بووە ئامڕازی تۆقێنەری تیرۆر، کە پێشتر وەک بازووی دەوڵەتی یاسای پروس کاری دەکرد، چونکە بەپێی رواڵەتە زانراوەکان، لەوانە رژێمی لێپرسینەوەی دەسەڵاتی گشتی بەرزتر، کاری نەدەکرد. بۆیە تایبەتمەندیەتی رژێمەکانی تۆتالیتار زیاتر شێوازوشێوەی کاری پۆلیسییە تا مەیدانی کارەکانیان.

بە پێچەوانەی هەوڵێک بووە بۆ پەیوەندی نێوان شێوەی توندوتیژی ناوخۆ بە دەرەوە، رووی جیاوازی تۆتالیتاریزم (لە رژێمەکانی تر)، توندوتیژی دەرەوە کەمترە لە توندوتیژی ناوخۆ. حکومەتە تۆتالیتارو ناتۆتالیتارەکان، لە پەیوەندی دەرەوەیان سود لە شێوەکانی سەپاندنی گوشاری هاوشێوە وەردەگرن، چونکە هەردووکیان لەگەڵ پێگەکانی تەکنەلۆژیایی هاوشێوە کاردەکەن، بە گشتی چاوەڕوانی بەگژداچوونەوەی یەکترن.

هەوڵی خۆرئاوا لە سەر بنەمای لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیەکەی نمونەیەکی ئەم شێوە هاوشێوەیە کە درووشمەکەی (روبەڕوبوونەوەی ئاگرە

به ئاگر). بیرمان نەچێت یەکەمجار ویلایەتە یەککگرتووەکان دژی یابان هێزی ئێکدەری بۆمبی ئەتۆمی بەکارهێناو لە جەنگی سارد، سەرۆکانی ئەمریکاو روسیا وەک یەک بانگەشەیان دەکرد، ئامادەن دژی یەکتری بۆمبی هایدرۆجینی بەکاربێنن، هەرچەند هیچیان هێندەی کۆمۆنیستە چینیەکان بە خوێن ساردیەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەگەری جەنگی ئەتۆمی نەکردووە.

دەنگۆ، پیرۆزکردن یان بە کردەوە بە کاربردنی توندوتیژی زۆر دژی دوژمنانی دەرەکی، گرژی دژی بە کارهێنانی دەروونیان کەم دەکاتەوە. کاتێک ملیۆنان مرۆڤ، لەوانە هاوڵاتیانی وڵاتێک، کوژراو یان لە ئۆردوگای دیلەکانی شەڕی دەرەکی لە شەڕدا دەگیرێن.

کوشتن، یان گرتن، یان بێگاری پێکردن لە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێیی11 چەند بەشێکی کۆمەڵگا بۆ خۆی هەیبەتی نامێنێت. کاتێک مردنی سەدان ملیۆن مرۆڤ بە کۆتایی هاتنی تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی وەک دەرەنجامی شەڕێکی ناوکی ئەگەرێکی واقیعخوازانەبێ کە دەوترێ بەرنامە دانەرانی حکومەتێک لە خەیاڵی پاراستنی کەسانێکدان کە دوای چین بۆ دەستپێکردنەوەی نەوەی کۆمەڵگای گونجاو دەبێتە وەیشومە، دەکرێ بەکارهێنانی توندوتیژی ناوخۆی هەمەگیر لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم ئاسانتر پەسەند بکرێت. کەوابوو، بەزەین دەگات پەیوەندی ئاشکرای نێوان چۆنایەتی و چەندایەتی توندوتیژی نێودەوڵەتی و مەیلی زۆرتر بۆ تۆتالیتاریزم هەیە. رژێمە تۆتالیتارەکان و ناتۆتالیتارەکان بەیەکسان کەوتوونەتە بەردەم توندوتیژی نێودەوڵەتی زۆرو بە زەبرەوە، بە کارهێنانی توندوتیژی رێکخراو لە پێوەرێکی فراواندا بە ئاسەوارەکانی بۆ سیاسەتی ناوخۆ تایبەتمەندیەکە کەمتر پێشبینی نەکراوی بەرەنجامی ناجێگیری لە رواڵەتدا، تایبەتمەندی تۆتالیتارە.

**پێشبینی نەکراو**

پێشبینی نەکراو ناحەتمیەتی ڕێسای ژیانی کەسانی ئاسایی، هەروەها ئەندامانی چینی نزم و چینی باڵای حزبی بندەسەڵاتی هیتلەر و ستالین بوو. هیتلەر قەت زەحمەتی هەڵوەشانەوە، یان جێگرەوەی یاسای وایماری نەدایە بەرخۆی، بەڵام بە یاسایەک بووە سەرۆک وەزیران، واتە یاسایەک کە ئەنجومەنی فیدراڵی ئەڵمانیا لە مارسی 1933 پەسندی کرد، ئەو ئەگەرەی بۆ رەخساند کە لە ژێر پەردەی یاسایەک، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دەستوردا بکات. هیتلەر بۆخۆی بووە باڵاترین یاسادانەر؛ ئیرادەی (یاسا) بوو تا فەرمانڕەوای ئەڵمانیا، زەینی مادە یاساییەکانی دابین دەکرد. هەرکە بڕیارو ویستی دەگـۆڕا؛ دەیتوانی نەک کادری جێبەجێکار، بەڵکو بنچینەترین دامەزراوەی حزب و دەوڵەتیش بگۆڕێت.

ستالینیش لە ساڵی 1936 دەستورێکی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دانا کە بە ناوی خۆیەوە ناسرا، بەڵام هەرگیز رێی نەدا ئەم دەستورە بکرێتە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسی. ستالین نەک هەر بەردەوام ئەو دامەزراوانەی دەگۆڕی کە بۆخۆی دایمەزراندبوون و لە نوێ دروستی دەکردنەوە، بەڵکو شرۆڤەی مارکسیزم - لینینزم - ستالینزمی لە بارودۆخێکی وا ناجێگیردا دەهێشتەوە کە لە ژێر هەیمەنەی خودی خۆی دابێت. بە زەین دەگات ماوتسی تۆنگیش لە چینی کۆمۆنیست سەرۆکایەتی رواڵەتی هاوشێوەی کردبێت، وەک نمونە یەکەم ئامۆژگاری (با سەد گوڵ بپشکوێ و سەد قوتابخانەی هزری دەربېڕدرێت)ی کردە دەنگۆ، پاشان هەڵی وەشاندەوە.

لە هیچکام لەم بابەتانەدا نە رێساو رواڵەت ناسراوەو رێکخراوێک بۆ گۆڕانکاری کاریگەر هەبووە، نە هۆکارێک کە تاکەکان بتوانن بەهۆیەوە پێشبینی بکەن ئایا دامەزراوەکان، یان رێبازەکان دەگۆڕێن یان نا؟ لە کاتی

گۆڕان، زەمەنەکەی کەیە؟ ستالین بەوپەڕی شارەزاییی لەم مسۆگەر نەبوونە، بە خراپ سودی لەو دەسکەوت و زەونکردنە وەردەگـرت، بۆ نمونە هەندێجار بە رواڵەت هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی چەپخوازانەی دەگرت و بەم کارە ئەوانی تری دەخستە دڵەڕاوکێوە کە لاسایی سەرۆک بکەنەوە، پاشان بە ئاشکرا لە هەڵوێستی راستخوازانە نزیک دەبۆوە و بەم کارە لایەنگرانی پێشوی لە روانگەی ئایدۆلۆژیەوە پاکتاو دەکرد. هەستی مسۆگەر نەبوونی سەرچاوەگرتوو لە تەگبیرێکی لەم چەشنەی دروستکردنی فەزای تیرۆر زۆر لە سود وەرگرتنی ناوخۆی بەرفراوانی توندوتیژی رێکخراو کاریگەرترە، کە پەیوەندی نزیکی بە تۆتالیتاریزمەوە هەیە.

رەها نەبوون لەوانە بەم مانایە بوو کە قوربانیەکان (پاکتاوکراو) رەنگبو نەزانن بۆ لە ناودەچن و لەوە گرنگتر، ئەوکەسانە هیچ ئامرازێکی شیاویان بۆ ئەنجامدانی کارێکی وانەبوو کە دەیانویست قوربانی (پاکتاوکردنی) داهاتوو نەبن. نەدەیانتوانی بەدوورکەوتنەوە لە سیاسەت، لە تەنگانەی رەها نەبوون رزگاریان بێت، چونکە بەشداری بە زۆرە ملێیی بوو بە چوونە ریزەکانی حزبەوە رزگاریان نەدەبوو، چونکە بڕیاری گوێڕایەڵی و پابەندی کوێرانەیان بە سەردا درابوو. دەکرێ گۆڕینی بەردەوامی سەرۆکی پۆلیسی نهێنی بە نمونەیەکی ئەم پرۆسەیە بزانی. بارودۆخ لە حکومەتە پۆلیسیە ناتۆتالیتارەکان بە پێچەوانەوەیە. واتە سەرۆکی پۆلیسی نهێنی، بۆ چەند دەیەیەک لە پۆستەکەیدا دەمایەوە.

راستە کە پێشبینی نەکراو و رەها نەبوون گرنگترین تایبەتمەندیەکانی تۆتالیتاریزمن کە تا ئێرە باسیانکرد، بەڵام هاوکات ئەم دوو تایبەتمەندیە لەو تایبەتمەندیانەن کە دەکرێ ئاسانتر لە تێکڕای تایبەتمەندیەکانی تۆتالیتاریزم هەموار یان تەنانەت دووریان بخەیەوە. بەومانایە بە زەین دەگات رژێمە

ناتۆتالیتارەکانیش هەندێک لەم تایبەتمەندیانە هەڵدەگرن، بەڵام رژێمە تۆتالیتارەکان بە پێشینەی لە مێژینە تایبەتمەندێتی پێشبینی نەکراو دەخەنەلاوە و بە ئاڕاستەی رێبازی یاساییتر دەجوڵێنن، بۆ نمونە رژێمی یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی دوای ستالین جەختی لە (یاسایی بوونی سۆسیالیزم) کردەوە و هەندێک لێکۆڵیاری کاروباری سۆڤیەت ئاماژە بە سەرهەڵدانی گروپی کۆمەڵایەتی جیاوازتری وەک حزب، بۆرۆکراسی، سوپا، بەڕێوەبردن و هاوشێوەیان دەکەن کە هەوڵدەدرێ رێسای دەروون و پەیوەندییان پێکەوە رواڵەتی جێگیری هەبێت. ئەم کارە وەک ئاکامی پێداویستی واتایی بۆ لێوەشاوەیی هەر رژێمێکی پیشەسازی مۆدێرن لێکدراوەتەوە.

رەنگە رەها نەبوون ترس لە سەرکوت، زۆربوونی بەرهەم هێنانی لێبکەوێتەوە، بەڵام بە گەڕانەوەی سەردەمی کەمبوونەوەی بەرهەم هێنان، رەنگە ناحەتمی بوون لە کاردا بە بەرنامە بۆ گەیشتن بە تاکە ئامانجی بنچینەیی بەشداری بکات و لە تێکڕا، شایستەیی سەرۆکی بۆ بە کاربردنی زاڵبوونی یەکجارەکی کەم بێتەوە.

**ئامانجێک**

شوێنکەوتنی بێویژدانانەی تاکە ئامانجێک کە بە حەتمی لێکدراوەتەوە، زەقترین رووی هاوبەشی رژێمە تۆتالیتارەکانە. رژێمە نا تۆتالیتارەکانیش ئامانجێک بۆخۆیان دیاری دەکەن، یان باوەڕییان بە زۆرکردنی ئامانجە، وەک لە دیباچەی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هاتووە، یان جەخت لەسەر ئامانجی رواڵەتی وەک رواڵەتی یەکلاکردنەوەی لێکدژەکان دەکەنەوە، یان سەرەنجام بە نەرێنی ئامانجەکەیان دیاری دەکەن نەک ئەرێنی، وەک بەرگرتن لە دەسەڵاتی دەرەکی. دەکرێ ئاوڕدانەوەی نا ئاسایی بۆ ئامانجە

رواڵەتیەکان ئاسایی بوونی ئەریستۆکراسی، یان پەرلەمانی لێ بکەوێتەوە؛ کاتێک گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی بە پەنابردنەبەر رواڵەتی پەرلەمانی و بێگوێدانە هیچ قازانجێک، تەواو دژایەتی گەلاڵەی دەوڵەت دەکات، بەڵام ئەم کارە لە مانای ئاساییدا، نابێتە تۆتالیتاریزم.

لەلاکەی تر، شوێنکەوتنی بێویژدانانەی بەردەوامی ئامانجێکی بنچینەیی رەهای وەک دەسەڵات رەگەزی، دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا یان بە پیشەسازی بوونی خێرای ئابوریەکی دواکەوتوو، بێ ئاوڕدانەوە لە هەموو ئامانجێکی شیاوی تر، تایبەتمەندی تۆتالیتاریزمە. هەموو سەرچاوەکانی ئەم رژێمە بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجێکی گەورەی بێ بەزەییانە تەیار دەکرێن. ئایدۆلۆژی دادەتاشرێ تا تێکڕای راستی بە گەڕانەوە بۆ ئەم ئامانجە و کۆسپەکانی بەردەمی ئاشکرا بکات. هەمو کارێکی کاریگەر بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپی هەبوودا، ئەنجام دەدرێت.

هەمان کۆسپی بەردەم دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەیە بڕیاری لێدراوە و لادەبرێت، لە ئەنجامدا هیچ رواڵەتێک بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی بۆچوونەکان ئاراستە ناکرێت. هەموو ناکۆکی بۆچوونەکانی ناخی رژێم بە ناپەسند لە قەڵەم دەدرێت، بەم شێوەیە سیاسەتی ناوخۆ دەگاتە بنبەست، بەڵام کە کێشەی بنچینەیی تازەی پێشبینی نەکراو سەرهەڵبدەن، بەهەمان جۆر کە سەرەنجام بەناچاری لە ناوەندی مۆدێرن و بەردەوام لە گۆڕاندا دەردەکەوون، رواڵەتی گونجاو بۆخستنەلاوەی کێشەکان و چارەسەری ناکۆکی بۆچوونەکان نابێت. دەستەبژێرانیش وەک خەڵکی ئاسایی، ئەزمون و پابەندی رواڵەتێکی بەم چەشنە شایانی راپەڕاندنیان نییە، بۆیە ناشێت سەرۆکێکیش قبوڵی بێ بەسەر ئامانجی بنچینەییدا زاڵبێت، چونکە شوێنکەوتنی ئەم ئامانجە تاکە هۆی بوونی ئەو رژێمەیە.

زیگمۆند نیومان بە دروستی تۆتالیتاریزم بە (شۆڕشی هەمیشەیی) دەزانێت، چونکە پرۆسەی بنەمایی هاوتای سیاسی لە تۆتالیتاریزمدا لە ناجێگیری هەمیشەیی دایە. لە پێگەی پێوانە، زەقترین لایەنی رژێمەکانی قانون مەدارە کە سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان بە هاوڕێژەیی رەچاوکردنی رواڵەتەکان پێکدێن و پابەندی سەرۆکەکانی ناوی بە رەچاوکردنی رواڵەتەکان بـەردەوام زیاد دەکات. ئەم سەرۆکانە زیاتر بەوئاقارە هەڵدەکشێن کە رەچاوی رێسابازی سیاسی دەکەن تا رەخساندنی مەیدانی پێشکەوتنی ئابوری، کەلتوری یان کۆمەڵایەتی پارێزەرانی گەیشتبنە دەسەڵات. لە ئەنجامدا، دیمکراسیە یاساییەکان لە هەموان زیاتر لە تۆتالیتاریزم زەرەرمەندن، ئەو دیموکراسیانەن کە گەیشتن بە ئاستی باڵای سەرۆکایەتی لەسەر پێشکەوتنێکی بنچینەیی، وەک شانازی سەربازی، یارمەتیە کە لتوریەکان بۆ گروپێکی نەتەوەیی و سامانێکی زۆر دەوەستێنەوە. ئەڵمانیاو فەرەنسا گریمانەی دووەم پیشان دەدەن؛ بەریتانیای گەورە و ویلایەتە یەکگرتووەکان گریمانەی یەکەم دەردەخەن.

**سەرچاوەو هۆکارەکان**

لێکدانەوە ئاڕاستەکراوەکانی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم لە پەیوەند بە بۆچوونەکان لەم دیاردەیە جیایە. ئەم کۆمەڵە لێکدانەوانە ئاڵۆزی کۆمەڵگای مۆدێرن و لەوە گرنگتر ئابووری مۆدێرنیان لەبەرچاوە کە جەخت لە دەسەڵاتی بـەردەوام دەکەنەوە. زۆرجـار سۆسیالیزم بە تۆتالیتاریزم دەبەستنەوە، بۆ نمونە ئاماژە بە بوونی وشەی سۆسیالیزمی ناونیشانی پارتی کرێکارانی ئەڵمانیای ناسیۆنال سۆسیالیستی هیتلەر دەکەن، هەروەها جەخت لە شایستەیی تۆتالیتار بوونی (سۆسیالیزمی هێواش) دەکەنەوە، کە دەوترێ

لەودیوو سیاسەتی خۆشگوزەرانی دەوڵەتە ناتۆتالیتارەکان بە ئابوری تێکەڵاو داپۆشراوە. رەنگە ئەم لێکدانەوەیە تەبای تایبەتمەندی تۆتالیتاری قوڵبونەوەی ئابوری و ئەریستۆکراسی بوون بێت، بەڵام ناتوانێ تایبەتمەندیەتی کەموزۆر ناتۆتالیتاری رژێمە خۆشگوزەرانەکانی سۆسیالیستی وەک رژێمەکانی بەریتانیای حکومەتی پارتی کرێکاران، هیندی سەردەمی پارتی کۆنگرە، دانیمارک، سوید، وڵاتانی ئەفەریقای نوێی پابەندی (سۆسیالیزمی ئەفەریقی) شرۆڤە بکات.

جۆری دووەمی لێکدانەوە، تۆتالیتاریزم بە سەرهەڵدانی جەماوەری بە بەشداری سیاسی و کۆستی سەربازی و ئابوری گەورەی سەدەی بیست دەبەستێتەوە. ئەم کۆستە، وەفاداریە باوەکەی لەرزۆک دەکا کە جەماوەر هەیانبوو لەگەڵی و لاوازکردنی رێکخراوە ناحکومیەکانی جەماوەری جیاکردۆتەوە و دەیانکاتە پارووی ئاسانی دەستبرو فێڵبازی تۆتالیتار.

لایەنگرانی ئەم تیۆرە زۆرتر جەخت لە تایبەتمەندیەکانی بەشداری زۆرەملێیی و سیاسەتی سڕینەوەی رێکخراوە نا حکومیەکان دەکەنەوە. بەزەین دەگات تایبەتمەندی تۆتالیتار پشتی بەم چەشنە لێکدانەوەیە ئەستور بێت، بەڵام ئەم شرۆڤانە لە روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە دادەمێنن کە بۆچی تۆتالیتاریزم لە کۆمەڵگای وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان نایەتەکایەوە، کە دامەزراوەو جەماوەر لە هەمان بارودۆخدان.

کۆمەڵی دووەمی شرۆڤەکان، لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەی سیاسیدا بۆ چاوگی تۆتالیتاریزم دەگەڕێت. وەک نمونە بە دەرەنجامی لۆژیکی تیۆرەکانی حکومەتی زۆرینە یان بەرهەمی دواگەشەکردنی چەکی ئیرادەی گشتی رۆسۆ دەزانێت.

مارکسیزم پەیوەندی بەهەردوو ڕێبازەوە هەیەو ئایدۆلۆژیەکانی سیمبولی تۆتالیتاریزم جیاواز، یان سەلماندن پەیوەندیان بە مارکسیزمەوەیە. باری قورسی تاوان بەشانی مارکسیزمدا دەدرێت، بەڵام لێکدانەوەی بەم چەشنە لە دەرخستنی کاریگەری سەربەخۆی فەلسەفەکان زێدەڕۆیی دەکەن و فرەیی ئایدۆلۆژی تۆتالیتاریزم لە راستیدا جیهانی مۆدێرن لە بەرچاو ناگرن، چونکە وڵاتانی زمان ئینگلیزی وەک میراتگرانی لایەنگری مۆدێرنی زۆرینەخوازی لیبراڵ و وڵاتانی زمان فەرەنسی وەک میراتگرانی رۆسۆ نەبوونە تۆتالیتار؟ ئەگەر هەموو ئەم رژێمانە بەرەو ئێرە تاودەدرێن، نابێ ئەنجامگیری بکرێ کە چەمکی تۆتالیتاریزم لانی کەم روونی ماناکەی دەشێوێ و پێویستی ئامرازە بە سودەکانی پێوانەو شیکارە؟

چوارەم تیۆر، لە بە گژداچوونەوەی جولەکە و ئیمپریالیزمی رەگەزی، بەتایبەت لە ئەفریقای باشوور، بۆ چاوگی تۆتالیتاریزم دەگەڕێت. ئەم تیۆرە جەخت لە پێشبینی نەکراوی رژێمەکانی ئەڵمانیای نازی و سۆڤیەت و لە دەوری نهێنیکاری و پۆلیسی نهێنی دەکاتەوە و پیشانی دەدا کە دیکتاتۆرەکان نەک شوێنکەوتەی قازانجی ئامانجی دیاریکراویانن، بەڵکو بە حەزکردن بۆ سڕینەوەی شایستەیی دیاریکردنی واقعیەت لە رواڵەتبازی و وازانین و قەناعەتپێکردنی مرۆڤ لە زۆربوونی بوونەوەری مرۆڤایەتی دەورووژێنرێن.

ئەم راڤەکاریە، بەو گریمانەیە ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو ناگرێت، کە دیکتاتۆرەکان حەزدەکەن دەرەنجامێک بێننەدی کە بە بەرهەمی حکومەتەکەیان بزانێ، رەنگە فەرمانڕەوایانی تۆتالیتار ببنە قوربانی ناجێگیریەک کە بۆخۆیان بەدیان هێناوە. ئەم شرۆڤەیەی سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم ناتوانێ سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم لە هەندێک وڵات، وەک ئەڵمانیاو روسیە نەبوونی لە وڵاتانی دیکەی وەک بەریتانیاو فەرەنسەو ئیتالیا ئاڕاستە بکات.

ئەم شرۆڤە ناتەواوانە دەری دەخات، کە گەورەترین کێشەی راڤەی مەسەلەی تۆتالیتاریزم سودمەندبوونی چەمکەکە بۆخۆیەتی. دوو رژێم وەک مەسەلەی سەرەکی لە بارەی تۆتالیتاریزم بە کاربراون ئەڵمانیای سەردەمی هیتلەرو یەکێتی سۆڤیەتی سەردەمی ستالین، لە مەیدانێک لێکجیان کە لە روانگەی لێکۆڵیاری ئەم چەمکە بەگرنگ دادەنرێن، لە زۆربەی لایەنە گرنگەکانی دیکە، هەر یەکێکیان هاوشێوەی رژێمە ناتۆتالیتارەکان بوون و ئەم رەخنەیە، ئاوڕ لە چینی کۆمۆنیست ناداتەوە، کە گونجاندنی لەم گوتەزایەدا زیاتر سەرچاوەکەی ماهیەتی ناڕوونی چەمکی (تۆتالیتاریزم)ە. ئەم زاراوەیە یەکەمجار بەهۆی بانگەشەی دژە نازی لەجەنگی جیهانی دووەم بووە باو، پاشان لە جەنگی سارد بووە دروشمی دژە کۆمۆنیستی. سودمەندی ئەم چەمکە بۆ شرۆڤەو هەڵسەنگاندنی ناسنامە سیاسیەکانی کەوتۆتە ژێر رۆشنایی سودمەندبوونی بۆ مەبەستی بانگەشەیی.

بە بایەخدان بەوەی زانستی کۆمەڵایەتی چەمکی ورد بۆ هەڵسەنگاندن دادەهێنێت، هەروەها بەسەرنجدان بەوەی کە سیستەمە سیاسیەکانی لە گەشەدا بەم دەرەنجامە گەیشتوون کە داهێنانی رێبازی نوێ رەنگە پێویستیان بە پەیڕەوی کوێرانەی ئەلگۆکانی ستەمکارانەتر بخاتەلاوەو سەرەنجام خۆشبەختانە جیاوازی بەرچاو لەنێوان هەردوو لای سەرەکی جەنگی سارد کاڵتر دەبێتەوە، رەنگە بە کاربردنی وشەی (تۆتالیتاریزم)یش کەمتر دوبارە بێتەوە، ئەگەر ئەم چاوەڕوانیانە بەدی بێن، ئەوکاتە دائیرەتوالمعاریفی سێیەمی زانستی کۆمەڵایەتی، وەک بابەتی یەکەم، چەمکی (تۆتالیتاریزم) ی تێدا نابێت.

# بەشی دووەم
# دیموکراسی تۆتالیتار و دیموکراسی لیبڕاڵ
# دوو جۆر سیستەمی سیاسی مۆدێرن

**جێفری پراجەر**

خۆشەویست بوونی دیموکراسی، لە سەدەی نۆزدە تا ئەم کاتە پەلوپۆی هاویشتووە، لە ئێستادا رەنگە هیچ چەمکێکی سیاسی تر نەبێ بە قەدەر ئەم چەمکە ئەندامانی کۆمەڵگای جیهانی داکۆکییان لێکردبێت. بەهەمان جۆر کە راینهارد بندێکس لە کتێبی پادشا یان خەڵک؟ دەڵێ هزری فەرمانڕەوایەتی خەڵک، رەنگە شێوازی مۆدێرنی یەکەمجاری لە سەدەی شازدە دەرکەوتبێ، وەک بنەمای رەوای رژێمە سیاسیەکان جێی یاسای خوای گرتۆتەوە. تاڕادەیەک هەموو رژێمە سیاسیە مۆدێرنەکان جەخت لەم مەسەلەیە دەکەنەوە کە دەسەڵاتی کۆتایی بە دەست خەڵکەوەیەو هەوڵدەدەن بە رێی جیاجیا سەقامگیری بکەن و باوەڕ دەکەن کە دەستەبژێرانی سیاسی خزمەتکاری ئیرادەی گشتین، بەڵام ناکرێ شێوەی جیاجیای ستایشکردنی ئەم دەستکەوتە مۆدێرنانە بە ئاشکرا دەرکەوێ کە کۆمەڵانی خەڵک و دەستەبژێران بە گرێبەستێکی یاسایی یەکسان بەرتەسک دەکرێنەوە، کە فەرمانڕەوایی خەڵکی جیهان سەقامگیر دەکات.

بەڵگەی بەرچاوە کە بۆچی تیۆری هاوچەرخی دیموکراسی نەیتوانیووە

به سەر درزی نێوان دیموکراسی (لیبڕاڵ)، وەک دیموکراسی ئەوروپای خۆرئاوا ویلایەتە یەکگرتووەکان و دیموکراسی (تۆتالیتار)، وەک ڕژێمە سیاسیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری خەڵکی چین سەرکەوێت.

یەک نەریتی کلاسیک هزری کۆمەڵایەتی مۆدێرن، وەک بەرهەمەکانی تۆکویل، مارکس، ڤیبێر، دورکیم و تی. ئێچ. مارشاڵ – دیموکراسی لە پەیوەند بە شێوازە مێژووییەکانی پێشتری ئۆتۆکراسی (دەسەڵاتی ڕەها) و پلوتۆکراسی (فەرمانڕەوایی دەوڵەمەندان) – پێناسە دەکەن. هەرچەند بە دروستی ئاگایان لە پچڕانی بنەمای دیموکراسی ڕژێمە سیاسیەکانی پێشووە، بەڵام بە پارچەو بەشێکی هەمان پچڕانی نەریتی خۆرئاوا سەرهەڵدانی ڕژێمی نوێی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری دەزانن. دەیانەوێ بە ئامڕازەکانی شرۆڤەی جیاواز (مۆدێرن) بوونی دیموکراسی روون بکەنەوە، کۆکن لەسەر تایبەتمەندیەتی شۆڕشی دیموکراسی.

ئەم تیۆرداڕێژانە بە پەسەندکردنی کە ئاکارو سروشتی شۆڕشگێڕی دەسەڵاتی گشتی ڕوو لە هەڵکشانە، تێگەیشتن کە بۆ وەڵامدانەوەی ئیرادەی گشتی، ڕێکخستن کارێکی پێویستە. تەنانەت زۆربەیان سەرنجیان بۆ ترسناکیەک تەرخانکرد کە لە ئەنجامدا حکومەتی زۆرینەو داواکاری نوێی سەپێنراو بەسەر سەرۆک لە دەسەڵات بۆ ئەو سیستەمە سیاسیە دێتە دی. جەی. ئێڵ. تالمۆن لەیەکەم لاپەڕەی کتێبەکەی سەرهەڵدانی دیموکراسی تۆتالیتار، پێشبینی تۆکویل لەمەڕ مەترسی دیموکراسی لیبراڵ دەگوازێتەوە. تۆکویل دەنوسێت:

بەم شێوەیە، باوەڕم وایە جۆرەها ترس و چەند مەسەلەیەک لەوشتانە جیاوازە کە هەڕەشە لە میللەتانی دیموکراسی دەکا کە پێشتر لە جیهاندا هەبووبێ؛ هاوسەردەمانمان شتی لەوجۆرەیان لە بیر نییە، بێهودە بە دوای

دەستەواژەیەکدا دەگەڕێم کە ڕێک چەمکی ناوبراو پێچەوانە بکاتەوە؛ وشە کۆنەکانی ستەمکارو زۆرەملێیی بۆ ئەم کارە گونجاو نین، ئەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا نوێیە، چونکە ناتوانم ناوی بنێم دەبێت هەوڵبدەم پێناسەی بکەم.

هەرچەند ڕەوتی هەموان بوونی دیموکراسی ڕێی بۆ دیموکراسی لیبراڵی هاوچەرخ تەخنکرد، هاوکات وەک تۆکویل تێی گەیشتبوو، بەڵام بۆی شیکاری نەکرا پێگەی پێویستی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی تۆتالیتاریزمیش خۆشکرد. ڕەوایەتی دیموکراسی ئەگەری بەشداری خەڵک لە سەرکوتکردنی سیاسی ڕەخساند.

هانا ئارێنێت دەنوسێت: (بۆیە زۆر قەناعەتپێکەرە و تەنانەت دەکرێ لە قەڵەمڕەوی دەرفەتی زانستی سیاسی، وێنا بکرێت کە ڕۆژێک مرۆڤایەتی میکانیزە بـووەو ڕێکخراو بە دیموکراسی، واتە بە بڕیاری زۆرینە بەم دەرەنجامە بگات، کە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی باشترە لە شەڕی بەشە تایبەتیەکانی نەجاتی بێت.) نابێ بۆ لاوازی شێوەبەندی کلاسیکی تایبەتمەندیەتی سیستەمە دیموکراسیەکان لە ئاشکراکردنی دۆخی تۆتالیتاری دیموکراسی بپرسرێتەوە، بەم حاڵەش بۆ تێگەیشتن لە ئەلگۆی دیموکراسی جێگرەوە، کارا نین.

ئەم (لاوازی) تیۆریکی بۆ پێشبینی تۆتالیتاریزم، تا ئاستێک ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی تیۆرداڕێژانی تۆتالیتاریزم، وەک ئارێنێت، نۆیمان، فریدریچ و بریجنسکی و ئەوانی دی، بۆ لێکدانەوەی نازیزم و ستالینیزم بەگشتی سود لە میتۆدی ئاکام شرۆڤەیی وەردەگرن. تالمۆن دەڵێت: (دیموکراسی تۆتالیتاری مۆدێرن دیکتاتۆریە پشتی بە گوڕوتین و هەستیاری خەڵک بەستووە، کەوایە لە دەسەڵاتی ڕەها جیاوازە کە پادشا، یان ستەمکارێکی زەوتکەر دەیسەپێنێت.)، یان بە هەمانجۆر کە هێربێرت سپیرۆ دەنوسێت:

(جیاوازی بنەڕەتی نێوان شێوە سەرەتاییەکانی حکومەتی رەها، زۆرەملێیی یان دیکتاتۆری بە تۆتالیتاریزمی هاوچەرخ لە کۆنترۆڵکردن و چاودێری تۆتالیتاریزم بەسەر هەموو مەیدانەکانی کۆمەڵگا دایە، کە پێشتر لانی کەم لە کۆمەڵگا گەورەکاندا، بەبێ ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن شیاو نەبوو.) ئەم قسەگەل و بابەتەکانی دیکە جەخت لە مۆدێرن بوونی تۆتالیتاریزم دەکەنەوە. گەرچی بە شێوەی ئاماژەگەرانە ئاماژە بە تاکە رووی هارمۆنی تۆتالیتاریزم، رەوایەتی دیموکراسی کرابێت.

دژواری تێگەیشتنی خۆپیشاندان و تایبەتمەندێتی دیموکراسی مۆدێرن لە ئەنجامی کێشمەکێشی ئایدۆلۆژی خۆر هەڵات و خۆراوا ئاڵۆزتر بووە. تێکەڵاوی دامەزراوەکان بە جەوهەری سیاسەتی تۆتالیتاریزم دەزانن کە نەبوونی هەڵبژاردنی ئازادو بوونی سیستەمی تاک حزبی، تایبەتمەندی تەوەریەتی. فرانس نۆیمان دەڵێت: (یەکەم جیاوازی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆری بریتییە لە بێ سنوری دەسەڵاتی سیاسی دیکتاتۆری و چوارچێوە خۆ ویستەکان کە دیموکراسی بە سەر دەسەڵاتی خۆیدا قبوڵی دەکات؛ کە ئەم و تەنیا هەر ئەو مانای فەرمانڕەوایەتی مافەکانی مرۆڤە.)

یەک، چونکە تۆتالیتاریزم چ بە شێوەی فاشیستی و چ کۆمۆنیستی - قەت باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ نییە، پێشگریمانەی پرسیار وروژێنەرە.

حکومەتی تۆتالیتار شرۆڤەی لیبراڵ بۆ مافەکان رەتدەکاتەوەو پشتی بە پەسەندکردنی رەشۆکیانەی تێگەیشتنی بەدیلی پڕۆژەی مۆدێرن ئەستورە. سەرباری فەرمانڕەوایەتی سیاسی لە سەردەمی دیموکراسیدا پشتی بە پشتگیری خەڵک ئەستوورە و کۆتوبەند نەبوونی دەسەڵات، روونکردنەوەی پێویست بۆ هاتنەدی کۆدەنگی نێوان کەسانێک نییە، کە حکومەتی تۆتالیتار فەرمانڕەوایانە.

ڕەنگە تیرۆرو سەپاندنی دەسەڵات لە بەراییدا هاوکاری کۆدەنگی بێنێنەدی، بەڵام هەرکە کۆدەنگی بووە بڕیاردەر، لە سیستەمی سیاسیدا دەوری کاریگەری خۆی دەبینێت. سەرنجدان لە بەردەوامی و پتەوی ڕژێمە کۆمۆنیستەکان، تەنانەت کێشکردنی شێوەکانی تۆتالیتاری حکومەت بۆ میللەتانی دەرەوەی بلۆکی خۆرئاواو خۆرهەڵات، جیاوازی کردن لە نێوان (دەوڵەت لە سەربنەمای دەسەڵات) تۆتالیتاریزم و سیستەمی بونیادنراو لەسەر هاوڕایی دیموکراسی لیبڕاڵ، ڕوونکردنەوەی پێویست نادات بە دەستەوە.

بەڵگەی سێیەمیش هەیە کە بۆتە کۆسپی تێگەیشتنی جیاوازی جەوهەری نێوان دوو کاردانەوەی سیاسی بەرچاو بۆ دنیای مۆدێرن. شرۆڤەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم دەربارەی تۆتالیتاریزم، پیشانیدا ئەم تێگەیشتنە لەسەر چ مەیدانێکی پێناسەیی خلیسک ڕۆنراوە، بۆنمونە شێوەبەندی تۆتالیتاریزمی هانا ئارێنت وەک شێوازێکی نوێی حکومەت لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژی و تیرۆر زیاد لەوە ئەوەشی هاتۆتە سەر کە گرفتی پێناسەی ئەم چەمکە لاببات. ئایا هێنانی فاشیزم و کۆمۆنیزم لە تەزایەکی تۆتالیتاریزم، سەرباری جیاوازی ئاشکرای بنەماو ئامانجیان، ناڕاست نییە؟ ئایا بە ڕاستی دەکرێ ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەڵمانیا، فاشیزمی مۆسۆلینی، ئیسپانیای فرانکۆ، یان پرتوگالی سالازار پێک بزانی؟ ئایا تیرۆریزمی ستالین، حکومەتی سیاسی دوای ستالین لە یەکێتی سۆڤیەت جیاواز نین و پەیوەندی ئەم دوو سەردەمە بە چەمکی تۆتالیتاریزمەوە چۆنە؟ ڕاستە لە هەر کات و هەر شوێنێک تۆتالیتاریزم شرۆڤە کرابێت، بەردەوام بەرەنجامی جیاکاری نێوان جۆرو پلەی جیاوازی ئەم چەمکە بووە، کە تەنانەت ئەمڕۆ گومان لە سودمەندبوونی ئەم چەمکەش کراوە. بابەتی مێژوویی جێگرەوەی توێژینەوەی تایبەتی گشتی

بوونەتە تۆتالیتاریزم؛ باوەڕ بەوەی کە تۆتالیتاریزم و دیموکراسی لیبراڵ شێوەی حکومەتی سیاسی لە بنەڕەتدا جیاوازن، گیرۆدەی کێشەی پێناسەیی و تاریفی بووە کە چەمکی تۆتالیتار بێنێتە دی.

لێرەدا چەمکی دیموکراسی تۆتالیتاری لە سەر بنەمای پێشگریمانەیەک خراوەتەڕوو کە سیستەمی دیموکراسی مۆدێرن هەر بەرهەمی دەسەڵات نییە، بەڵکو دەرەنجامی سەقامگیری ئەلگۆ تایبەتیەکانی دەسەڵاتی یاساییە کە بۆ خەڵک گیرایی و مانای هەبێت. هەندێک شرۆڤەکارانی هاوچەرخ تۆتالیتاریزمیشن، باوەڕیان بە بەدرۆخستنەوەی سودمەندی ئەم شیکارە هەیە کە هەنوکە کۆمەڵگای تۆتالیتار (ڕەوا)مان نەبووە، بۆ نمونە مایکڵ واڵزەر لە بری چەمکی تۆتالیتاریزم، (تۆتالیتاریزمی ناکام) پێشنیاز دەکات. دەڵێ: سیستەمێکی تۆتالیتاری کاراو زیندوو سەربە جوڵانەوەیەکی سیاسی کارا، هەستی جوڵەو ئاڵوگۆڕکردنە کە ڕۆژانە و ئاسایی نابێت (یان نەبووە). واڵزەر دەنوسێ: (ڕوسیای لەسەربنەمای کەمتەرخەمی و ناعاتفی خەڵک دیکتاتۆریە واتە توێکڵی ناوک پوچ و درۆی ڕژێمێکی تۆتالیتار). پێیوایە هیچ ڕژێمێکی تۆتالیتار سەرکەوتوانە بە دامەزراوەیی نەبووە، کەوابوو زێدەڕۆیی لە بانگەشەی جیاوازی جەوهەری نێوان ئەو تێکڕای شێوەکانی دەسەڵاتخوازی دەکرێت. واڵز دەڵێ ئایدیالی تۆتالیتاریزم لە رابردو کردەگەرانی سیاسی وروژاندووە و وڵاتانی جیهانی سێ دەوروژێنێت، بەڵام بەهۆی ناسەقامگیری ئەم ڕێژمانە، تۆتالیتاریزم وەک ئایدیالێک، سەرکەوتوو نەبووە. دەنوسێ: (دەرەنجام، ئەم ڕژێمە جۆرێکی حکومەتی دەسەڵاتخوازە کە ڕوانینی هەمەگیرو هەندێک تۆخمی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستی یان فاشیستی بە ئاڵۆزی کاردەکەن.)

ژان فرانسوا لیوتار، لە هەڵسەنگاندنی ئێروتەسەلی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی هاوچەرخدا، وادەزانــێ ئۆتالیتاریزم، سنەمکاریە کە بە جیهانگریەکەی و دەستەبەرکردنی رەوایەتی شکڵی بۆ ئوستورە گۆڕیووە، بەڵام رژێمە کۆمۆنیستە هاوچەرخەکان بە پەیڤێک تەبای ئەم ئەلگۆیەن. لیوتار بەڵگە دێنێتەوە کە لەو رووەوەیــە (خەڵکی ئەو وڵاتانە دەزانن دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی چییە، کە ئێمە بە کۆمۆنیستی دەزانین: دەسەڵاتی داماڵراو لە رەوایەتی یاسا دانان.) لیوتار پێیوایە، هەروەها واڵزەر باش نییە، لە دنیای هاوچەرخ باسی ئۆتالیتاریزم بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەی ئەزمونی ئاماژەیەکە دەربارەی کەلتوری سیاسی یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامدراوە کە هێشتا خەڵکی وڵاتەکە ئەم رژێمە بە رەوا دەزانن (بۆ نمونە، دەربارەی یەکێتی سۆڤیەت بڕوانە ئەنکلس و باویەر، برۆنفنبرێنەر، لین؛ دەربارەی چین بڕوانە سۆلۆمۆن، پای و شۆرمان.) ئێکرای ئەم توێژینەوانە دەری دەخات کە رازی نەبوون لە تایبەتمەندی تایبەتی ژیان یان سیاسەتە تایبەتیەکانی بەکاربراو دەلالەتی بەسەر نەبوونی رێکەوتنی بەهای بنچینەیی نێوان فەرمانڕەوایان و رەعیەتەکانەوە نییە، بە کورتی نەبوونی دۆستایەتی یان رەشبینی تەنانەت گەر باو بێ - بەڵگەی پێویست نییە، ئەنجامگیری بکەین خەڵک رژێم و ئەو بەهایانە ناپارێزن، کە رژێمەکە لە سەربنەمایان پێکهاتووە. ئەم خاڵە بێ خستنەڕووی شایەتی و بەڵگەی جێ متمانەو گریمانەیەکی نادڵنیایە کە ئایدۆلۆژی باڵا دەست لە رژێمە ئۆتالیتارەکاندا ناتوانێت خەڵک بە رژێمی سیاسی ببەستێتەوە، کە بە ئەنقەست وەک چەکێکی سیاسی بەکار دەبرێت. کاتێک هیچ جوڵانەوەو بزوتنەوەیەکی سیاسی بەدیل و دژ (وەک جوڵانەوەی هاوپێوەند لە پۆڵەندا) نییە، دەکرێ گریمانە بکرێ بەهای سیاسی هاوبەش، یان لانیکەم گرنگترینیان

لە وێ باڵا دەستە. دیارە قوڵی و پانتایی ڕەوایەتی سیاسی هەر میللەتێک، مەسەلەیەکی ئەزمون نییە، کێشەو گرفتێک لە ڕژێمەکانی لیبڕاڵ دیموکراتی کەمتر نییە، کە لە دەوری پێودانگی ڕەوایەتی ئەم ڕژێمانە هەیە، بەڵام شایەتحاڵ لایەنگیری جیاوازی چۆنایەتی نێوان ڕەوایەتی دیموکراسی لیبڕاڵ و تۆتالیتار ناکات.

ئامانجی ئەم نوسینە، جەختکردنەوەی دووبارەی گرنگیەتی و بەهای چەمکی تۆتالیتاریزم و ئاڕاستەکردنی ڕێگایەکی جێگرەوەیە بۆ تێگەیشتنی جیاوازیە جەوهەریەکانی نێوان وەڵامە سیاسیە لیبڕاڵ و تۆتالیتارەکان، بۆ مۆدێرنیتە. ئامانج، وەسفکردنی نمونەی ئایدیال ئاسای دوو شێوەی حکومەتی و ئاڕاستەکردنی هــەردوو ڕژێمە بە جۆرێک کە بۆ بینەری بێگانە گونجاوبێت، بۆ کەسانێک شایانی تێگەیشتن بەزەین بگاتی کە تێیدا دەژین، ئەگەر دیموکراسی تۆتالیتارو لیبڕاڵ تێکڕای شێوازی ڕژێمە سیاسیە هاوچەرخەکان روون ناکەنەوە، بەڵام ئەم دوو ڕژێمەن کە بابەتەکەیان خستۆتە بەر شرۆڤەو لێکۆڵینەوەوە.

دەمەوێ پیشانی بدەم پابەندی بەها جیاوازیەکانیان، ڕەگی جیاوازی نێوان دوو شێوەی حکومەتە کە ئەم کارە پەیوەندی و ئەلگۆی بۆچوونی جیاجیای نێوان دەسەڵاتداران و خەڵک بەدی دێنێت. جیاوازیەکی لەم چەشنە لە هەموو لایەکی بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

دیموکراسی دیموکراتی و تۆتالیتار هەریەکەیان پیشاندەری جۆری جیاوازی گونجانی مۆدێرنن بەمافی دەسەڵاتداریەتی خەڵک و کاردانەوەی تایبەتی بۆ سەرهەڵدانی مەیدانی گشتی کە ئەندامەکانی لە ڕژێمی سیاسیدا سەرچاوەی کۆتایی دەسەڵات دەبینن. خشتەی خوارەوە جیاوازی دیموکراسی تۆتالیتار لە دیموکراسی لیبڕاڵ پیشان دەدات:

**تایبەتمەندیەتی لێکجیاکردنەوەی رژێمی سیاسی تۆتلیتار و رژێمی لیبڕاڵ دیموکراسی**

دیموکراسی تۆتالیتار          دیموکراسی لیبڕاڵ

بەها گشتییەکان          یەکسانخوازی          یەکسانخوازی و تاکخوازی

رێسا گشتییەکان          یاساخوازی / رواڵەتخوازی:

بنەماکانی تەرخان و دابەشکردن کە بەپێی بەهای یەکسانخوازی لایەنی یاسایی وەردەگرێت.          یاساخوازی/ رواڵەتخوازی:

بنەماکانی تەرخان و دابەشکردن، کە بە پێی بەهای یەکسانخوازی لایەنی یاسایی وەردەگرێت.

رێکخراوی سیاسی     دەسـەڵاتـی سیاسی چەقگیر: سەربەخۆ و نیشتمانی، جیاکردنەوەی کاری تایبەتی دادوەری، یاسایی و ئەریستۆکراسی لە کۆمەڵگای مەدەنی. تێکەڵاوی و گونجانی حزب لەگەڵ دەوڵەت. پاراستنی دەوڵەتە لە بەشی گشتی لە کاتێکدا کە لەناویدا پابەندە بە بەرتەسک کردنەوەی بەشداری خەڵک. دەسەڵاتی سیاسی چەقگیر: سەربەخۆ و نیشتمانی، جیاکردنەوەی کاری تایبەتی دادوەری، یاسایی و ئەریستۆکراسی لە کۆمەڵگای مەدەنی. جیاکردنەوەی سیستەمی حزبی لەستراکتۆری دەوڵەتی، پاراستنی دەوڵەتە لە بەشی گشتی و پابەند بوونی بە گشتاندنی.

تایبەتمەندێتی هاوپەیوەندی و تواندنەوەی لە نێوان دەوڵەت و گروپە کۆمەڵایەتیەکان  تێکڕایی بەهاکان و بەهاداری لە نێوان ستراکتۆری سیاسی، دەستەبژێران و کۆمەڵ، پەیوەندییە مەدەنیەکان (پابەندبوونی گشتی) بەهێزتر (گشتیتر) لە پەیوەندییە باوەکانە. بەم ڕێگایە یەکپارچەیی دەستەبەر دەبێت کە دەوڵەت لەگەڵ گروپێکی گونجاوی تایبەتی خاوەن ئایدۆلۆژی (ناسیۆنالیستی) و کۆخوازانەی دەرهەستەیی دەناسن. هاوڵاتییان

بەرژەوەندی دەوڵەت لە سەروی بەرژەوەندی خۆیان دەزانن. ئێکرایی بەهاکان و بەهاداری لە نێوان ستراکتۆری سیاسی، دەستەبژێران و کۆمەڵ، پەیوەندییە مەدەنیەکان (پابەندبوونی گشتی) بەهێزتر (گشتیتر) لە پەیوەندییە باوەکانە. دەوڵەتی فەرمی هاوپەیوەندی پێش مۆدێرن و باوی نییە، هیچ بیروباوەڕێکی فەرمی بە ئایدۆلۆژی دەرهەستەیی، یان کۆخوازانە، یان (ناسیۆنالیستی) نییە، بەرژەوەندی کەسی هاووڵاتیانی یەکەم ژماردووە و لە لایەن دەوڵەت دەپارێزرێن.

**بەها گشتییەکان**

تی. ئێچ. مارشاڵ و راینهارد بندێکس هەردووکییان ئاماژە بە تایبەتمەندیەتی (شۆڕشگێڕی) هزری هاوڵاتی بوون دەکەن. رەنگە چەمکی هاوڵاتی بوون هزری سەردەمی مۆدێرن بێت، سەرهەڵدانی پەیوەندی بە دەرکەوتنی مەیدانی گشتییەوە هەیە لە کۆمەڵگای مەدەنی جیاواز. دەرکەوتنی مەیدانی گشتی لەسەربنەمای تێگەیشتن لە قەڵەمڕەوی ئـازادی جیاواز پێویستی بە تێگەیشتنە؛ لەسەر چەمکی وەک یەکخوازی وەستاوەتەوە. کە بەوپێیە لەم مەیدانەدا، ئەندامێک لە کۆمەڵگادا بە فەرمی یەکسانە بە ئەوی دی. بەم شێوەیە، هەموو تاکەکان وەک یەک مافی دەربڕینی بیروباوەڕ، بەشداری و بەکاربردنی توانایان هەیە. گەشەکردن هاوکاتی مەیدانی گشتی و هزری هاوڵاتی بوون ئەم بۆچوونە بەهێز دەکات، کە تاکەکان (بێجگە لەو کەسانەی کە بە یاسا لەم مافانە بێبەشن) نەک بەهۆی قاتبەندی ستراکتۆری دەسەڵات، بەڵکو راستەوخۆ پەیوەندیان بە دەسەڵاتدارانەوە هەیە. هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایەک بەهۆی سیستەمێک لە مافەکان و ئەرکی بەرامبەر پێکەوە دەبەسترێنەوە.

کەوایە، یەکسانی بۆ هەموویان دەسکەوتێکی سیاسییە، کە بە یاسا بە ئەندامی کۆمەڵگایەکی سیاسی دەزانرێن. بە هەمانجۆر کە ئارێنێت نوسیویەتی: (یەکسانی بە پێچەوانەی هەموو ئەوشتانە نادرێتە ئێمە کە پەیوەندی بە بوونەوە هەیە، بەڵکو دەرەنجامی رێکخراوی مرۆڤ دۆستانەیە کە بەهۆی بنەمای دادپەروەریەوە رێنمایی دەکرێت. ئێمە یەکسان لە دایک نابین؛ کاتێک راشکاوانە بە ناوی ئەندامی گروپێک بڕیار دەدەین یەکسان بین کە لە مافەکانی لە بەرامبەردا یەکسانی خۆمان بپارێزین)، بەڵام ئەگەر یەکسانی، بەوجۆرەی ئارێنێت دەری دەبڕێت، لە بنچینەدا پەیوەندی سیاسی دەربڕێت، کەوایە مانای یەکسانی بەرهەمی گوتار و بارودۆخی سیاسیە. شێوەیەک کە وەک یەکخوازی بەدی دێت، واتە جۆرێک رێکخراوی مرۆیی دەرەنجامی رێککەوتنی تایبەتیە کە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی، سیستەمی مافەکان و نوێنەرانی ستراکتۆری دەوڵەتی ئەنجام دەدرێت.

وەک یەکخوازی پەیوەندی دانەبڕاوی بە جێگرەوەی هاوڵاتی بوونی هەیە؛ چاوپۆشین لە پێگەی کەسی مەیدانی تایبەتی، مافی خۆیەتی کە دەوڵەت بیپارێزێ و بەهرەمەندی یەکسانی لێ چاوەڕێ بکات. هاوڵاتی بوون وەک ئایدیالێک، لە ناو ئەندامانی مەیدانی گشتی بە بەرەوپێشبردنی تێگەیشتنی دەرهەستەیی مافەکان و ئەرکەکان و لە هەمووی گرنگتر، یارمەتی تێگەیشتن لە دادپەروەری دەدا کە لە شێوەبەندیەکەی، ماف و ئەرکی هاوڵاتییان لە سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرەکی، تەوەرییە.

گرنگە تێبگەین، کە مافەکان، وەک مافەکانی هەر ئەندامێکی کۆمەڵگای سیاسی، سەرچاوە لەسەر هەڵدانی مەیدانێکی وەک یەکخوازی سەربەخۆی ستراکتۆری دەوڵەتی دەگرێت. هەرچەند چەمکی مافەکان لە کۆمەڵگای لیبراڵ دیموکرات بە قوڵی کەوتۆتە ژێر رۆشنایی قەدرگرتنی

باڵاو پاک و پیرۆزی تاکەوە، بەڵام مافەکان بۆخۆیان پەیوەندی بە چەمکی تاکخوازیەوە نییە، بۆ نمونە دابینکردنی مافە مەدەنیەکان لە کۆمەڵگای سیاسی مۆدێرن حەتمەن بەهۆی دانەبڕاوی ئەم مافانە لە تاک نییە، دانانی مافەکانی لەم چەشنە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لەبەرامبەر دەوڵەتە. ئەندامێتی وەک یەک لە کۆمەڵگای سیاسیدا بۆخۆی هاوکاری بەرەوپێشبردنی تێگەیشتن لە مافەکان دەکات؛ مافگەلێک دەپارێزن، کە لە یەکسانی کۆمەڵایەتی هەم لە بەرامبەر نایەکسانی مەیدانی تایبەتی و هەم دەسەڵاتی دەوڵەتە. بەدیهاتنی تاتەواوی یەکسانی، یان زەوتکردنی مەیدانی یەکسانی لەلایەن دەزگای دەوڵەت، هەردووکییان لە کەداربوونی هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگای باشی لێدەکەوێتەوە.

هاوڵاتی بوونی مۆدێردن ئاکاری مۆدێرن ئاسان دەکات، ئاکارگەلێک کە بوونی رێسایەکی ئاکاری یان کۆمەڵایەتی گونجاو و سەلمێنراو وەردەگرێ و کاری ئاکاری بەخستنە گرژیەوەی سیاسی دەوڵەت دەزانێت. دەوڵەت وەک پارێزەری هاوڵاتییان و بەناوی هەڵسوڕاو تێگەیەنراو دەبێت کە بە ئاڕاستەی بەرەو پێشبردنی بەهاکانی کۆمەڵگای نیشتمانی دەجوڵێت. لە سیستەمی سیاسی مۆدێرندا، چونکە رژێم رەوایەتیەکەی لە خەڵک وەردەگرێ، بەها بەرجەستە کراوەکان لە پێگەی هاوڵاتی بوون، یەکلاکەرەوەی سروشتی کاری سیاسی کۆمەڵیە لە میللەتدا. لەم کۆمەڵگایانەدا، مافەکان فێڵەو مافەکان پێشێلکراو، بابەتی سەرەکی باسوخواس و ململانێی سیاسین. رەنگە نەک هەمیشەو لە هەموو شوێنێک بە روونی، بەڵام لانیکەم بەپێی پێناسە.

بە هەمان جۆر کە، تی. ئێچ. مارشاڵ دەنوسێت:

هاوڵاتی بوون، پێگەی پێدراوە بە کەسانێک کە ئەندامی کۆمەڵگایەکن. هەموو کەسانێک کە خاوەنی ئەم پێگەن بە سەرنجدان بە ماف و ئەرکەکان

یەکسانن، کە ئەم پێگەیە بەوپێیە دەدرێتە تاکەکان. هیچ بنەمایەکی ئێکڕایی نییە، کە یەکلاکەرەوەی ئەم ماف و ئەرکانە دەبێ چ بن، بەڵام کۆمەڵگا وێنایەک لە هاوڵاتی بوونی ئایدیال دەخاتەڕوو، کە هاوڵاتیبوون لە گەشەدایە تا بیکاتە پێوەری دەستکەوتەکانی و جوڵان بەرەو ئەو مەبەستدار بکرێن.

کەوابوو، جوڵان لەم رەوتەدا، جوڵان بەرەو پلەی زیاتری یەکسانی، گەشەکردنی شتێک کە دەوڵەت بەهۆیەوە هاتۆتەدی و زیادبوونی ژمارەی کەسانێکە کە ئەم پێگەیان پێدەدرێت.

بە تێگەیشتن لە سیاسەت وەکو کێشمەکێشی مافەکان کە هیچ پانتاییەک لە کۆمەڵگا بە پارێزراوی نامێنێتەوە، هەوڵ بۆ سیستەمێکی یەکسانی داواکارانەتر فراوانبوونی قەڵەمڕەوی ئازادی و پاشگەزبوونەوە لە قەڵەمڕەوی پێویست پرۆژەی سیاسی بنچینەیی تایبەتی هەموو کۆمەڵگای مۆدێرن، لەوانە کۆمەڵگای دیموکرات لیبراڵ و تۆتالیتارە.

یەکسانی رواڵەتی هەموو هاوڵاتیان هۆی پەیوەندی ئێکڕای خەڵک دەبێت، بۆ هێنانەدی بنەمای یەکسانخوازی لە سەرانسەری کۆمەڵگادا. بە گەشەکردنی چوارچێوەی گشتی، یەکسانخوازی وەک بەهای زاڵ سەرهەڵدەدا کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ئێکڕای کۆمەڵگا بەهۆیەوە هەڵدەسەنگێندرێت. بەهەمانجۆر کە مارشاڵ ئاماژە دەکـات، پێناسەی مافەکان و مانای یەکسانی جێگیر نییە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دی جیاوازە، لە کۆمەڵگایەکیشدا، ماناکەی زۆرتر بە درێژایی رۆژگار دەگۆڕێ و گەشە دەکات. بەم شێوەیە پلەو سروشتی بەشداری دەوڵەت لە پاراستنی مەیدانی گشتی یەکسانخوازانەو پێشخستنی یەکسانخوازی قەت تەواو و بە یەکسانی نامێنێتەوە، لە مۆدێرنترین کۆمەڵگادا گەشەکردنی ئەم مافەو زیادبوونی کەسانێک زیادبوونی بەشداری دەوڵەتی لەگەڵ بووە، کە مافی خۆیانە

دەوڵەت بیانپارێزێت.

بە کورتی هۆگری کۆمەڵگای سیاسی مۆدێرن، بۆ بەگشتی کردنی بەهای یەکسانی بۆ هاوڵاتیەکانی بە زۆری دەستدرێژی دەکاتە سەر سنوری کۆمەڵی هاوشێوە (کۆمەڵی وەک خێزان، گروپی ئابوری و کۆمەڵی ئایینی) دەکرێ بەم مانایە بگوترێ گەشەکردنێک لە قەڵەمڕەوی ئازادی دەرکەوتووە کە تێیدا دەوڵەت لە بەرامبەر گوشاری کوێرانەی نایەکسانی هاوڵاتیانی پاراستووە کە تایبەتمەندی مەیدانی (پێویست)ە، واتا هەمان کۆمەڵگای تایبەتی.

تۆتالیتاریزم، وەک شێوەی ڕەواو بەردەوامی دەسەڵاتی سیاسی بەرعۆدەی ئەم بەهای یەکسانیە. تۆتالیتاریزم سیستەمی سیاسیە کە ئامانجی (تێکڕایی کردنی) خەڵکە تا سنورەکانی کۆمەڵگای سیاسی بە گەشەکردنی بەرایی و دیاریکردنی دووەمی بەردەوام بگۆڕێت. بەگشتی بوونی بەهای یەکسانخوازی پێداویستی دەوڵەتی بەهێزە کە وەک پارێزەری هەمیشە وریای مافەکانی هاوڵاتیانی و بۆ بەدیهێنانی یەکسانی بەردەوام لەگەڵیانە، بەڵام لەم (شەڕە) دژی نایەکسانی مەیدانی تایبەتی، دەوڵەت بۆ هێنانەدی یەکسانی لە کۆمەڵگادا دەسەڵاتی خۆی زەوت دەکات، هیچ هێزێکی تر ناتوانێ قەڵەمڕەوی گشتی فراوان بکات. بە سەرنجدان بە پێگەی بەرزەتری دیموکراسی لیبڕاڵ، دەستوەردانی (تەواو) دەوڵەت لە مەیدانی تایبەتی وەک خودی هاوڵاتی، تۆتالیتاریزم ناخۆش دەکات. بەهای ڕەوایەتی یەکسانخوازی ڕێ بە دەوڵەت دەدا ئەم کارە بکات، بەڵام پڕۆسەیەک پڕۆسەیەکی ئازادو کراوە نییە، کە دەقی بەمانای یەکسانی گرتووە. تێگەیشتنی جیاواز لێ تێگەیشتنێک لە بری لادانی ریشەیی (کۆمەڵگای تایبەتی) لێکدراوەتەوە، کە ئامانجەکانی دەوڵەتە و بە سروشتی دووردەخرێنەوە. پڕۆسەیەک نە

وریایانەیە و نە ڕێکەوت، کە کارەکە دەگەیەنێتە ئێرە، بەڵکو بەم هۆیەیە کە مانای یەکسانی قۆرخی چینێکی تایبەتە و بەڕێوەبەرانی یەکسانی شرۆڤەی دەکەن.

تۆتالیتاریزم شێوەی زێدەڕۆیی پرۆژەی مۆدێرن پیشان دەدات: بە هەڵکشانی یەکسانخوازی سیاسی، ئامانجی سەرەکی رزگاری کۆمەڵگا دەبێت لە تێماوی پێش مۆدێرن و لەم ڕێگایەوە مەترسیەکان ئاشکران. بەهەمانجۆر کە هانا ئارێنت تێی گەیشتووە: (هەرکە ژیانی گشتی و یاسای یەکسانی سەربکەون و هەرکاتێک شارستانیەت توانی تاریکی نایەکسانی بسڕێتەوە، یان بەلانیکەمی بگەیەنێت، نەجوڵان و چەقبەستویی رەها دەردەکەوێت و بەو بەڵگەیەی بیری چۆتەوە بە ئاگا دەهێنرێتەوە کە مرۆڤ گەورەی جیهانە نەک خوڵقێنەری).

دەوڵەتی تۆتالیتار بە زێدەڕۆیی لە یەکسانخوازی، کاریگەری مەیدانی تایبەتی لە رەوتی کاروباری سیاسی دووردەخاتەوە؛ رزگاربون لە ئاوەز ژیاری تایبەتی رکابەری دەوڵەتێکی ئەقڵانی نییە، بۆ دیاریکردنی چارەنوسی میللەتێک. دانانی ئایدیال، پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی تۆتالیتار زۆرتر ئافەریدەی سیاسین. بـەردەوام ئەو بەهایانە باڵا دەست بووە و لایەنگری ئەوەیە تێکڕای پەیوەندیەکان بخەنە ژێر کاریگەریەوە کە بەپێی یاسا پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیان دیاری دەکەن. بەم شێوەیە پێش داوەری کوێرانەی نایەکسانی لە بەرامبەر رۆحی رۆشنگەری سیاسەتی یەکسانی رەنگ دەگۆڕن.

پابەندی بەهای دیموکراسی لیبراڵ بە تاکخوازی، ماهیەتی پەیماننامەی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتیان ئاوەژو دەکاتەوە، ماناو گرنگیەتی هاوڵاتیانی کۆمەڵگای سیاسی دەگۆڕێت. رەگی ئەم پابەندیە رەهاییە لە دیموکراسی

خۆرئاوادا، بە پلەی یەکەم سەرچاوە لە چاکسازیەکانی پرۆتستانت دەگرێ کە هەموو کەسەکان پێگەی یەکسان و لە روانینی خوادا یەکسانیانن.

دووەم شۆڕشەکانی بـۆرژوازی سەدەکانی 17 و 18 کە جەختیان لە رزگاربونی تاک لە سیستەمی ئاغاو جوتیاری و کۆیلەیی دەکردەوە. بە کورتی تاکخوازی بە زایەڵەی کەلتور گیانی وەبەرنرایەوە کە تایبەت بو بە خۆراوا. لەم رێگایەوە پێگەکەی بنەمایەکی رێکخەری ستراکتۆری سیستەمە سیاسییە نا سەقامگیرترەکانی یەکسانخوازییە، لە کاتێکدا یەکسانخوازی، لە پێوەرێکی فراواندا، ناوەندی هاوڵاتی دەپارێزێت، تاکخوازی مانای باڵا بەو ناوەندە دەدات، کە بە قوڵی بەهۆی وێناکردنە کەلتوریەکانی خۆرئاوا پەروەردە دەبن.

دیموکراسی لیبراڵ، وەک نمونەی لاوەکی کۆمەڵگای مۆدێرن، باوەڕی بە پلەوپایەو خودموختاری تاکی بژاردەیە. هەرچەند بە هەمانجۆر کە لۆکس دەڵێت، تاکخوازی وشەیەکە ئاوێنەی مانای فرەلایەنەی ئاستی کەلتوری و مانای دیاریکراوی ئاستی نەتەوەییە، کە لە هەمو لایەکەوە تاک بە جیا (جیابووەوە) لە کۆمەڵگا دەزانێت کە تێیدا دەژی. چاوەڕێ دەکرێت تاک بۆخۆی بە رێسای کۆمەڵایەتی و کەلتوری بێگانە بێت. تاک، نەک هاوڵاتیان، مافی تایبەتی جیانەبووەیان هەیە کە بەرژەوەندی کەسییە. لە دۆخی کەسیەکەی بەهۆی گرێبەستی ئەندامێتی سیاسی، واتا هاوڵاتێتی – حکومەتی سیاسی دیموکراسی دەی پارێزێت.

تەوەر بونی وتەزای (بەرژەوەندی) لە سۆسیۆلۆژی و تیۆرداڕێژانی خۆرئاوا لە تێگەیشتنی ئاکاری مرۆڤایەتی پەیوەندی بە گرنگیەتی تاکخوازی لە کاروباری سیاسیدا هەیە. ئەم کارە نیشانەی باوەڕی بنەماییە لەسەر ئەو بنەمایەی کە تاکەکان ئارەزومەندانە یان بیرکردنەوەی دوبـارە و

ئەقڵانی- لێکۆڵینەوەیی پەیوەندی بە جیهانەکەیانەوە دەکەن. بەردەوام باوە (رەوایە) کە تاک لە کۆ جیایەو لەگەڵیدا کێشمەکێشیەتی، چونکە بە کۆسپی سەر رێ و بەدیهاتنی بەرژەوەندییە کەسیەکانی لە قەڵەم دەدات. لە راستیدا دەکرێت بەشی زۆری هزری خۆرئاوا بە هەوڵی بەرایی بزانرێ بۆ رێکخستنی بەرژەوەندی تاکی بەهۆی رێکخراوی گشتییەوە. هەروەک پەیمانی کۆمەڵاتی، دەستی نەبینراوو هاوشێوە، پاشان لە سەدەکانی 19 و 20 بۆ تەواوکردنی ئەم روانگە گەشبینانەی چاخی رۆشنگەری روانگەیەکی دیکە گەشەی کرد، کە جیهانی کۆمەڵایەتی لە بەگژداچونەوەی رزگاری تاکی دەدیت. بەهەمانجۆر کە ئەلبێرت هیرشمان وتویەتی: بازاڕ لە سەدەی 18 وەک هۆکاری رێکخەری بەرژەوەندی تاکو کۆ دەناسرێت. باوەڕی گشتی لە قۆناغەکانی داهاتودا لە سەر زەرەرمەندی وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی جێگیر دەبێت.

دیارە بەرژەوەندی کەسی هەر لە وتاری روناکبیریدا گەشەی نەکردووە، بەڵکو بە سەر خۆناسی گشتیشدا باڵادەستە. تۆکویل دەربارەی ئەمەریکای سەدەی 19 دەنوسێ: (ئەمەریکیەکان حەزدەکەن.... بەردەوام هەموو کارێک لە ژیانیاندا بەپێی بەرژەوەندی کەسی لێکبدەنەوە. چێژ لە بیرهێنانەوەی ئەم بابەتە وەردەگرن کە چۆن خۆشەیدایی (نارسیزم) رۆشنگەرانە هەمیشە بۆ هاوکاری یەکدی بانگ و ناچاریان دەکات ئازادانە بەشێکی کات و سامانیان بۆ چاکەی دەوڵەت خەرج بکەن.) ئەمڕۆ بەرژەوەندی کەسی، بێ ئەوە هاندەدەرێت، کە وەک هۆکاری چاکەی گشتی باسی بکەن؛ سەرباری هێشتا لە هزری خەڵکیش دەربارەی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوری تەوەرییە.

تاکخوازی لە دیموکراسی لیبراڵ ترسی یەکسانخوازی و ترسی ئازادی

تاک لە بەرامبەردا دەزانێت. دیموکراسی، دژی یەکسانخوازی نییە، بەڵکو بەهەمانجۆر کە تۆکویل دەڵێ، دەبێ باوەڕ بە یەکسانی لە ڕێسایەکی دیموکراسی بە مەبەستی دەستدرێژی نەکردنە سەر ئازادی ئەوانی دی هەموار بکرێت. هیوابوون بە بونی ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی یەکسانخوازانەتر – کە تۆکویل بە سوربوونەوە دەڵێ پاڵنەری لە سیستەمە سیاسیە مۆدێرنەکاندا لە پاڵنەری ئازادیخوازی بەهێزترە – زۆرجار پاراستنی تاکی دەرهەستەیی پێشێل دەکات. کێشمەکێشی نێوان تاکخوازی و ئایدیالەکانی یەکسانخوازانە، رووی تایبەتمەندێتی سیاسەتی لیبراڵ دیموکراسییە. ئەم دوو پابەندیەی بەهای بنەمایی سروشتی کۆمەڵگایەکی لیبڕاڵ دیموکراسی دیاری دەکەن کە دژی یەکترن.

بەهەمانشێوە کە پێشتر روونکرایەوە، یەکسانخوازی دەستدرێژی بـەرژەوەنـدی کەسی بۆ مەیدانی گشتی رەتدەکاتەوە. یەکسانخوازی بەوەدەرنانی ئیمتیازاتی پێش مۆدێرن، خوازیاری یەکسانی هەمووانە. ئەرکی دیاریکردنی پێوەرە پەسند کراوەکانە بۆ بەرەو پێشبردنی کاری یەکسانی هاوڵاتیبیان دەیخاتە ئەستۆی دەوڵەت، هەروەها تاکخوازی رزگاری بەخشە. واتا بە کەمکردنەوەی ئەو سنورانە هەوڵی فراوانکردنی ئازادی دەدا کە ستراکتۆری گشتی بە سەر کاری تاکدا دەی سەپێنێت. سەرەڕای، پاراستنی بەرژەوەندی کەسی – تاکی، جیا لە دەوڵەت یان تێکڕای بەرژەوەندی گشتی، وەک پێویست ناتوانێ پەیوەندیەکانی تاک و کۆی (پێش مۆدێرن) لە ڕێسمە بەرێت چونکە خێزان یان تێکڕای گروپەکانی ببنە ئەو. بە زۆرینە گەیاندنی بەرژەوەندی کەسی لە قەڵەمڕەوی ئازادی دایەو ئەرکی دەوڵەت پاراستن و گەشەپێدانی ئەو قەڵەمڕەوەیە. زۆرجار فاڵگرتنەوەو قوڵبوونەوە لە بـەرژەوەنـدی، رەگی لە دراوی لەرزۆکی بەرژەوەندی کەسی (یان

«گومان لە دەرەنجامی کار») دایە، چونکە فاڵگرتنەوە بەرهەمی مامەڵەی کۆمەڵایەتی و جۆرێک ئاکام هەژماردەکاتن، رەوتێک لە رێکخراوەکان دێنێتە ئارا کە هەر یەکەیان شوێن یەکێک لەم بەرژەوەندییە دەکەون، دەبێ دەوڵەت فاڵگرەوەی گۆڕاو و هاوپەیمانی لەرزۆک بناسێنێت. بۆیە دەسەڵاتی کۆتایی دەوڵەت لە دەرەنجامی نادیاربوونی سەرجەم و پابەندی دەوڵەت بە وەڵامدانەوەی داواکاری گۆڕاو بەرتەسک دەبێتەوە.

تاکخوازی بەر بە فراوانبوونی پاڵنەری یەکسانخوازانە دەگرێت؛ لە راستیدا بونی تاکخوازی لە ژیانی سیاسیدا بە جۆرێکی تێبینیکراو پەیوەندی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران و هاوڵاتیان دەگۆڕێت. تاکخوازی ئەفرێنەری دینامیزمی سیاسییە، کە لە دیموکراسی تۆتالیتاردا نییە، واتا خەبات و مشتومڕ. لە سیاسەتی دیموکراسی لیبراڵ، لە باسی پێناسەکان، مانا و شرۆڤە و سەرەنجام لە پەیوەندی مانای ئازادی دەکۆڵنەوە. لەم مەیدانەدا، سیاسەت پەیوەندی بە سنورە گۆڕاوەکانی مەیدانی گشتی یان گەشەپێدانی دەوری دەوڵەت بە کاروباری هاوڵاتیانەوە هەیە.

وێنەی ئەم وتەزا سیاسییە لە دیموکراسی تۆتالیتاردا نییە، زۆرینەخوازی لەم سیستەمانەشدا، مافەکانی تاک و مافی گروپەکانی جێگرەوە، وەک گروپە ئایینی و نەتەوەییەکان – یەکلاکەرەوەی کاری سیاسین، بەڵام بەهەمانجۆر کە دیڤید لین بەسۆزە، سەرنج لە یەکێتی سۆڤیەت وتویەتی، بە دەگمەن ئەنجامی کار پاراستنی جەماوەر کێشدەکاو روناکبیران ئاشکرایان دەکەن، واتە گروپێک کە زۆرترین زیانی لەم بەڵێنە بێوێنەیەدا بە یەکسانخوازی گەیاندووە، بێجگە لەمە زۆرجار ئەم کێشمەکێشمە لە روانگەی سیاسیەوە، یان شێوە داوایەکی سنوردار بەخۆوە دەگرن، یان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پەنا دەبەنە بەر حکومەت، یان بۆ سەرپێییەکی وا گەورە دەگۆڕێن کە بە

وتەی هیلەر بۆخۆی بە دەربڕینی نەیاری ئەرکێک دادەنرێت. ئەم کۆمەڵە نەیارە، لە دەرەنجامی نەیاریەکەیان لە کۆمەڵگای سیاسی جیادەبنەوە و لاسارانە دژایەتی ڕێبازی دەوڵەت، تاکە کارێکە کە لە دەستییان دێت.

بە کورتی ئەم شێوازەی کاری سیاسی کە لە دیموکراسی سیاسیدا گرنگیان بنچینەییە، لە دیموکراسیە تۆتالیتارەکاندا پەیوەندی سیاسی دەسەڵات و خەڵک لە خۆناگرن. کێشمەکێشە سیاسیەکان لە دیموکراسی تۆتالیتار زیاتر لە چێوەی کێشەی لەسەر تەرخان و دابەشکردنی پاداشتی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەبن.

پابەندبوونی دیموکراسی لیبڕاڵ بە تاکخوازی، کە بە دیموکراسی تۆتالیتار هەڵبسەنگێندرێ، پێویستی جیاوازی کردنە لە نێوان دەزگای دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسی، لە کاتێکدا داکۆکیکردن لە هاوڵاتیان لە بەرامبەر نایەکسانانی مەیدانی تایبەتی لە ئەستۆی دەوڵەتە، بەڵام ئیرادەخوازی تاک و زۆرینەخوازی ئەنجومەنە گشتییەکان هەمان دەوڵەت بەرتەسک دەکەنەوە. ئیرادەخوازی و زۆرینەخوازی لە پابەندییە بەهاییەکان جیانین؛ ڕاستەوخۆ سەرچاوە لە متمانەی تاک دەگرن. (پرۆسەی ڕاپرسیانە) لە مەیدانی گشتی کە لە گفتوگۆی نێوان تاکو کۆی پێکهاتوو لە تاکەکان (وەک حزبی سیاسی) پێکدێت، هۆکاری خودئاگایی کۆمەڵگای سیاسی دەربارەی ئامانجی تێکڕایی میللەت و ئامڕازەکانی پێویست بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجە دەبێت، بە نۆرەی خۆی ئەم خودئاگاییە لە دەوڵەتدا ئەنجامی بە سەر ئاکامی کاری دەوڵەتەوەیە و بە ئاقاری چاوەڕوانی گشتی هەمواری دەکەن. باوەڕبوون بە خودموختاری تاکی، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم دەوڵەت بتوانێت کۆمەڵگا لەو تایبەتمەندیانە رزگار بکات، کە ژنان و پیاوان جیاواز یان نایەکسان دەکات.

ئیرادەخوازی و زۆرینەخوازی دیموکراسی لیبرِاڵ، لە پێوانە بە دیموکراسی تۆتالیتار، پێگەی تایبەتی بۆ تایبەتخوازیەکان دەڕەخسێنن. لە دیموکراسی لیبرِاڵدایە کە تاک هاوکات لە بەرامبەر مەیدانی تایبەتی دەپارێزرێت لە کاتێکدا دەکرێ بە ئارەزوی خۆی پەیوەندی پێوە بمێنێت. دیارە هەتا لە دیموکراسی لیبرِاڵدا ئامرازی بەرژەوەندی تاک سنورداره و ئەمە دەرەنجامی کاری یەکسانخوازی ئەم کۆمەڵگایانەیە. شێوازی کاری کۆمەڵگای سیاسی بێ کۆتوبەند نییە، بەڵام مانای بنچینەیی (رەزامەندی حکومەتکاران) لە کۆمەڵگای لیبرِاڵ دیموکراسی جیاوازە. ئەوە (خەڵک) نین کە رەوایەتی بە دەسەڵاتی سیاسی دەدەن، لەو رووەوە کە خەڵک رواڵەتی جەماوەری جیاواز نین، لە جیاتی رەوایەتی دەوڵەت دەرەنجامی رێککەوتن و رەزامەندی تاکی هاوڵاتیانە. ئەم راستییە بەقوڵی کار لە پەیوەندی دەوڵەت بە تاکەوە دەکات، کە بەسەرنجدان بە کاری دەوڵەت دەی پارێزن یان نا.

**رێسا گشتییەکان**

بەهەمانشێوە کە پێشتر بیرم هێنایەوە، پێموایە هاوڵاتی بون دڵی سیستەمە سیاسیەکانی مۆدێرنە. هاوڵاتی بون کۆمەڵگای سیاسی دەڕەخسێنێت کە لە تێکرِای مەیدانەکانی کۆمەڵایەتی جیاوازە؛ دەوڵـەت هاوڵاتیان دەپارێزێت. بەم شێوازە بە پلەی جیاواز لە پێداویستی مەیدانی تایبەتی رزگاریان دەکات. گەرچی یەکسانخوازی و تاکخوازی بەهای ورووژێنەرن کە رەگی ناوەندی هاوڵاتی بونیانی بۆ دەگەڕێتەوە، لە روانگەی رێسایی پەیوەندیەک لە دەستوردا بیردەهێنرێتەوە کە لە کۆمەڵگای سیاسی پێکدێن و لە روانگەی مافەوە شێوەی یاسایی وەردەگرن.

دەستور تایبەتمەندی تایبەتی کۆمەڵگا پێناسە دەکات، بۆ نمونە چ

کەسانێک ئەندامی کۆمەڵگان و مەرجی ئەندام بون لە کۆمەڵگادا چییە؟ دەستور پەیوەندی و ئەرکەکانی دەوڵەت لەمەڕ هاوڵاتیان و ئەرکەکانی هاوڵاتیان لەمەڕ دەوڵەت دیاری دەکات، بێجگە لەمە ئامانج و مەبەستەکانی دەوڵەتەکەی، وەک هەڵسوڕاوی کۆمەڵگای سیاسی دیـاری دەکرێت، هەڵسوڕاوی کە بەدیهێنانی بەهاو مەبەستەکانی میللەتی بۆ گوازراوەتەوە، بەکورتی، دەستور کۆمەڵێک ئەرک و کاری هەمو ئەندامانی کۆمەڵگاو دامەزراوەکانی تا ئەو ئاستە پێناسەو دیاری دەکات، ئەگەر بپارێزرێت باشترین هۆکاری هێنانەدی دوا بەهاکانە کە کۆمەڵگای لە سەر وەستاوەتەوە، لە کاتێکدا بەهاکان کۆمەڵێک داوەری ئەندامانی کۆمەڵگایە لە بارەیانەوە دەبێ ببێت؛ ڕێساکان ئاماژەی کۆمەڵێک بەکاربردن و کارێکن کە دامـەزراوە جیاوازەکان بۆ شوێنکەوتنی ئەو بەهایانە بەکاری دەبەن. یاساخوازی واتا باوەڕبوون بە دەستور وەک دوا سەرچاوەی ڕێکخستنی ئاکارو کار لە کۆمەڵگای سیاسی بنەمای ڕێسای سیستەمە سیاسیەکانی مۆدێرنە. گرەنتی تێکڕایی ڕێساکان بەهۆی دەستورەوە تایبەتمەندی هـەردوو سیستەمی دیموکراسی تۆتالیتارو لیبڕاڵە.

شێوەی سیاسی هاوڵاتی بوون لە هەردووکیاندا پێویستی باوەڕو پابەندییە بە کۆمەڵەیەکی تایبەتی بەهاکان کە باسوخواسی ماناکەیان ئاسان دەکات، هەروەها هاوڵاتی بون بۆ هەردوو جۆری دیموکراسی بە مانای قبوڵکردنی دەستور وەک سەرچاوەی کۆتای، بە وردی پابەندی بەهایی دامەزراوە جیاجیاکان دەردەخات.

تایبەتمەندی شۆڕشی یاساگوزاری وەک توخمی جیاکەرەوەی سیستەمە سیاسیەکانی مۆدێرن لە سیستەمەکانی پێش مۆدێرن ئەوەیە کە دەوڵەت بەهۆی پێوەری ئەخلاقی هاوشێوە، نەک پێوەرە باڵاکان یان جیاواز،

بەرتەسک دەبێتەوە. متمانە بوون بە دەستور مانای وایە دەوڵەت بەهەمان ئاست رێسایی تێگەیەنراو دەبێت، ئامرازیش تێی بگەن. دەوڵەت، زیاتر لەوەی بکەوێتە دەرەوەی سیستەمێکی ئاکاری بەم چەشنە، لە ناوەندی دایە. دەوڵەت بەپێی ئەو پێوەرانە بەرپرسیارەو وەڵام دەداتەوە کە بەهۆی دەستورەوە دادەنرێن. بە هەمانجۆر کە کیلی دەنوسێت:

ئامانجی دەوڵەت رازیکردنی داواکاری هەنوکە و پێداویستی هاوڵاتیانی نییە، (هاوڵاتیانێک کە لە رێکخراوەکان، نەتەوە، گروپەکا،ن یان حزبی سیاسی رێکدەخرێن) بەڵکو لەجێدا دەبێت بە باشترین شێواز ئەو بەهایانە بە یاسایی بهێڵێتەوە کە هی خودی خۆنی... ئەم کارە حوکمەت، دادوەری و دەسەڵات بۆ دەوڵەت دابین دەکات... ئامانج لە دامەزراندن و پاراستنی دەوڵەتیش جوڵانە بەرە و گەیشتن بەم پێگانە... پلەوپایە و گەورەیی دەوڵـەت بەهۆی هەڵسوڕاوان و شارەزایانی ئاشکرا دەبێت؛ هاوڵاتیان پشتگیری رەوایەتی دەوڵەت دەکەن، واتە هەموو ئەو کەسانەی کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە خاوەن مافن و لەپاراستنیان بەهرەمەندن.

پێدەچێت دەوڵەتی خۆویست بەم شێوەیە، کەمتر لەبەر دوا دەسکەوتی واتا هەمان ئاکامی بەهاکانی کاتێک کە پێوەرەکانی کار ببنە ناوەوەیی و زیاتر لەبەر ئەوکارانە هەڵدەسەنگێندرێت، کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە ئەنجامی داوە.

ئەندامێتی هەموان لە کۆمەڵگای سیاسی ئەم ئەگەرە فەراهەم دەکات ، کە دامەزراوەکانی دەوڵـەت بەجیا لە تاکەکانی، بەرپرسانی حکومی هەڵسەنگێنن و رێدەدا وەک پابەندبون بە دەوڵەتی یاسایی – لێکیبدەینەوە، بەڵام بەرپرسانی دەسەڵاتدار نەپارێزین. دەوڵەتی یاسا بۆ بەرپرسانی ئاستێک متمانەی پێویستی حکومەت کردن ئامادە دەکات، بەڵام گەر ئەم متمانەیە

نەمێنێت، ئەگەر چاوەڕوانی لە کاری دەوڵەت نەبێت، زۆر پێش لەرۆزک بونی دەوڵەتی یاسایی، بەرپرسانی دەوڵەت ناپارێزرێن، بۆ نمونە رەنگە هەندێجار دەربڕینی ساردوسڕ و رەشبینی لە پێگەی تۆتالیتار، پارێزگاری قوڵ و هەمیشەیی پابەندیەکانی رێسایی و بەهایی لەگەڵ بێت کە رژێمی سیاسی لە سەر بنەماکەی وەستاوەتەوە.

بەهەمان ئاست چاوەڕوانی شیاوتری کۆمەڵگای سیاسی لە دەوڵەت، ئاکامێکی دیکەی دەوڵەتی یاساییە، کە دەوڵەت بە بەشێک لە هەمان جیهانی ئاکاری دامەزراوەکانی کۆمەڵگای سیاسی دەزانێت. ئەم تایبەتمەندێتی مۆدێرن بونی یاسای مەدارە کە لە مەودوا بە رواڵەتی هەموو خراپیەکان، یان بانگەشەی ئارەزووەکانی بەڵێندراو نازانن؛ لە جێدا دەوڵەت ئامانج و پارێزەری سیاسەتی شیاوو میانڕەوە. رەنگە ئەم کارە بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتی تۆتالیتار، لە قۆناغی شۆڕشدا، راست نەبێت، بەڵام بە دامەزراوە بونی دیموکراسی تۆتالیتار پێویستی بە هەمواری چاوەڕاونیەکانی پەیوەند بە دەستکەوتەکانی دەوڵەتە. هەرچەند نارەزایی و داوای سیاسی لە دەوڵەت بە مسۆگەری نافەوتێن، بەڵام لە بنەڕەتدا لە مەیدانی مافەکان، ئەرک و بەڵێنەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر هاوڵاتیانی دەردەکەون. لە بەرامبەر نەگۆڕی زێدەڕۆیی دەستەبژێرانی باڵادەست یان گوشاری زێدەڕۆیی لە کۆمەڵگای سیاسی – کە بەهۆیەوە، مامەڵەی کاریگەری دەوڵەت و هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا دەفەوتێت – ئەم دژایەتیە رێساییە ماهیەتی یاساییان هەیە کە لە بەرایی چاوەڕوان دەکرێت، دەبنە دوو کۆمەڵی بەهایی. کاتێک هاوڕاییتر بە لایەنگری بەهای بنەمایی بەرهەم نەیەت، هەم بونی دەوڵەت و هەم سەقامگیری کۆمەڵگای سیاسی دەکەوێتە مەترسییەوە.

سیاسەتی بەهاداری کۆمەڵایەتی بەهۆی دەزگای جێگیربوو ئامادەیە. توانای دەوڵەت بۆ دانان و تائاستێک، بەدیهێنانی بنەماکانی دابەشکردن بەپێی چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگای سیاسی، لەم ئاستەی بەهاداری، تا ئاستێکی زۆر دیاری دەکات کە ئایا حکومەت رەوایە یان نا، لەم مەیدان و جیاوازیەکانی نێوان دیموکراسی تۆتالیتار و لیبراڵ ئاشکرا دەبێت.

لە دیموکراسی تۆتالیتاردا، تەرخان و دابەشکردنی سەرچاوە بە بایەخدان بە سڕینەوەی (پێشینەی تاریکی ناکۆکی و جیاوازی) و دابینکردنی وەکیەکخوازی رەها لە کۆمەڵگای سیاسی پێکدێت. هەموو بڕیارەکان تەرخانکردنی شوێنی نیشتەجێبون، دابەشکردنی توانا فێرکاریەکان، گەیشتن بە چاودێری پزیشکی و هتد وەک ئامانجی یەکسانی پەیوەندی نێوان ئەندامانی یاسایی کۆمەڵگای سیاسی پاساو دەدرێن. وەک نمونە، بەلاتەوە باش بێت رێ بە منداڵانی گوندنشین و باوانی نەخوێندەواریان بدرێت لە بری منداڵانی شاری و کەمینەکانی خوێندەوار بچنە زانکۆ، یان پێوەری خەڵاتدان بە کەسێک بەپێی پێویستی گشتی کۆمەڵگا بە رەچاوکردنی یەکسانی دیاری دەکرێت. مەسەلەی ئەم سیاسەتە، نایەکسانی نێوان گروپە گرنگ و بایەخدارەکانە نەک رەچاوکردنی بێلایەنی و ویژدانی تاکەکان. لە روویەکەوە، ئەم پابەندیەی تاک مانایی بۆ یەکسانخوازی بەردەوام هەستی جیاوازی چینایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی و دەزگای ئەریستۆکراسی ئاڵۆز دەهێنێتەدی کە ئامانجی بەدیهێنانی سیاسەتی یەکسانخوازانەیە. ئاکامی ئەم کارە، هاندانە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی ناڕەزایی نێوان گروپەکان، بە تایبەت نێوان گروپە بێبەشەکان. بۆ نمونە، قەدەغە بو جولەکەکانی یەکیەتی سۆڤیەت بچنە دەرەوەی وڵات بەهۆی داواکردنی ڤیزا، لە کار بێبەش کرابون، زۆرجار نەیاری حکومەت بە دەرپەڕاندن و رەتکردنەوەی سیستەم

تەواوو نابێت؛ لە راستیدا کاتێک کێشە دەست پێدەکات خەڵک رەخنە لە دەستەبژێرانی باڵادەست بگرن، کە ناتوانن بەوجۆرەی چاوەڕێ دەکرێت، بە دەستور کاربکەن.

لە لاکەی دیکە، ئەمجۆرە بەڕێوەبردنە یەکسانخوازی تاکەکان هاندەدات کە بە تەڵەکەبازی بەرژەوەندی کەسی و پێویستی تایبەتی بخەنە بەرامبەر سیاسەتێکەوە کە لە بنچینەدا سەرنجی لە سەر نایەکسانی کۆمەڵییە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم جەماوەرخوازی هەمەگیرە، باوی بەرتیلخۆری و گەندەڵی سەیر نییە، بێگومان ئەوساویە کە ئاکام نەخوازراوی سیاسەتی دابەشکردنی دەوڵەت و پاڵنەری رزگاری میللەت لە کۆمەڵەکانی (پێش مۆدێرن) و شوێنکەوتنی ئامانجی لێکدانی کۆمەڵگای سیاسی نا قاتبەندی، ئەنجامی پێچەوانە دەدات. لە رژێمە تۆتالیتارەکاندا، سیاسەتی دابەش و تەرخانکردن (مۆدێرن) بە زۆری لە رێگای کوتلەبازەکانی (پێش مۆدێرن) یان باو ئەزمون دەکرێن. بەهای یەکسانخوازی بەپێی کاریگەری بەسەر کۆمەڵەکانی پێش مۆدێرن تێگەیەنراو دەبێت کە زیاد لەوەی لاواز بکرێن لە ڕوانگەی سیاسیەوە بەهێزدەبن. کاریگەریەکەی کپکردنی کوتلەبازانە لە پەیوەندییان بە یەکەوە لە کۆمەڵگادا.

لە دیموکراسی لیبڕاڵ، سیاسەت لە سەر بنەمای بەرژەوەندی شێوەی جیاوازی هەیە. لێرەدا، بەهامەندی یاساخوازی و رواڵەتخوازی نەک بە بەهای یەکسانخوازی بەڵکو تەبای تاکخوازی دیموکراسیش دەبێت. دەبێت بنەمای تەرخان و دابەشکردن لە لیبڕاڵ دیموکراسی بە گەڕانەوە بۆ پێگەی تاک لێکبدرێنەوە.

تاکێک مافی خۆیەتی بێ ئاوڕدانەوە لە ئەندامێتی گروپی ئەو بەرژەوەندیەی هەبێت، لە کاتێکدا رەوایەتی دەوڵەتی تۆتالیتار بە پاراستنی

تایبەتی پشت ئەستورە کە دەوڵەت بە مەبەستی یەکسان کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان کۆمەڵەکان بەکاریان دەبات، تێکڕایی بون پێوەری هەڵسەنگاندنی دەوڵەتی لیبڕاڵ دیموکراسییە. یەکسانسازی دەرفەتگەلێکە بۆ تاکەکان کە سنوری بەشداری دەوڵەت دیاری دەکات، بەڵام هاتنەدی یەکسانی بۆ هەمو تاکەکان بۆخۆی مەیدانی هاوکاری باسوخواسی سیاسییە کە کەمترین قازانجیان ئەوەیە بزانن تەرخانکردنی سەرچاوەی چ مەیدانێکی باس وروژێنەرە.

سیستەمەکانی لیبڕاڵ دیموکراسی، هەروەکو هاوتای تۆتالیتاریان، گروپەکانی جێگرەوەی وەک بنەمای کاری کۆمەڵی کۆمەڵگای سیاسی داوای یەکسانی ناسرنەوە. هەندێک سیستەمی لیبڕاڵ دیموکراسی، رادەی ئەنجامی گروپ بەندیەکانی نەتەوەیی، رەگەزی یان ئایینی بەهێز دەمێنێنەوە و وادەکات سیاسەتی نەتەوەیی، لە رواڵەت، ببنە هاوشێوەی بارودۆخی وروژێنەر کە لە سیستەمە دیموکراسیەکانی تۆتالیتار هەیانە. بەڵام پابەند بون بە تاکخوازی و توانای وشەکانی وەک مافەکان، ئەرکەکان و پابەندیەکانی تاک بابەتی ئەم کارەن کە گروپەکانی جێگرەوە لەم کۆمەڵگایانەدا بەرجەستەی گروپەکانی (مۆدێرنی) وەک گروپەکانی چینایەتی یان کارن.

زمانی یاسایی، دەبێتە وشەکانی نارەزایی سیاسی. بە گریمانە دەستەبەر بونی پ پاژێکی سازانی رەزامەندبەخشی نێوان حزبەکان، سیاسەت هەم رەنگدانەوەی لێکدژی نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەو هەم جەخت لەم کارە دەکاتەوە، کە هەمو تاکەکانی کەلتورێکی سیاسی پێکەوە دەژین. کۆمەڵەکانی پێش مۆدێرن، لە پێوانە بە سیستەمە تۆتالیتارەکان، ئاسانتر رادەکێشرێنە کۆمەڵگای سیاسییەوە. تەنانەت دەربارەی زۆر کێشە، بۆ نمونە دەربارەی ئەفەریفیەکان – ئەمەریکیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، پیشانی

داوە کە هەنوکە پێگەی چینایەتی دیاریکردنی دەرفەتەکانی ژیانی پێست ڕەشانی ئەمەریکی لە رابردو زیاتر گرنگەو مەسەلەی چینایەتییە کە کار لە بیرکردنەوەو رێبازی رەوشەکان دەکات. سەرەڕای سیاسەتی رەگەزی سیستەمەکانی لیبراڵ دیموکراسی زۆر لە سیاسەتی جێگرەوەی کۆمەڵگا تۆتالیتارەکان دەچێت. پیشاندانی چوارچێوەی بنەمای دابەشکردن بەپێی پێوەری تاکخوازانە، لە مەڕ جیاوازی ئەرێنی باسێکی گەرمە.

**رێکخراوی ستراکتۆری سیاسی**

تائێرە پیشانم داوە کە بۆچی سیستەمێکی سیاسی مۆدێرنی کۆمەڵگای سیاسی پێویستی بە سەربەخۆیی دەوڵەتە. مەیدانی گشتی خوازیاری یەکسانییە و لە گروپەکانی نمونەی تایبەت جیایە و پێویستی بە دەزگای دەوڵەتە، کە لەگەڵ هیچکام لە بەشەکانی کۆمەڵگا یەکی نەگرتبێت، لەجێدا خزمەتی (بەرژەوەندی گشتی) بکات.

بەم شێوەیە دەوڵەت، بۆ نیشانەکردنی دەسەڵاتی مەیدانی کەسی پشت بە هاوڵاتیانی دەبەستێت، کە هەوڵدەدات لە مەیدانی کەسێتی داکۆکی لە سەربەخۆیی خۆی بکات. ئەم پەیوەندی بەرامبەرەی مەیدانی گشتی و دەوڵەت بەڵگەی ئامرازی بەدیهێنانی کردەوەی جیاوازی دەزگای دەوڵەت بووە. پرۆسەیەک کە تواناو دەسەڵات بۆ کاری دامەزراوەی تایبەت یاساگوزاری دادوەری و راپەڕاندن، بەهۆیەوە گەشەی کردووە، دەکرێ بە دەرەنجامی هاوکاتی پابەندبون بە بەهاکانی یەکسانخوازانەو پابەندی بە بەهامەندەکانی رواڵەتخوازی بزانی کە هیچ تاکێکی، یان هیچکام لە تاکەکانی ناتوانن توانا، یان دەسەڵاتی بەهامەند بەکاربێنن کە هاوکاری یەکنری دەکەن. ئاکامی ئەم کارە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی مۆدێرن

سەر هەڵدانی ڕەوتی بەهامەندی تایبەتی باڵادەست بەسەر ئاکاری بەشە جیاوازەکانی حکومەت بووە.

جیاوازی ستراکتۆری، تاکە ئاکامی یەکسانخوازی کۆمەڵگای سیاسی نییە، جیاوازی کارە سیاسیەکان، بەنۆرەی خۆی مەرجی پێویستی سیستەمە سیاسیە مۆدێرنەکانە. بەهەمانجۆر کە هری کشتاین لە مەیدانی جیاواز پیشانی داوە، لەم سیستەمانەدا شتێک وەک (بەهامەندی شێوەکان) دەرکەوتووە. ڕادەو ئاڵۆزی کۆمەڵگاو گرفتی ئیدارەی سیاسیش هاوکاری بە پسپۆڕی بونی دامەزراوەکان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەوری دەوڵەت لە پاراستنی مەیدانی گشتی یەکسانخوازی، هەم داینەمۆی جیاوازی دانان دەڕەخسێنێ و هەم چالاکی تایبەتی بۆ دڵنیابون لە پەخشبونی دەسەڵات و پاراستنی کۆمەڵگا قەدەغە دەکات.

هەرچەند جیاوازی کار لە بنەمای سیاسی هـەردوو سیستەمی دیموکراسی لیبڕاڵ و دیموکراسی تۆتالیتاردا هەیە، بەڵام پەیوەندی سیستەمی حزبی بە دەزگای دەوڵەت، شێوەی جیاواز بەخۆوە دەگرێت. ئەم جیاوازییە سەرچاوە لە پابەند بونی بەهای جیاواز دەگرێ کە کار لە سیستەمی سیاسی دەکات. یەکسانخوازی لە دیموکراسی تۆتالیتاردا، پێویستی بە توانەوەی ڕاشکاوانەی سیستەمی حزبییە لە دەوڵەتدا، لە کاتێکدا گرژی نێوان یەکسانخوازی و تاکخوازی لە دیموکراسی لیبڕاڵدا لێکجیاکردنەوەی سیستەمی حزبی لە دەوڵەت پێویست دەکات.

لۆژیکی یەکسانخوازی، وەک لایەنگری تایبەت، (ناوەندێتی دیموکراسی) لە ڕێکخراوی حزبی دێنێتەدی. حزبێک بەشی کلیلی سیستەمی سیاسیە، کە داکۆکی لە جۆرێک بەرژەوەندی تایبەتی دەکات؛ ئەم حزبە ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرێت. حزب دادەمەزرێ تا بە دامەزراوەیی بەرژەوەندی خەڵک

بپارێزێ و چاودێری کاره بۆرۆکراسیەکانی حکومەت بکات. سەرباری، حزب چاودێری کاری رێکخراوە سیاسیەکانی وەک شوراکانی یەکێتی سۆڤیەت دەکات، کە لە ئاستەکانی خوارێی کۆمەڵگا، لە بەرژەوەندی دەوڵەت خەڵک ئامادەو تەیار دەکەن. حزب وەک رێکخراوێکی ئاشکرا، هەم بە ناوی نوێنەری خەڵک هەژمون بەسەر چالاکیەکانی دەوڵەتدا دەکات و هەم وەک نوێنەری دەوڵەت چاودێری چالاکی سیاسی هاوڵاتیان لە ئاستی ناوچەیی – ناوخۆیی دەکات.

حزب دەربڕی بەرژەوەندی گشتی و دابینکەرو رەنگدانەوەی رای گشتییە لە دەوڵەتدا، بەڵام حزب بە شێوەیەکی بەهێزتر، بەرژەوەندی رێکخراوی دەوڵەت لە پەروەردەکردنی کۆمەڵگای سیاسی پیشان دەدات. لە دیموکراسی تۆتالیتاردا، حزب یەکەی بەگشتی بەرپرسی دیاریکردن و بەدیهێنانی سیاسەتی دەوڵەتە. سەرباری، حزب وەک (پێشڕەو)ی رای گشتی، زیاتر رێنمایی رای گشتی دەکات تا رێ پیشاندەری؛ زیاتر کار لە سەر کاروباری سیاسی دەوڵەت دەکات، تا دەوڵەت لەبەرخاتری کۆمەڵگای سیاسی بەرتەسک بکاتەوە. حزبی سیاسی نەک هەر پەیوەندیەکی تەسکی بە دەوڵەتەوە هەیە، بەڵکو ئەندامێتی لە حزبدا تایبەت دەبێت بە دانیشتوانێکی کەم کە پابەندبونیان بە ئامانجەکانی دەوڵەت پشتگیری بکرێت. زۆرتر سنوری 5 لە سەدای دانیشتوانی ئەندامی حزبی سیاسی باڵادەستن.

پاراستنی یەکسانخوازی وەک پابەندبونێکی بەهایی، دامەزراوەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگای سیاسی تایبەتمەندی دیمکراسی تۆتالیتارە. ئەندامێتی لە حزبدا لە سەر بنەمای پاداشت وەرگرتنی تاکەکانە بەهۆی خزمەتکردنی دەوڵەتەکەیان. هەروەها ئەم ئەندامێتیە پەیوەندی تایبەتی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسی دەنوێنێت، لە دیموکراسی تۆتالیتاردا،

کۆمەڵگای سیاسی بە ئایدۆلۆژی ئەیارو ئامادە دەکرێت و بە قاتبەندی بۆ پاراستنی حکومەت، دەوڵەت ڕێکدەخرێت. بەهای یەکسانخوازی و بنەماکانی یەکلاکەرەوەی پاداشتی سیاسی فەزای کراوە و ئازادی بۆ دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی ناهێنێتەدی؛ لە راستیدا، هیچ پاڵنەرو هەلێکی کەم بۆ باسکردنی پەیوەندی گونجاوترین ڕێگەی دەستەبەری بەها کۆتاییەکان نییە. ئەگەرچی خەڵک گرفتاری ئەم بنەمایانە دەکات – بەهۆی هۆکارێکی زۆرەوە (دیاری) دەکرێن و وتاری گشتی لەم دیاریکردنە جێگەیەکی وای نییە، بەڵکو وتاری گشتی بە شێوزای بنەمایی دەدۆزێتەوە تا پێشتر نەخشە سیاسیەکان پشتگیری هەبونی بکەن کە بەهۆی بەشە جیاجیاکانی دەوڵەت پێکهاتون. خوان لینز دەنوسێت (لە هەر مەیدانێکی ژیاندا بۆ هەر ئامانجێک تاکە کەناڵێکی شیاوی بەشداری هەیە و ناوەندێک ئامانج و رووی هەمەگیری دیاری دەکات کە ڕێکخراوەکان ئامانجە یاساییەکەی دەستنیشان و سەرەنجام چاودێریان دەکات)، کە شەڕی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا توندبێ، دەوڵەت هەوڵدەدا کاردانەوەی هەبێت. سیاسەتەکان دەکەونە قەیرانەوە و وەڵامدانەوەی قەیران لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەردەکرێت.

بێجگە لەمە، لە دیموکراسی تۆتالیتاردا نێوان ئامانجی کۆتایی و سیستەمی سیاسی و ئاکامی نەخوازراوی کاری دەوڵەت دەپچڕێن. بەشداری کارای دەوڵەت لە ئۆرگانیزەکردنی کاری سیاسی، ئامانجی تۆتالیتارو یەکسان کردنی پەیوەندی ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی پێشێلدەکات. ئەم ناکۆکیەی نێوان ئامانج و ئاکامەکان، دەلالەت لە بونی مەیلی ڕەخنەیی سیاسەتی تۆتالیتار دەکات و بنەمای سەرەکی کارو دژایەتی سیاسییە. سروشتی پاوانخوازانە و قاتبەندی ڕێکخراوی سیاسی بە ئاسانی پانتایی دەرفەتی سیاسی بەرتەسک دەکاتەوە، کە ڕەنگە کۆمەڵگایەکی سیاسی زیندوی

توێژینەوەکەی، کۆمەڵگایەکی باش بێنێتە کایە. تەنانەت نایەکسانیەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بەڵگەنەویست گریمانە دەکات و چینی نوێ و تاڕادەیەک بەردەوام (واتا، گروپێک لە تاکەکان کە پەیوەندی خوازراویان بە دەوڵەتەوە هەیەو پشت بە پارێزگاری دەوڵەت دەبەستن) لە دەستەبژێرانی سیاسی بەدی دێنێت. دەستەبژێران، ئەندامانی حزب و ئەو تاکانە پێگەیەکی تازە دەستەبەر دەکەن کە کۆنترۆڵی رێکخراوی سیاسی ناوخۆییان بە دەستەوەیە، بەهۆی خزمەتکردنی دەوڵەتەکەیان پاداشت لە سیاسیەکانی سەرویان وەردەگرن. (چینێکی نوێ) بۆ پاراستنی دەستەبژێرانی سیاسی لە بەرامبەر ئیرادەی گشتی و بەردەوام پاراستنی فەرمی کۆمەڵگا لە سیاسەتی دەوڵەت زامن دەکەن.

گوشاری دەوڵەت لە سەرەوەیە کە چینی رابەرایەتی سیاسی دەی سەپێنێ، نەک ئیرادەی خەڵک لە خوارەوە. تا ئاستێک بەشداری خەڵک فـراوان دەبێ کە بتوانێت جڵەویان بکاو چینی سیاسی تازە ویست و خواستی لە باڵاوە وەردەگرێت، کە دەسەڵاتی لە باڵا پێدەگات. ئەم کارە لە هەموو ئاستەکانی سیستەمی سیاسیدا سەرۆکەکان و رەعیەت لێکدوور دەخاتەوە. بەهای یەکسانخوازی پاداشت دەداتە (بەڕێوەبەرانی ناوخۆ) واتە دەستەبژێرانی سیاسی لەم رێگایەوە، خەڵک لە هەمو ئاستەکانی کۆمەڵگادا دەخاتە بەردەم سەرۆکی دەستەبژێران. ئەم پەیوەندیانە میراتییە؛ بەهەمانجۆر کە مێژووی دەسەڵاتی باش بۆ ماوەیی پیشاندەدا، داهێنانی کاری سیاسی هەڕەمییە، نەک بە پێچەوانەوە. کەوابو ئایدیالی یەکسانخوازی نایەکسانیەکانی سیاسی نێوان سەرۆک و ئەو تاکانە توندتر دەکات کە لە پێگەی سەرۆکدان.

پابەندبونی دوولایەنەی دیموکراسی لیبڕاڵ بۆ تاکخوازی و یەکسانخوازی بە هەمانشێوە کە ئائێرە پیشانمدا، هەم بەپێی بەهای سیاسی و هەم بە گوێرەی بەجێهێنانی بەهامەندی بەرجەستە بووە کە رێکخراوە سیاسیە جیاوازەکان و دیموکراسی تۆتالیتار لە یەکەیەکی تەبای هەمو خەڵک پێکهاتووە، بەڵام بەشێکی کەمی خەڵک ئەندامنی و پەیوەندی نهێنی بە بەرپرسانی دەوڵەتەوە هەیە، سیستەمی حزبی لە دیموکراسی لیبڕاڵدا سیستەمی رکابەرێتییە، پشت ئەستور بە جەماوەری خەڵک و جیا لە بنەما سیاسیەکانی دیکە. پرسیار ئەوەیە کە چۆن ئەم لێکجیاییە لە رێکخراوی حزبی ئەنجام دەدرێ و پەیوەندی بە تاکخوازی لە چیدایە؟ چۆن رکابەرێتی نێوان پابەندبونی بەهایی دیموکراسی لیبڕاڵ پەیوەندی دەگمەنی نێوان حزب، دەوڵەت و کۆمەڵگا دێنێتە ئارا.

لە دیموکراسی لیبڕاڵدا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە تاک هۆکاری سیاسی سەرەکییە لە کۆمەڵگادا کە هەر تاکێکی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی دیاری دەکاو هەرچەند هیچ بەرژەوەندیەکی رووتی لەوانە بەرژەوەندی دەوڵەت خۆی لەخۆیدا بەسەر ئەوی دی ئیمتیازی نییە، سیاسەتی گشتی دەسکەوتی ئەڵقەی جیاجیای بەرژەوەندیەکە کە لە شێوەدان بە تێگەیشتن و پێناسە بەراییەکان رکابەرێتی دەکەن. بەو تێگەیشتنە لە تاک وەک هۆکاری سەرەکی، دیموکراسی لیبڕاڵ پشت ئەستور بە گروپی زۆرینەو جۆراوجۆر کە ئارەزومەندانە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوە رێکدەخرێن؛ رەوتی کاری دەوڵەت بەپێی دەنگەکانی چاودێری سیاسی و کێشمەکێشە کەسییەکان دەبێت. هاوکاری کۆمەڵی وەک ئەنجومەنەکان، لانیکەم لە پابەندبونی دیموکراسی لیبڕاڵ، هەوێنی ژیانی پڕۆسەی دیموکراسین. ئەم ململانێ و گرژیە، توانای شێوەدانی بەردەوامی

بەرژەوەندی بەهاکانی دیموکراسی لیبراڵە.

سیستەمی حزبی، سیاسەتە گشتیەکانی هەڵسوڕاوانی دەوڵەت شرۆڤە دەکات و لە کۆمەڵگای سیاسی بەرژەوەندیەکانی تاک دەربڕێت. لە باری ئەندێشەدا، سیستەمی حزبی کەناڵێکە نێوان کۆمەڵگاو دامەزراوە، حزبی و سیاسیەکان لە سەر بنەمای بەرژەوەندیەکان ڕێکدەخات و کەناڵیزەیان دەکات؛ واتە، هەوڵدەدا کۆمەڵگای سیاسی بە یاسا بکات و تێدەکۆشێت ڕەوت سەقامگیر بکات، تا سیاسەت دانـەران و بەڕێوەبەران وەڵامی ئەندامانی کۆمەڵگا بدەنەوە. جیاوازی تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمی حزبی ڕەخسێنەری مەیدانی گەیشتنی گروپە جیاجیاکانە، بۆ دەسەڵاتی سیاسی و کاریگەریان لە سەر ڕێبازی گشتییە.

حزب دەری دەخات سیستەمێکی سیاسی چەند دەتوانێ جەماوەری جیاواز، فرە و لە ڕوانگەی سیاسی کارا لە جیهانی سیاسی دیموکراسی تێکرا بکات. گۆشەگیری هەر گروپێک ناوەندی نوێنەرایەتی و دەسەڵاتی سیاسییە و سیستەمی دیموکراسی لیبڕاڵ دەخاتە مەترسیەوە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێک دەکات، کەوابو ئەو ئەگەرە زیاد دەکات کە ململانێ سیاسیەکان لەمەودوا پەراوێزی بەرپرسیەتی تایبەتی و سیاسەتەکان نەبن، بەڵکو لە ڕژێمی یاسایی بگەن. لەلاکەی دی سیستەمی حزبی جیاواز گرەنتی دەکات کە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت جێی بەرژەوەندییە گشتییەکان نەگرێتەوە، چونکە تاک دوا سەرچاوەی دیاریکردنی سیاسەتی گشتییە، کە لە سیستەمی حزبیدا بە کۆمەڵ ڕێکدەخرێن.

تاکخوازی سەرەڕای بە فەرمی ناسینی تاک وەک هاوڵاتی، هاوکات ڕێ بەکردەخوازی سیاسی تاک دەدا کە بە ویستی خۆی پەیوەندی بە رابردو، یان نەریتی تایبەتی خۆیەوە هەبێت، بەرژەوەندیەکان بناسێنێت، بە

سەرنجدان بە رابردو شێوە بداتە پێناسە کۆمەڵایەتیەکان و بەسەرنجدان بە پێناسەو بەرژەوەندیەکان بەشداری سیاسی بێت. حزبە سیاسیەکان ئامرازێک سازدەکەن تا پابەندبونە نەریتخوانەکان لە ڕوانگەی سیاسییەوە لە پانتاییەکی دیموکراسی مۆدێرندا سەرهەڵبدەن. وەک میکانیزمە بنەماییە تەوەریەکان کاردەکەن کە هۆکاری گونجانی کۆمەڵگای نەتەوەیی و دەزگای سیاسین و بەهەمانجۆر کە پارسۆنز بەڵگەی هێناوەتەوە، حزبی سیاسی هۆکارێکە بە هۆیەوە هاوپەیوەندی گونجاوی باو لە چوارچێوەی سیاسەتی مۆدێرندا دەردەبڕدرێن. شایەتی هەیە دال لەسەر بونی پەیوەندی بەڵگە هێنانەوەی بەهێزی نێوان ناسنامە خێزانیەکان و ئێکڕای ناسنامەکانی باو کە لە رۆژگاردا گەشەیان کردووە – دۆزینەوەی ناسنامە لەگەڵ حزبە سیاسیە تایبەتەکان، کە دەری دەخات وەفاداری حزبی هەر بۆ بڕیاردانی عەقڵانی روونکردنەوەی پێویست نییە، سیستەمێکی سیاسی جیاواز زامنی دەکات، کە گروپە گونجاوە فرەکان بەرژەوەندییان هاوتا بەشێوازی سیاسی مۆدێرن دیاری بکەن. حزبە سیاسیە مۆدێرنەکان لە دیموکراسی لیبڕاڵدا لە گروپێک زیاترن، بۆ نمونە گروپەکانی، ئایینی، رەگەزی و نەتەوەیی هەم وەک هێزەکانی ئێکڕاکردنی بە دەسەڵات هاوکاری تۆکمەیی هاوپەیمانی نێوان گروپە گونجاوەکان (لێکدژ) و هەم گۆڕینی هاوپەیوەندی باو بۆ هاوپەیوەندی مۆدێرن دەکات.

ئەم شێوازە جیایەی رێکخراوی دیموکراسی لیبڕاڵ زیاتر هاوشێوەی چاوەڕوانی کۆمەڵگایەکی سیاسی بەگشتی کارا دەردەبڕدرێت. جیاوازی ئەم دۆخە لە دۆخی باڵادەست بەسەر دیموکراسی تۆتالیتار بەرچاوە: لەم سیستەمانەدا، بەشداری کارا لە کۆمەڵگای سیاسی بۆ کەسانێکە کە هێشتا هاوکاری ئامانج و بەهاکانی دەوڵەتن. دەوڵەت بڕیاری نەداوە بەشداری لە ژیانی سیاسیدا ئێکڕایی بکات؛ بەڵکو بەهەمانجۆر کە هەنوکە

رِوونمکردەوە، پاداشت دەداتە کۆمەڵێک ئەندام کە بە بڕیار خۆیان لە دەوڵەت جیادەکەنەوە. ئەم رەوتە دەری دەخات دیموکراسی تۆتالیتار - بێ ئاگا لە ئایدۆلۆژیەکەیان - پەیوەندیەکی وایان بە پاراستنی هاوڵاتیانی کاراو رەخنەگرەوە نییە، هاوڵاتیانێک کە بتوانن باسی هەڵبژاردنی رێبازی سیاسی بکەن و بەدیلی سیاسی بخەنە ژێر سەرنجەوە، لە شێوەی تۆتالیتاری، (مرۆڤی نوێ) مرۆڤی کۆمەڵگایە، بەڵام بێ سیاسەت، لە راستیدا ئامانجی دەوڵەت بەرتەسک کردنەوەی بەشدارییە؛ بە ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە یەکسانی بەرژەوەندی هەموان دەستەبەر دەبێت.

بە پێچەوانەوە، دیموکراسی لیبراڵ پابەندی گەشەی بەشداری سیاسییە؛ بەهۆی بەشداری لە دامەزراوە سیاسیە مۆدێرنەکانی وەک سیستەمی حزبی، سیستەمی سیاسی گرەنتی بکات هاوپەیوەندی باو سیاسەتێکی لێناکەوێتەوە کە رژێم بخاتە ململانێوە. توێژینەوەی ئاکارەکانی لیبراڵ دیموکراسی داوای ئاراستەی (کەسایەتی کۆمەڵایەتی) هاوڵاتیان دەکات.

باوەڕبون بە خودموختاری و پلەوپایەی تاک، سروشتی عەقڵانی تاک فەرزکراو وەردەگرێت، چونکە دیموکراسی لیبراڵ نەریتەکان کۆناکاتەوە، سەربە چالاکی کۆمەڵگای سیاسییە. بۆیە دەکرێت تاک وەک کەسایەتی ناوەندی لە سیاسەتە دیموکراسیەکاندا دەرکەوێ و بەرامبەرو بکەوێتە دوای چەند کۆمەڵێکەوە کە بەپێی وتەزاکانی پێشبینی یان پێشتر دیاریکراو پێکهاتون. گومان دەکرێت بە کەیف و شادی دەرەنجامی فرەیی کۆمەڵگای سیاسی دیموکراسی دەبێتە کۆسپی ناجێگیری کە لە دەرەوەی جیهانی ئاکاری لیبراڵ دیموکراسی دەبینرێت.

## سروشتی تێکهەڵکێشی گونجاوی نێوان دەوڵەت و ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی

ئاێرە لە پەیوەندی بەهاکان، رێساکان و دامـەزراوە سیاسیەکانم کۆڵیوەتەوە. بەڵگەم هێنایەوە ئەم پەیوەندیانە دەسکەوتی پابەندبونی بەهای سیاسی تایبەتە کە کاریگەری بەسەر هەمو مەیدانەکانی ژیانی سیاسییەوە دەبێت، هەروەها پیشانمدا دوو شێوەی دیموکراسی پێکەوە گونجاوون کە تاریفیان دەکەم، بۆ چاودێری دەرەوە ئێگەیەنراویان دەکات. ئەم بەشە بە پشکنین لەم کارە دەکۆڵێتەوە کە سیستەمەکان چۆن، بە دابینکردنی ئێگەیەنراوی سیستەم بۆ ئەندامەکانی، شتێک لەناخی بەرهەم دێنێ، دەکرێ ناوی بنێی (مانادار بون). لە رێگای یاساو ئایدۆلۆژیەوە هاوپەیوەندی کۆنکرێت دەکات، بەهۆی ئەم میکانیزمانەوە تاکەکان شارەزای سیستەمی سیاسییان دەبن و دەیپارێزن. لە شرۆڤەی ئەم ژیانی سیاسییە، دووبارە بە تایبەتی بۆ مەسەلەی رەوایەتی دەگەڕێینەوە.

ئەگەر ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی خۆیان بە ئەندامی کۆمەڵگایەک نەدەزانی کە لەژێر دەسەڵاتی یاسای یەکسان و ئاتاج بە مافی یەکسانە، هیچکام لە دیموکراسی لیبراڵ و تۆتالیتار نەیاندەتوانی درێژە بە خۆیان بدەن. بە مانای فراوانتر، ناسنامەی هاوبەشی نیشانەی بونی قەڵەمڕەوی رێککەوتنی هاوبەشە دەرهەق بە ئامانج و مەبەستەکانی کۆتایی – بە مانای باڵادەستی – بەشێکی رێککەوتنەکان بە ناوی ئەندامانی یاسایی کۆمەڵگای سیاسییە. تێکهەڵکێشی گرێدراوە بە پەیڕەوی تاک لە سیستەمێکی یاسایی و قبوڵکردنی کەم و زۆر گشتی ئایدۆلۆژیەک (کە دەکەوێتە پشت بەرژەوەندیەکانی تاکخوازانەوە)، ئایدۆلۆژی باڵادەست بەشێکی پاشکۆ ناپێویستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە، لە کۆمەڵگایەکی وادا پێویست ناکات،

بەرژەوەندی کەسی سەربە چاکەی گشتی بکرێت، کە ئێکرِای مرۆڤەکان بەهۆی هزرو هەستی وشیارانە رێنمایی دەکرێن. هاوکات هەردوو پێکەوە تەندروست یان زەرەرمەند دەبن، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرن، ئایدۆلۆژی ئێکرِاکەر بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی مۆدێرن پێویستە کە جیهانی سیاسی دنیایی بە ترس و نیگەرانیەکانی کەلتوری پیرۆزتری گروپە جیاوازەکان دەبەستێنەوە. گیرتز دەڵێت:

کاری ئایدۆلۆژی، ئاسانکردنی سیاسەتێکی خودموختارە بۆ خستنەڕووی چەمکەکانی دەسەڵات کە مانای پێدەدا، واتە وێنای قەناعەتپێکەر و بەهۆیەوە تێگەیشتن لە سیاسەتی خودموختار ئاسان دەبێت.... جیاوازی رژێمێکی خودموختار گرەنتی جیاوازی ئەلگۆیەکی کەلتوری لێکجیاو تایبەتی کاری سیاسییە، چونکە ئەلگۆ کۆن و ناپسپۆڕەکان بۆ رێنمایی داوای سیستەمی سیاسی، یان زۆر فراوانن و یان لکاوتر لەوەی بتوانن رێنمایی داوای سیستەمی سیاسی بن.

هاتنەئارای سیستەمی مافەکانی مۆدێرن و دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیەکی ئێکرِاییکەر کە بتوانێ بەردەوامی بە ژیانی سیاسی بدا، هەردوو لە پەیوەندی بە رابردوی کەلتوری سیاسی تایبەتمەند و تێگەیشتنی (باو) تایبەتی ئاکاری گونجاون. بەم مانایە، هەر کۆمەڵگایەکی سیاسی ئێکرِایی شتێکی بە ناوی (ئاینی مەدەنی) هەیە، واتە شێوەبەندی عورفی لە بنەماو بەهاکانی نەتەوەیی کە دەیەوێ مانای پیرۆزی بە گریمانە وەربگرێت، مانایەک کە بون و ئامانجی میللەت پاساوبدات.

سەرباری هەر کۆمەڵگایەک سیستەمی مافە تایبەتیەکانی خۆی دادەمەزرێنێ کە تایبەتمەندیەکەی لەمەڕ پەیوەندی هاوتای ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی و دەوڵـەت و خـودی ئەندامان لە هــەردوو ئاینی

مەدەنی و نەریتە مافیەکانی رابردو سەرچاوە دەگرێت. راستە کە ئایینە مەدەنی و سیستەمە مافیەکان یەکسان نین، تایبەتمەندیەک هەیە کە بە ئاشکرا دیموکراسی لیبڕاڵ لە دیموکراسی تۆتالیتار، جیادەکاتەوە. ئەم جیاوازیە ئاماژەیەکە هەریەک لەم سیستەمە سیاسیانە ئەلگۆی تایبەتی ئەم تێکهەڵکێشیەی هەیە.

لە دیموکراسی تۆتالیتاردا، تێکهەڵکێشی بەهۆی ئوستورەوە رەوایەتی دەدا بە کۆمەڵگا. پڕۆژەی مۆدێرنی ئازادی لەبەر کۆمەڵگا رزگار ناکرێت. دیارە مافەکانی مرۆڤ لە دیموکراسی تۆتالیتاریشدا ورووژێنەرن، بەپێی ئوستورە ئـازادی کەسی بە کۆمەڵی دێتە دی و هەرکاتێک تەنانەت کاتێک بەدی دێت کە هەمو تاکەکان ئازادبن. بەهۆی گەشەی کۆمەڵگاوە یەکسانخوازی کۆمەڵگایەک، کۆمەڵگای باش بەدی دێت کە هاوسەنگ و سەرکوتکەر نەبێت، بەمەش تێڕوانینی تۆتالیتار، لە پێوانە بە تێڕامانی لیبڕاڵ دیموکراسی، وێنای واتایی و روونی کۆمەڵگای داهاتو دەخاتەڕوو. لەم وێنایەدا، هەنوکە لە خزمەت داهاتودایە.

بەڵام ئەم تێڕوانینە لەمەش بەهێزترە. ئوستورە نەک وێنایەکی تایبەتی کۆمەڵگای ئایدیال ئاڕاستە دەکات، بەڵکو لەگەڵ هەندێک یاسای خودی سروشت، یان مێژوو بە ئاڕاستەی دەجوڵێت. دەرەنجامەکەی، دووربونی سیاسەتکردنە کە ئارەزو دەکات کۆمەڵگا لە مەیدانی سیاسەتدا بەرەوپێش بباتـ – . سیاسەتکردن لە ململانێ و پێکدادانەکان دەپارێزرێت. دەرەنجامی ناوەوەیی ئەم ئایدۆلۆژیە کۆمەڵگاخوازە زۆر قوڵ و ئاڵۆزە.

یەکەم، بەهەمانجۆر کە لە روانگەی جیاواز لێکدرایەوە، دەسەڵاتی دەوڵەت زۆر زیادە. دەوڵەت دەتوانێت کۆمەڵگا دابمەزرێنێ. خوڵقاندنی ئەم دنیا نوێیە، یان ئافەریدەکردنەوەی جیهانێک پڕۆژەیەکی کۆمەڵییەو

به چالاکی نارێکی تاک ناکرێت، که له رابردودا هەبووە. ئەو دەرەنجامە وەک بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت پێناسە دەکرێن که بەرژەوەندییە گشتییەکان ، واتا جوڵان بەرە و کۆمەڵگای باش. بەرژەوەندیەکانی کەسی، کاتێک جیا له بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت پێناسە دەکرێن، شوێنی دەکەون. بەم دەستەواژەیە، سیاسەت، واتا مەیدانێک که بەرژەوەندیە لێکدژەکانی رکابەری یەکن، سەربە وێنایەکی کۆمەڵگای دوور له سیاسەت دەبێت. دەوڵەت له رەوتی سەرکوتکردنی قەڵەمڕەوی سیاسەت، داهاتویەکی هاوشێوەی دەبێت.

دوو، کۆمەڵخوازی، گرێدراو به یاسای پۆست مێژوویی، تێگەیشتنێکی تایبەتی کۆمەڵگا دەخاتەڕوو ناساندنی ئەندامیەتی یاسایی له کۆمەڵگای سیاسیدا زۆر بەرتەسک دەبێتەوە، بۆ نمونە له توندترین شێوەبەندیەکەی، کاتێک که یاسای سروشت کەسانی تایبەتی وەک میرانگرانی یاسایی کۆمەڵگا دیاری دەکات، رەنگە هەمو خەڵک لەبەرچاو نەگیردرێن. چەمکی کۆمەڵگای یەکسانخواز به ئاسانی تەبا به هزری سڕینەوەی کەسانێک که ئەندامی ئەو کۆمەڵگایە نین و لەوانەیە پێی پشت ئەستور بێت. واتا دوورخستنەوەی کەسانێک که نەیانتوانیووە هەڵوێستی کۆمەڵخواز یان دۆخی دوورکەوتنەوە له مەیدانی سیاسەت قبوڵ بکەن، وەک روناکبیران و تێکڕای دەستەبژێرانی کەلتوری. سەیرە، به هەمانجۆر که نمونەی دیموکراسی تۆتالیتار دەری دەخا نەک پابەندی سەرف به یەکسانخوازی، بەڵکو پابەندی تاکخوازی دیموکراسی لیبڕاڵە که له بەرتەسککردنەوە، یان سڕینەوە رێی به ئەندام بوون له کۆمەڵگای یەکسانخواز دەگرێت. به سۆز بون بۆ داهاتوی کۆمەڵگایەکی هاوڕا، هەمو ئەوکەسانە دووردەخرێنەوە که به یاسایەک یان یاسای دیکە، لەو کۆمەڵگایە به ناتەبا دەزانرێن، بۆیە بارودۆخی ئێستا به جۆرێک کار دەکات، که داهاتو هاوشێوەی بێت.

سەرەنجام، پەیوەندی دەوڵەت بەم ئامانجە کۆتاییە یاساش دەکاتە سەربە تێڕوانینی (کۆمەڵگای لە دەق گرتندا). رۆبێرتۆ ونگر لە شرۆڤەی تایبەتمەندییە تەوەریەکانی کۆمەڵگای سۆسیالستی شۆڕشگێڕیدا دەنوسێت: (مەیلی تەوقکردنی رادیکاڵ و بێویژدانانەی تاک و سروشت لەم کۆمەڵگایەدا هەیە، بەڵام ئەم مەیلە هەڵگری بیروباوەڕێکە کە ئامڕازگەرێتی پێگەیەک دێنێتەئارا و لێکدژی نێوان ئیرادەی تاک، سیستەمی کۆمەڵایەتی و سروشتی ناخی دەسڕێتەوە، چونکە ئەوە نامێنێ کە لە کۆمەڵگای سروشتیدا مرۆڤ سەرکوت دەکات)، بەم شێوەیە (یاسای ئامڕازگەرێتی دەوڵەت لاواز و زەرەر مەندە؛ یاسای فەرمی سەربە یاسای شۆڕشگێڕییە). سەرەڕای حکومەتی تۆتالیتار حکومەتێکی بێ یاسا نییە، بەهەمانجۆر کە هانا ئارێنێت دەربارەی دەوڵەتە تۆتالیتارەکان دەنوسێت: (بە گژداچونەوەی ئەم دەوڵەتانە داوای یاسایی ئەرێنی شێوەی باڵاتری رەوایەتییە کە لە خودی سەرچاوەکان ئیلهام دەگرێ، دەتوانێت هەمان یاسای لاوەکیش لە بەین بەرێت.

یاسایی بونی تۆتالیتار، بانگەشەی دۆزینەوەی رێگایەک دەکات بۆ سەقامگیری حکومەتی دادپەروەر لە سەر زەوی، شتێک کە یاسایی بونی یاسای ئەرێنی دەستی ناکەوێت).

دەرەئەنجامی کاری کۆمەڵگایەکی تێکڕاییە، تێکڕایی ئوستورەیەک لە کۆمەڵگا کە تاکەکانی بەهۆی لاوازی یەکسان و زەرەرمەندی لە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە دەلکێن. حەتمەن ئەلگۆیەکی تێکڕایی لە ئەلگۆی تێکڕایی دیموکراسی لیبراڵ جیاوازە. رەنگە لەوێ بەرپرسانی سیاسی دوژمنییان بۆ دروست ببێت، کە ئیش بۆ دەوڵەت دەکەن و لەم راگوزەرەوە موچەیەکی تایبەتییان هەیە و سەروتر، تێکڕایی لە هەڵوێستی گیان بەختکردن رەنێو دێت: بەختکردنی بەرژەوەندیەکانی کەسی لە پێناو بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت و

گیان فیداکردن لە پێناو داهاتو، لە دیموکراسی تۆتالیتار بەدیهێنانی ڕەوایەتی نیشانەی بونی جۆرێک ڕەنج و کۆششی زۆرەو ڕەوایەتی ڕەنێو هاتو توانای دەزگای ئایدۆلۆژی، توانای ڕوانگە، یان هەردووک پیشان دەدات.

بە پێچەوانەوە، دیموکراسی لیبڕاڵ ڕێزی سیاسەت دەگرێ و ئەگەر کۆمەڵگایەکی هاوڕاو بە دەر لە ململانێ ڕەتدەکەنەوە؛ قەڵەمڕەوی ئازادی بۆ چالاکی سیاسی زیاد دەکات؛ دەکرێت مافەکانی مرۆڤ بە هەوڵی تاکەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و مافەکانیان بپارێزرێت. کاتێک دیموکراسی لیبڕاڵ دەزانێت کۆمەڵگا سەرکوت دەکرێت، کە کۆمەڵێک گروپی تاکەکان سورن لە سەر بونی، دەبێت گروپی تاکەکان لە ڕوانگەی سیاسییەوە ڕێکبخرێن و ئەوانی دی ڕازی بکات کە بونی ئەو سەرکوتکردنە دەستدرێژی کردنە سەر تاکی ئـازادە. تایبەتمەندی تـەوەری دیموکراسی لیبڕاڵ نەبونی هەرجۆرە وێناکردنێکی واتایی تایبەتی کۆمەڵگای تەندروست، یان هەرجۆرە ئەندێشەیەکی تایبەتی کە ڕەنگە کۆمەڵگای تەندروست هاوشێوەی بێت و نەمانی هەر ئەندێشەیەک کە دەبێت داهاتو چۆن بێت، لە جێدا بـەردەوام هەڵسەنگاندنی پەیوەندی کۆمەڵگاو ئایدیالی تایبەتی (وەک یەکسانخوازی، دادپەروەری و جوڵانەوەکان بۆ هێنانەدی باشترینیان) گۆڕاون و پێداچونەوەیان بەردەوامە. زۆرتر باوەڕ بە پێشکەوتن هەیە، واتا باوەڕ بە باشتر بونی ژیانی هەنوکە لە ژیانی ڕابردو، شیمانە دەکرێت ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت، بەڵام هەمیشە سیستەمی سیاسی دۆخێکی وەهای نییە، ئەم بیروباوەڕە نییە کە داینەمۆی بزووێنەری مێژوویی و سروشتی وڵات لە ڕووی تایبەتی بەرەوپێش پاڵەستۆ دەداو بە پێچەوانەی دیموکراسی تۆتالیتار، هیچ تێگەیشتنێک لە ڕوانگەی کۆتایی یان جیهانی ئایدیالی نییە، دیسانەوە ئەم جیاوازی بنەماییە سەرچاوە لە تاکخوازی دیموکراسی لیبڕاڵ دەگرێت.

بە تێڕوانینی تاک وەک دوا هەڵسوڕاوی سەرەکی مەیدانی سیاسەت و پەرەسەندنی قەڵەمڕەوی ئازادی تاک وەک دوا ئامانجی دیموکراسی لیبڕاڵ، هیچ تێگەیشتنێک لە کۆمەڵگا ئاسان نییە، بێ ناڕەزایی و ململانێ بێت. ئەم روانگەیە دەرەنجامی ناوەوەیی گرنگی لەخۆ گرتووە.

یەک، دەبێت دەوڵەت وەک هەمو فاکتەرەکانی کۆمەڵگای سیاسی، بۆ زاڵبون و پێشینە وەرگرتنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت (واتە، بەرژەوەندییە گشتییەکان) رکابەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بکات. بەردەوام دەست دەخەنە نێوان ئەم دووەوە (کە لە مێژە هاوشانی پێشکەوتنی دەوڵەتە) و ئەنجامەکەی لەهەر قۆناغێکدا دیار نییە، دەوڵەت رازی نابێت بە ئامانج، یان پەیامێکی تایبەتی جیاواز لە باشتر بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کەسییەکان، یەکسانکردنی دەرفەتەکان لەنێوان حزبە تایبەتەکان و هاوشێوەیان. پێوەرە پێشنیازکراوەکان بۆ یەکسانکردنی کۆمەڵگای سیاسی بەم ناونیشانە دەرپارێزرێن، دەتوانن کۆمەڵگای سیاسی بێننەئارا کە تاکەکانی بۆ مەبەستی دەستەبەری پاداشتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی زیاتر رکابەرێتی بکەن. لەم روانگەیەوە بەردەوام دەوڵەت سەربەو بەرژەوەندیەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی دەیان ناسێنێت. دەوڵەت بۆ کاریگەربونی بەسەر وەرگرتنەکان لاواز نییە، کە دەبێتە بەرژەوەندی کەسی، بەڵکو تاوانی پێشتر لاوازیەتی بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگای سیاسی لە رووی بەرژەوەندیەکانی خۆی.

دوو، سیستەمی یاسایی و رێسایەک کۆمەڵگای سیاسی بە هێز تێکڕا دەکات کە بەسەر ئاکارو رواڵەتە کۆمەڵایەتیەکاندا باڵادەستن و پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەهامەند دیاری دەکەن. دەکرێ بە لەبەرچاو گرتنی توخمی جەوهەری (رێبازی دیموکراسی) پیشان بدا، کە یاسا لەودیوو بەرژەوەندی تایبەتی، لە زۆر لاوە لە ئەنجومەن و بۆرۆکراسی

جیایە؛ کارێک کە دەوڵەت ئەنجامی نادات. لە ڕاستیدا، بنەمای یاسایی وەک ویژدان، بێلایەنی و میتۆدی یاسایی ئاشکراکردنی ڕاستی بەهۆی ڕواڵەتەکانی ناکەسی دادوەری، تەوەری خۆناسی ئەندامانی کۆمەڵگایە. بە ناسینی لەم واقعیەتە دەگەین کە سیستەمە یاساییەکان لە ڕووی دیاریکردنی دەسەڵاتی دەوڵـەت و زیادکردنی دەسەڵاتی تاک کاردەکات، لە کاتێکدا یاسا لە دیموکراسی تۆتالیتاردا دەبێتە قوربانی ئایدۆلۆژی (دەوڵەت)، لە دیموکراسی لیبراڵ پەیوەندی نێوان یاساو بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت پەیوەندیەکی مشتومڕاوییە. دەکرێت بوترێ سیستەمە یاساییەکان شوێنەواردانەرە، چونکە یاسا هەڵسوڕاو ئازادی تاک دەپارێزێ و گەشەی پێدەدات.

سەرەنجام تەوەریەتی کردەی سیاسی لە پێناسەی دیموکراسی لیبڕاڵ، کۆمەڵگایەکی سیاسی کەمێک گونجاو دێنێتە ئارا کە بەهاو باوەڕی هاوبەشی کەمە، زۆرجار وادەزانرێ کە کۆمەڵگا زیاد لە ئاست ململانێ ئامێز، هەمیشە لە کێشەدا، کەمتر وەک پێویست ئاگای لە تەبای کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە جمک بە لێکدژیە نەک تەبایی، بەڵام ڕەخنە سیاسیەکانی هەم باڵی چەپ و هەم ڕاست کە دەچێتە ئەم ئەلگۆیەوە تێگەیشتنێک لە کۆمەڵگای تەبا ئاڕاستە دەکات، کە دواباڵادەستی دادپەروەری بنەمایی بەسەریدا زاڵە. ڕوانگەیەکی بەم چەشنە وەک بە دیلێک بۆ سیستەمی لیبڕاڵ، تاکخوازی و ئەتمیزە بو پێشنیاز دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە یاسا دەگیردرێ، چونکە ڕواڵەتخوازیە و دادپەروەری بنەمایی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی پاراستنی ڕەوتە ناکەسیەکان کە سیستەمە یاساییەکانی پێ بونیات دەنرێت. ڕەخنەی لەم چەشنە لە دیموکراسی لیبراڵ شایانی سەرنجێکی وانیین. ئەم ڕەخنەیە بە ئاڕاستەی ئەو لایەنەیە کە دیسانەوە بونی پڕۆسەی سیاسی و ئازادی دەربڕین ئەوەندەی

که له دییموکراسی لیبراڵدا ڕێپێدراوە، له هەمو کاتەکاندا پێویستی پەسندی دیاری نەکردن و ناتەبایی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت. زۆرجار سەپاندنی ئەم دیاری نەکردنە دژوارە.

ئایدیالی کۆمەڵگاو پەیوەندی بە دادپەروەری بنەمایی کاردانەوەیەکی ئەم دیاری نەکردنەبو، چونکە دەنگی ناڕەزایی تاک لە سیستەمە تۆتالیتارەکاندا کاردانەوەیەکە روانگە کۆمەڵیەکان بەهێز دەکات، لە دیموکراسی لیبڕاڵ داینەمۆی بزوێنەری کۆمەڵگا وەک رەوتی بەردەوامی سیستەمێکە کە هەم پابەندی تاکەو هەم یەکسانی.

**ئەنجامگیری**

ئامانجی ئەو نوسینە: یەک، ناساندنی دوو سیستەم و بەشە جیاجیاکانی هەر سیستەمێک و پەیوەندیان بەیەکەوە دیاری بکات. هەردوو سیستەم بە یەکگرتویی (لە دەرەوە) بە گەڕانەوە بۆ بەها گشتیەکان توانیویانە کۆمەڵگای سیاسی بپارێزن، لە روانگەی ئێمەوە، هەنوکە تۆتالیتاریزم شێوەیەکی حکومەتی رەوا، بەڵام ناخۆش، لە زەین دەگرن، بێجگە لەمە بە پیشاندانی تەوەریەتی پابەندی بەهایی هەمو لایەکانی رێکخراوی سیاسی، دەبێت ئاشکرابێ کە دیموکراسی لیبڕاڵ و تۆتالیتار ناکەونە سەر پەیوەستێکی سیاسییەوە، وەک نمونە کاتێک دەسەڵاتی دەوڵەت لە دیموکراسی لیبڕاڵ گەشە بکات، دەبێ ئەنجامگیری نەکرێ کە ئەو سیستەمە لە تۆتالیتار بوندایە، بەهەمانشێوەیە کاتێک لە دیموکراسی تۆتالیتاردا ئازاد دەکرێن، ئەنجامگیری ناکرێ کە ئەو سیستەمە دەبێتە لیبڕاڵ. هەریەک لەم سیستەمانە چوارچێوەیەکی تایبەتییان هەیە کە بەردەوام پەیوەندی بە چوارچێوەی خودی سیستەمی بەهایی و رێکخراوی سیاسییەوە هەیە. بە کورتی هیچ

مەترسیەکی لە سەربنەمای نزیکبونەوە و لێکجیانەکراوەی ئەم دوو شێوەیەی سیستەمی دیموکراسی مۆدێرن و چونەپاڵ یەکییان بە شێوەیەک نییە، کە لە یەکتری جیانەکرێنەوە.

سەرباری، لێرەدا گۆڕانکاریەک لە راستی ئایدیالی دوو شێوەی حکومەتی دیموکراسی خراوەتە روو، بە هەمانشێوە هیچ کۆمەڵگایەکی سیاسی یان دەوڵەت - میللەتێک نییە، کە لە تایبەتمەندیەکی ناوبراودا گونجاوو سازگار بێت، بەڵام هەوڵمدا بەشیکردنەوە هەندێک لەو بنەمایانە بناسێنم، گوشاری ناخی سیستەمەکە ئاشکرا دەکەن و بۆ ئەندامەکانی ئەو سیستەمە مانای هەیە، بۆ نمونە دیموکراسی لیبڕاڵ لە دۆخی ئەندێشەدا وەک مەیدانێک دەناسێنرێ کە ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکی سیاسی یەکسانخواز لەبەر بەرژەوەندی کەسی بە کۆمەڵ رێکدەخرێن. لێکدانەوەیەکی لەم چەشنەی بونی قاتبەندی و کاریگەری لێکدا لێکدا لەسەر پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو ناگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شرۆڤەی بەهامەندی دیموکراسی لیبڕاڵ تێگەیەنراوە کە بۆچی رەخنەی رەوایەتی قاتبەندی، تەوەری سەرەکی جوڵانەوەی سیاسی نەیار لە مجۆرە سیستەمەدایە. مەیلێک کە کردەخوازانی سیاسی دەی وروژێنن، کەلێنی نێوان دۆخی ئایدیالی دیموکراسی لیبراڵ و واقعی لادەبات، بەمجۆرە لە تۆتالیتاردا شایەتی چەند دژایەتیەکن بەرە و لاوازی سیستەم بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی تاکی ئازاد، کە تاکەکانی بتوانن ئازادو بێ شەڕوشۆڕ شوێن بەرژەوەندیەکانی خۆیان بکەون. بەهایەک بۆ دیموکراسی تۆتالیتاری ئازادی نامۆ نییە، بەڵکو بەشێک لە پەیکەریەتی و جەختکردنەوە لە مافەکانی تاک سەپاندنی چوارچێوەیەکی سەرچاوەی دەرەکی دەرناخات، بەڵکو ئەندامانی کۆمەڵگا لە وادە و بەڵێنی نەبراوەسەر، یان دواخراو تێدەگەن.

له کۆتاییدا، پاراستن و دژایەتی سیستەمێکی سیاسی دیاریکراو رەگی لە وادە دراوەکانی ئەو سیستەمە و تێگەیشتنی تایبەتیدایە کە دەربارەی هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەم وادانە دەوترێت، بەڵام بەردەوامی و زیندویی ئەم سیستەمانە پشت ئەستوور بە رەزامەندی ئەندامانی کۆمەڵگا، بۆ پەسندکردنی ئامانجی رژێم و کەلێنی خودی نێوان واقعیەت و ئایدیالە، بەم مانایە چارەنوسی دیموکراسی لیبڕاڵ و تۆتالیتار بە یەکسانی پەیوەندی بە ئیرادە و ویستی خەڵکەوە هەیە.

# بەشی سێیەم
# مۆدێرنێتە و تۆتالیتاریزم

لوچیانۆ پلیکانی

**یەک:**

بەپێی پێناسەی ستانداردی مۆدێرنێتە، تۆخمە بنچینەییەکانی بریتین لە بە پیشەسازی بون، بە ئەقڵانی بون و ئەریستۆکراسی. بەو شێوەیە مۆدێرنێتە لە باشترین شێوەیدا شارستانیەتێکە، بەڵام کەلتورێک نییە، نابێ زیگمۆنت باومەن بەم وتەیە سەرسام بێت کە کوشتنی جولەکە ئەزمونێکی دەگمەن، بەڵام بنیچنەیی (ئامادەییە شاراوەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن) بو. لە درێژەیدا دەنوسێت: بەبێ کۆمەڵگای مۆدێرن (کوشتنی جولەکە چاوەڕوان نەکراو دەبو. جیهانی ئەقڵانی شارستانیەتی مۆدێرن بو کە کوشتنی جولەکەی وێناکراو کرد.

کۆمەڵکوژی جولەکە ئەوروپییەکان لەلایەن نازیەکانەوە نەک هەر دەسکەوتی تەکنەلۆژیای کۆمەڵگای پیشەسازیە، بەڵکو دەسکەوتی ڕێکخراوی کۆمەڵگای ئەریستۆکراسی بو.) بە کورتی، کوشتنی جولەکە دەستکەوتی کەلتوری ئەریستۆکراسی، لەسەر بنەمای (ڕۆحی ئەقڵانیەت ئامڕازی)ە کە گوێی بە بەها ئاکاریەکان نەدا.

بێگومان رێکخراوی پیشەسازی مۆدێرن مەرجی پێویستێ بو، بۆ (چارەسەری کۆتایی)1. بەم حاڵەش بە هەمانجۆر باوەڕی باومەن وایە لەم کارە ئەنجامگیری ناکرێت کە (هەمان ئەندێشە ئەنجامی کۆتایی ئاکامی کەلتوری بۆرژوکراتیکە.)، بە پێچەوانەی باوەڕی باومەن لە روانگەی مێژوویەوە تایبەتمەندی رایشی سێیەم نەک دەسەڵاتی ناکەسی عەقڵ، بەڵکو (پەیڕەوی عەقڵانی ... داوای ئایدۆلۆژی) بو کە لە ماوەیەکی زۆردا، ئاکامی کارەساتاوی هەبو.2 بە هەمانشێوە پێشنیازی تەفروتوناکردنی (رەگەزی جولەکە) دەستکەوتی سەرۆکێکی کاریزما بو. ئاکامەکەی، کوشتنی جولەکە دیاردەیەکی بژاردە و زۆرتر بە هەنگاوەکانی جەماوەریتر پێوانە نەدەکرا کە حکومەتی بۆرژوکراتی باو لە سەدەکانی رابردو ئەنجامیدا. کاتێک بژاردەبون (دوا چارەسەری) ئاشکرا دەبێت کە ئیلهام بەخشەکەی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە. بە هەمانجۆر کە هیتلەر لە ئاخاوتنێکیدا بە ئاشکرا ئاماژەی پێکرد: (راستگۆیانە رەفتارم لەگەڵ جولەکەکان کردووە. لە بەرەبەری شەڕ دوا هۆشداریم پێدان. هۆشداریمدا، ئەگەر دوبارە جیهان رابکێشنە شەڕەوە، هیچ لێبوردنێک دادیان ناداو حەتمەن ئەنگلەکان لە ئەورووپا دەسڕدرێنەوە. دومەڵی جولەکەشمان وەک باقی تر داتڵیشاند. نەوەی داهاتو، هەتا هەتایە سوپاسگوزارمان دەبن.)

ناکرێ بانگەشە بکرێت کە تەفروتووناکردنی جەماوەری جولەکەکان دەستکەوتی عەقڵانیەتی ئەریستۆکراسی بو. دەزگای ئەریستۆکراسی پێویستبو، بەڵام لەو گرنگتر جیهانبینی بو کە تایبەتمەندێتی خواناسیەکی شۆڕشگێڕی نمایش کرد، هاوشێوەی هەمو خواناسیە شۆڕشگێڕەکان، زەینەکانی بەم هزرە سەرقاڵکرد کە جیهان قوڕولیتەیەکی ئاکاریەو ئەنگلەکان ئاڵودەیان کردووە، دەبێت بکرێنە ماری ژنان کوشتوو، لە شیکاری کۆتاییدا پەیوەندیەک

لەسەر بنەمای راڤەی لەبنچینەدا ناڕاستی تۆتالیتاریزمە، کە باوەڕیان وایە لە نێوان مۆدێرنیتە و کوشتنی جولەکەدا نەخشەی دەکێشێت، ئەگەر تۆتالیتاریزم هەمان دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی بێت، ئەوکاتە دیاردەیەکی کۆنینە زاڵدەبێ کە لە سەردەمی یەکەم شارستانیەتی گەورەدا هەیە و دەزگایەکی گەورەی دامەزراندووە.

لەوە گرنگتر بەیەکسان زانینی جەوهەری مۆدێرنیتە بە دەزگای پیشەسازی - تەکنەلۆژی و عەقڵانیەت ئامرازییە. لەم بە یەکسانی زانینە باوەڕیان ئەم واقعیەتە رەچاو ناکات کە مۆدێرنیتە، تاکە (شارستانیەتی لەسەر بنەمای ماف و ئازادیەکان) بووە و هێشتاش هەیە.

ئەم کارە سەرچاوەی تێگەیشتنی نادروستی گرنگیەتی کەلتوری مێژوویی شۆڕشی ناسیۆنال سۆسیالیستە، کە لە بنەڕەتدا شۆڕشێک بو دژی مۆدێرنیتە بە ناوی کەلتوری ماف و ئازادیەکان.3 بە دەستپێکی یەکگرتویی، ئەڵمانیا بە شێوازێکی کاریگەرتر لە دابی کەلتوری خۆرئاوا جیابووە، وەک کەلتوری خۆماڵی و بە دوورخستنەوەی هەمو رووەکانی بێجگە لە تەکنەلۆژیا، زانست و رێکخراوی پیشەیی هێزەکانی بەرهەم هێنان، دژی شارستانیەتی بۆرژوازی گەشەی پێدرا.

جێفری هەرف لە دەرەنجامی ئەم کارە ناوی دەنێت (مۆدێرنیزمی دواکەوتو). مانای ئاوێتەی لێکدژ و خۆوێرانکەری تەکنەلۆژیاو نائەقڵخوازی کە لە فەزایەکی تەواو جیا لە (مۆدێرنیتە، سەرمایەداری، یان رۆشنگەری).

**دوو:**

بەم حاڵە، بە یەکسان زانینی بێ بەڵگەی مۆدێرنیتە و عەقڵانیەت ئامرازی جێی سەرسامی نییە، کە کلیلی لێکدانەوەی باوەڕیانە لە کوشتنی

جولەکە. لە دەیەی 1930، ئەندامانی قوتابخانەی فڕانکفۆرت سوربوون، کە تۆتالیتاریزمی نازی دەبێت خاڵی دەستپێکی (لۆژیکی) شارستانیەت (کەلتوری مۆدێرن) بێت، لەسەر بنەمای بە یەکسان زانینی شێتانەی عەقڵ بە ratio. لە ساڵی 1939، ماکس هۆرکهایمەر وتی: هەڵەیە دیکتاتۆری نازی لە کەلتوری خۆرئاوا جیابکەینەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە (ڕێسایەک مەیلی نازیزمی هەیە کە لە 1789 بە ناوی ڕێگای پێشکەوتن دەرکەوت)، تا ئەو ئاستە کە دەکرێت بوترێ (فاشیزم حەقیقەتی کۆمەڵگای مۆدێرنە) و (بەگژداچونەوەی فاشیزم بە پشت ئەستوری هزری لیبراڵ بە مانای پەنابردنەبەر شتێکە کە فاشیزمی سەرخستووە.)

لایەنگرانی جۆزێف دومستەر کێشەیان لە پەسەندی ئەم مەسەلەیە نییە، چونکە بۆ خۆیان بانگەشە دەکەن کە رکابەرێتی بەرە و بەربەریەتی مۆدێرن بە (کاری ئەهریمەنی) سەدەی رۆشنگەری و 1789 دەستی پێکرد. ئۆگستۆ دلنوچە، کە نۆربرتۆ بۆبیۆ ناوی دەنێت (مامۆستای سەدەی بیست)، مۆدێرنێتە بە کەلتورێکی (لە خۆیدا تۆتالیتار) دەزانێت4 – ئەم وەسفە بووە پاڵنەر بۆ نوسینی جاڕزترین کتێبەکانی؛ دیالەکتیکی رۆشنگەری. لەم کتێبەدا هاوشێوەی کلاسیکی سۆسیۆلۆژی، ئادورنۆ و هۆرکهایمەر، دەڵێن (ئازادی کۆمەڵایەتی لە هزری رۆشنگەرانە جیانەکراوەیە)، لەو باوەڕەدان (شێوەی راستەقینەی مێژوویی – واتا دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەم پەیوەندیەیان بۆ دەگەڕێنەوە هاوکات تۆوی دژی (ئازادی)شن.)، کە مرۆڤایەتی نوقمی جۆرێکی نوێی بەربەریەت کردووە، پێیانوایە رۆشنگەری لە هەوڵیدا بۆ ئازادکردنی مرۆڤەکان لە ئوستورە، جادوو خورافات، زانستیانە شرۆڤەی کرد کە ئاگایانە (مانا)ی رەتدەکردەوە و مەعریفەی بە هەمان (لێکۆڵینەوەی جیهان) دەزانی، لە دایکبون و گەشەکردنی جیهانی ئەلگۆیەک لە رێکخراوی

کۆمەڵایەتی (لە ژێر هەژمونی هاوسەنگی) دابەزیو بۆ جیهانی دیاردەگەل (کە بە ژمارە کەمی نەکردووە) و پێویستی بە (لە بەینبردنی خواکان و خەسڵەت)ە. بەوە دەورەی دراوە کە، رۆشنگەری بەم مانایە تۆتالیتارە و بەرهەمی وێرانکەری ئەفسانە سڕینەوەکەی جیهانی نائومێد کردووە و بەرایی سەدەی (دەسەڵاتی هەمانکێشە)یە کە مرۆڤی ئابوری بیرتیژ تێیدا بەناوی پێشەوا کاردەکات، لەکاتێکدا هەمو شتێک (لە روانگەی بەرهەم هێنان و راپەڕاندن)دا دەبینرێت. بەمەش دەسەڵات بە بەهای نامۆبونی مرۆڤ لە شتەکانی بن دەسەڵاتی دەستەبەر نابێت؛ بە شتکردنی رۆح، هەمو پەیوەندیەکانی مرۆڤ – تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ بەخۆی – کەمبۆتەوە. رۆح باوەڕی (ئەنیمیزم) شت دەکاتە واتایی، لە کاتێکدا پیشەگەرایی رۆحی مرۆڤ دەکاتە شت.

زەحمەتە لەوە بگەین، کە ئەم شرۆڤەی کەلتوری مۆدێرنە لەگەڵ شرۆڤەی رنە گنون جیاوازی چییە، لە هەر دوو شرۆڤەکە مۆدێرنێتە هاوڕێکی (زاڵبوونی چەندایەتی)یە. بەم حاڵە جیاوازیەک هەیە. گنون ئەقڵگەرایی خۆرئاوا بەهۆی مەیلی (ئەهریمەنی) بە تێکدانی سەرجەم دامەزراوەو بەها باوەکانی حکومەت تاوانباری دەکات، لە کاتێکدا ئادرنۆ و هۆرکهایمەر رۆشنگەری تاوانبار دەکەن، چونکە شێوەی پاڵێوراوی رۆح باوەڕییە: روانگە دیالەکتیکەکانی دەربارەی مێژوو. سەرەڕای، ئەنجام یەکە: ئیدانەکردنی رەهای هەمو رەهەندەکانی کەلتوری مۆدێرن وەک شێوەی نا عەقڵانی و ناسروشتی رێکخراوی کۆمەڵایەتییە.

مەسەلەی هێربێرت مارکوزە لە بنچینەدا هاوشێوەیانە. لە کتێبی عەقڵ و شۆڕش، جیهانی مۆدێرن بە مەیدانێک دەزانێ کە دوو چەمکی عەقڵی ناوی، چەمکی پۆزەتیڤیستی و دیالەکتیکی، پێکەوە لە شەڕدان.

یەکەم، واتا (فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی ویستویەتی لە ڕێسای هەبو بەگژ کەسانێک دابچێتەوە کە بانگەشە دەکەن پێویستمان بە (نەرێنی)ەتی)، دووەم (... واتا فەلسەفەی نەرێنی، دەربارەی هەمو شتێک بە بنەماترین نارِەزایی کۆتایی دێت، چونکە بە بەڵگەی بنەمای چەمکەکەی شتەکان وا رەتدەکاتەوە کە هەن. ئەو راستیانە نەرێنی و بەرتەسک و تێپەڕ دەبن، کە بارودۆخی هەبو فۆرم دەدەنە شتەکان کاتێک لە رۆشنایی عەقڵ رابمێنن لەناخی رەوتی هەمەگیر بە وێنەی شێوە گەلێک روو لە پوکانەوەن کە سەرویان دەکەوێت.) بەمەش ئەقڵی دیالەکتیکی لە خۆیدا شۆڕشگێڕیە لە کاتێکدا عەقڵی پۆزەتیڤیستی هەر هێندە لە خۆیدا موحافیزکارە. بەدیهاتنی ئایدیالەکانی مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە ژیانێکی (لە بنەڕەتدا جیاواز) هاوتای سەرکەوتنی هزری دیالەکتیکی بە سەر هزری پۆزەتیڤیستیدایە کە بە پێدانی (زانیاری درۆ) ) بە نیمچە زانست، بۆخۆی دەبێتە کۆسپی (گەیشتن بە سیستەمێکی عەقڵانی لە ژیان)دا.

ئاسانکاریەک سەرسامکەرە، کە مارکۆزە بە تێکڕای دابی رۆشنگەری لە لۆکەوە تا برنشتاین، بە تێپەڕین لە هیوم و کانت، ناوی دەنێت (ئەفیونی بێ چەندوچوونی عەقڵ). لەوە سەیرتر، وەک جۆرێکی بەرزەتری عەقڵگەرایی، جیهانبینی بە هەمو تایبەتمەندیەکانی خواناسی پەیڕەوی ئایینی مانی پێشنیاز دەکات. لای پەیڕەوانی ئایینی مانی، رزگاربونی مرۆڤایەتی دەرەنجامی جەنگی جیهانی نێوان (منداڵانی تاریکی) و (منداڵانی روناکی) یە. بەمەش، بۆ ئەم تیۆرداڕێژە (سەرپێچی گەورە)، ئازادکردنی (کۆمەڵگای سەرکوتکەر) پەیوەندی بە ئاکامی ململانێی جیهانی نێوان پۆزەتیڤیستەکان و دیالەکتیکەکانەوە هەیە. بە لێکدانەوەی مارکس و ئەنگڵس، یەکەم (حزبی موحافیزکار) دادەمەزرێنێ، دووەم (حزبی وێرانکەر) بە پەیامی مێژوویی

تەختکردنی هەرشتێک. (... بە هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی، مرۆڤەکان دەبنە خاوەنی هەمو ئەوشتانەی کە تا ئێستا لێیان شاردراوەتەوە.)

دەکرێت لەم بەراییە، تێبگەین کە بۆچی مارکۆزە دەڵێ (واقعیەتی چینایەتی ناوکی ئازادیە و ئازادی بۆ هزرێکی دەرهەستەیی دەگۆڕێت) و دەکرێت تێبگەین کە بۆچی دامەزراوەکانی دەوڵەتی یاسا وەک گەشەکەرێک دەوری پارێزەری مافە مەدەنیەکان دەبینێت کە کۆمەڵگای بۆرژوازی لەودیو سەرمایەداری بە شێوەیەکی دووڕوانەی ماهیەتی، سەرەنجام سەرکوتکەری خۆی دەشارێتەوە. دیارە دەزانێ کە حکومەتی یاسا، چوارچێوەکانی هەرچیەک بێت، بەردەوام بێبڕانەوە لە حکومەتێکی ئەودیوی یاسا یان بێ یاسا باشترە، بەڵام ئەم مەسەلەیە نابێتە کۆسپ کە بنوسێت: بارودۆخی تۆتالیتار (نەک هەر هاوڕای سیاسی تیرۆریستی کۆمەڵگایە، بەڵکو هەروەها هاوئاهەنگی ئابوری تەکنینکی تیرۆریستی نییە، کە بەهۆی دەستکاری پێویستی خاوەن بەرژەوەندیەکان رێ لەسەر هەڵدانی بەرەنگاربونەوەی کاریگەری دژی تێکڕا (سیستەم) دەگرێت.

تۆتالیتاریزم نەک بە شێوازێکی تایبەتی حکومەت، یان حزبی دەسەڵات دەردەکەوێت، بەڵکو دەکرێت سیستەمێکی دیاریکراوی بەرهەم هێنان و دابەشکردن مەیدانی شکڵگرتنی بڕەخسێنێ کە رەنگە تەبای (زۆرینە خوازی) حزبەکان، رۆژنامەکان، (نەیاران) و هاوشێوەیان بێت).

ئەوە هەمان شەوی هیگڵییە کە هەمو نەزانەکانی ناوی رەشن، بە راست مارکۆزە دەڵێ چی؟ کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەوتووی سەربەخۆ جیا لە شێوازی سیاسی یاساییان بە ناچاری تۆتالیتارن؟ ئەم کارە بە بەڵگەی سەرکەوتنی عەقڵانیەتی پۆزەتیڤیسیتە، هەمویان فریوخواردوو بەزیوی پابەندی نامرۆڤایەتی خۆیان دەکات. بە باوەڕی مارکۆزە، ئەگەر بە قوڵی

له مەسەلەکان بکۆڵینەوەو ئاوڕ له نمونەکانی ئەفرەدانیان نەدەینەوە، ئەوکاتـ دەبینین کە فاشیزم، کۆمۆنیزم و دیموکراسی لیبڕاڵ، جگە لە نیمچە سەرهەڵدراوانی ئاکە واقعیەتێکی مێژوویی شتێکی دیکە نین: کۆمەڵگای تۆتالیتاری پشتـ ئەستور بە دەسەڵاتی نەگۆڕو بێ چەندو چونی دەزگای زانستی – تەکنەلۆژیایە. لەم رووەوە کە زانستـ دەبێتە هۆی لە خۆ نامۆ و بێ مانای بونی مرۆڤایەتی لە مرۆڤایەتی. زانستـ دەسکەوتی ئاییەتی جۆرێک عەقڵی دەرهەستەیی لە بەراییدا یەکپارچە بو، کە دابەشی دەکاتـ – ئێکرایی کاری واقعی، وەک پرۆسەیەکی مەبەستـ ناسی ئێگەیەنراو دەبێتـ – پێچەوانەی بەڵێنەکانی بەرهەم دێنێتـ: ئازاد ناکاتـ، بەڵکو بەندی دەکاتـ، رۆشنگەر نییە، ئاڵۆزو دژوارکـەرە. بەم شێوەیە، زانستـ هەم (ئامرازی دەسەڵاتـ)ە و هەم (زانیاری درۆ).

خۆرئاوا پێیوابو وەستاندنی تۆتالیتاریزمی نازی بۆ لە بەینبردنی ئازادیەکان یاسایەکە کە بە درێژایی دوو سەدەی رابـردو بە زەحمەتـ دەستکەوتوون، ناچارە شەڕێکی ترسناک بکاتـ کە بە بەهای گیانی دەیان ملیۆنان مرۆڤ تەواوو دەبێتـ. بە فیتی هزرەکانی مارکۆزە، ئێستا ئاشکرایە کە داکۆکی لێکراو شتێکی کەم و زۆر کەم گرنگە: (نەبونی ئازادی دیموکراسی لە بارو شیاو مەرایی دەسەڵاتـ بۆ شارستانیەتی پێشکەوتووی پیشەسازی، کە هاوتای دەستکەوتی پێشکەوتن)ە. بارودۆخێک بەهۆی وەهمی باڵادەستی خەڵک وەخۆ هاتۆتەوە و لەسەربنەمای رازیکردنی (پێداویستی درۆ)یە کە بەڕێوەبەرانی بە دەسەڵاتی ئەم سیستەمە شارەزاییانە هێناویانەدی. بەهەمانشێوە، بە بەڵگەی (چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری)، (سەرکوتکردنی جێگرەوەکان) و سود وەرگرتن لە (تەکنەلۆژیا وەک ئامرازی دەسەڵاتـ)، (دژایەتی کاریگەر بنبەستـ دەبێتـ). بە کورتی کۆمەڵگای ئازاد

کەمتر لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی سەرکوتکەر نین. تاکە جیاوازی، ئەگەر بکرێ باسی جیاوازی بکرێت، سەرکوتکردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئازاد، بەفیتی ئەم کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایانە بە وریایی دەچنە ژێر دەسەڵاتەوە، واتا بە شێوەیەکی دەروونناسی نامەزرۆیانە پێگەی کۆیلەیی خۆیان قبوڵ دەکەن، جێگەی خۆیان بە ستەمگەری شاردۆتەوە.

دەبێ جەخت بکرێتەوە کە مارکۆزە، لەگەڵ ئادرنۆ و هۆرکهایمەر، باوەڕی وایە (دنیای عەقڵانیەتی تۆتالیتاری تەکنەلۆژیای دوا وەرچەخانی ئایدیالی ئەقڵە). بەدیوێکی دیکەدا، کەلتوری رۆشنگەری (کۆمەڵگای سەرکوتکەری) لێدەکەوێتەوە کە پێش ئازادکردنی مرۆڤەکان، لە سیستەمێکدا تەوقییان دەکات (تەکنەلۆژیاکەی بۆتە ئامێری گەورەی شتکردن). مارکۆزە لە بارەیەوە گومانی نییە: (عەقڵی درۆ - عەقڵی رۆشنگەری دۆگمائیک و گەمژەیە کە خەڵک بەرەو «رێکخراوی ناڕاست»ی هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی رێنمایی کردووە کە بە شێوازی درۆزنانەی (کۆمەڵگایەکی ئازاد) دەناسێنێت. بەم شێوەیە مارکۆزە گێڕانەوەی ئەمڕۆیی ئەشکەوتی ئەفلاتون پێشنیاز دەکات. بە دڵنیاییەوە بە ئاگابون لەوەی (تاکە حەقیقەت و تەنیا کارێک کە دەکرێت جیهان بگۆڕێ) خۆی بە کەسێک دەزانێ کە پەیامی مێژوویی رزگارکردنی قوربانیانی تەفرەدانی بۆرژوازی - سەرمایەدارانە لە (زانیاری درۆ) و پیشاندانی شێوازی ئازادی (کۆمەڵگای خۆشگوزەران)ی بۆ گوازراوەتەوە، کە بە دوو دڵی خەڵک بەرە و رازیکردنی (پێویستی درۆ) رادەکێشێت، بەڵام جیاوازیەکی گرنگ لە نێوان ئەفلاتون و مارکۆزەدا هەیە: لە کاتێکدا کە ئەفلاتون گومانی دەکرد دەبێت هێڵی ئێکرایی وێناکردنێکی (کۆمەڵگایەکی باش) بەرجەستە بکەن، مارکۆزە بانگەشەی دەکرد کە بەشێوازێکی نهێنیانە قەناعەتی کردبو نەرێنی، بنەمای

دروسنکەر و داینەمۆی واقعیەتە، کە بۆ هاتنە ئارای کۆمەڵگای هاوڕا بە مانای راستەقینەی (عەقڵ) ژیان، ئەوەندە بەسە واقعیەتی هەبو وێران بکرێت.

**سێ:**

تا ئاستێک شرۆڤەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بۆ کەلتوری مۆدێرن تەبای ئەو شرۆڤەیە کە لەو باوەڕەدابو (رۆشنگەری دەبێتەهۆی ناڕازی بون). رۆشنگەری (ئـازادی لە ئایین) رادەگەیەنێت، بەڵام هاوکات بە رەخنەی وێرانکەری هەرجۆرە رۆح باوەڕیەکی (زانیاری فرتوفێڵاوی) لە بەین دەباو بەرەو بارودۆخێک دەچێت کە تێیدا، بە هەمانجۆر کە ماکس ڤیبێر دەڵێ مرۆڤەکان بڕیاری ژیانی (بێ خوا و بێ پێغەمبەران)یان بەسەردا دەدرێت. هەربۆیە کەسانێک کە تینوی کاری رەهان (لەوانە (نیۆرداڕێژەرانی رەخنەیی)، هەتیووە راستەقینەکانی خوا لەوشنە دەترسن کە هۆرکهایمەر لە وتەیەکی ئاشکرای ناوی دەنێت (نۆستالیژی بۆ ئەوی دی جیاواز) دەکرێت هەست بە ترسی دەرەنجامی گەشەکردنی رۆشنگەری بکەن، ترسێک کە سەرەنجام جۆرێک ژیانی بە کۆمەڵی (بێ بەها پیرۆزەکان) بێنێتەدی. بۆیە بە توندی پەلاماری مۆدێرنێتە، چونکە مۆدێرنێتە وەک جێگرەوەی سەرکەوتنی ناڕاستی رەهەندی مادی شارستەنیەت بەسەر رەهەندی واتاییەکەی لە قەڵەم دەدرێت.5 سەرەڕای، ناتوانرێ مۆدێرنێتە بۆ گەشەی بێ سنوری هێزەکانی بەرهەم هێنان و داهات و زەوتکردنی زانستی – تەکنەلۆژی لە سروشتدا کورت بکاتەوە.

مۆدێرنێتە نەک تەنیا شارستانیەتێکە، بەڵکو کەلتورێکیشە. بە دەستەواژەیەکی وردتر شارستانیەتێکی بژاردەیە، تایبەتمەندی بنچینەییەکەی

بریتییە لە:

1) هەڵبژاردن، 2) حکومەتی یاسا، 3) جیهانگری مافی هاوڵاتیان، 4) سەقامگیری گۆڕان، 5) سکولاری کەلتور، 6) سەربەخۆیی وردە سیستەمەکان 7) بە عەقڵانی بون.

رەنگە هەڵبژاردن گرنگترین تایبەتمەندێتی مۆدێرنیتە بێت. نەریت، هێزی بەهامەندی دەستنەکەرەوەی هەیە، کاری ئارەزومەندانە لە کۆمەڵگای باودا بە لانیکەمی دەگات. نەریت بە سەر هەمو کەس و شتێکدا باڵا دەستەو پێگەو ئەرکی هەمو تاکەکان دیاری دەکات. سپارت6 نمونەی باڵای کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەیە. بەشێوەیەک کە پلوتارک دەڵێ تەنانەت ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار لەوێ ئازادی هەڵبژاردنیشیان نەبو. بۆ سپارتەکان، ئازادیە مۆدێرنەکان و ئازادی بەرنامەڕێژی ژیانی خود نەناسراو بو. تەنیا ئازادی کۆمەڵییان دەناسی، واتا مافی بەشداری لە بڕیارە سیاسیەکان. لە کاتێکدا کە کەلتوری مۆدێرن بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ تاکخوازانەیە.

دەبێت کەلتورێکی تاکخوازانە هەستیار بێ بۆ مافەکانی تاک لە بەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگادا. دەبێت مافێکی وا بە شێوازێکی رواڵەتیانە بە فەرمی بناسرێن و لە روانگەی ناوەرۆکەوە زامن بکرێن. کاتێک ئەم کارە لواوە کە توانای دەوڵەت بەسنور بۆ دانراوی رێکبخرێت، واتا قەدەر نەبێتە دەسەڵات و سەربە رێساو بنەمای دیاریکراو بێت. بە دیوێکی دیکەدا، کەلتوری تاکخوازانە پێویستی بە حکومەتی یاسایە – ئاکە جۆری حکومەتێک کە دەکرێت لە بەرامبەریدا داکۆکی لە مافەکانی تاک بکرێت.

ئەمە مانای وانییە کۆمەڵگای مۆدێرن نەک بریتی نییە، لە شوێنکەوتوان کە لە هاوڵاتییان پێکهاتووە، واتە کەسانێک لە مافی نەشیاوی پێسپێردراویان پێدراوە کە حکومەتییان بەسەردا دەکرێت، ئەو مافە بە نۆرەی خۆی بە

بەشداری راستەوخۆ، ناڕاستەوخۆیان لە یاسادانان و بڕیاردانی سیاسی زامن دەکرێت. پاراستنی هەڵبژاردن و مافە تاکییەکان بە هزری بەشداری و لە ئەنجامدا پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەیە، بۆیە دیموکراسی بە مانایەک، رێکخراوی سیاسی (سروشتی) کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دەبێت. جیهانگربونی ئەم مافە (مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی) دیاردەیەکی ئۆتۆماتیک نییە، بەڵکو دەستکەوتی ململانێی تاکەکانە کە لە رەوتی فراوانبوونی ناوەندی بۆرژوازی لیبڕاڵ دیموکراسی لە بەرچاو نەگیرابون. بەم مانایە، (مشتومڕی چینایەتی) کە نابێت بە (شەڕی چینایەتی) لێمان تێکبچێت – بەشێکی پێکهێنەری کۆمەڵگای مۆدێرنە، کە هەروەک کۆمەڵگای جمک بە لێکدژ دەناسرێت، واتە کۆمەڵگایەک کە بەپێی بە دامەزراوەیی کردنی، بەگژ شەڕی بەرژەوەندی و بەهاکاندا چۆتەوە.

هەمویان، بە تایبەت پێشکەوتنی کردەی هەڵبژاردن بەسەر کردەی ئیزندان، دینامیکی و بـەردەوام کۆمەڵگای مۆدێرن توشی شەڕوکێشەو وەرچەرخان دەکات. خەڵکانێک کەوتوونەتە ژێرکۆتی پابەندی ناشاری نەریتەوە، کە لە کۆمەڵگای باودا دەژین، کەمێک یان هیچ دەسەڵاتێکی چاکسازی بنەما بەهامەندەکانی هەبویان نییە، ئەو بنەمایانەی سەرباری هەمەگیر بون، ئیلهام لە پیرۆزیەک وەردەگرن کە دووره دەستییان دەکات؛ چونکە کاری پیرۆز ئەو شتەیە کە (بە تایبەتی نەگۆڕ)ە. زۆرتر، ئایدیالی کۆمەڵگای باو کۆسپی بەردەم گۆڕانکاریەکە کە هەڕەشە لە هاوسەنگی (پەرجوئاسا)ی دەکەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵی باو تەواو چەق بەستون، بەڵکو دەکرێت نوێگەری لەم کۆمەڵگایەدا بە مەرجێک رەوابن: کە هاوڕای (دابونەریتی باوکان) بن. بەمەش ئافەریدەکردنی کۆمەڵگایەکی باو ماهیەتی هاوچەشنی هەیە نەک ناهاوچشەن. هیندی کۆن نمونەیەکی

ئاشکراو توندی دوژمنایەتی کۆمەڵگای باو بو بە گۆڕان.

هیندی دێرین بە ئەنقەست و ئاگایانە بە دوای نەجوڵانەوە بوو، واتە کۆمەڵگایەک کە جارێک و بۆ هەمیشە (جێگیر) ببوو دەستەبژێری هزری، زاناو پێشەوای ئایینیەکان، وەک پاسەوانانی پیشەیی نەریتی پیرۆزی نەگۆڕ، جیا لە (رابردوی ئەزەلی) بە تاوانێکی شێلگیریان دادەنا، لە لاکەی دی کۆمەڵگای مۆدێرن گۆڕان بە بەهایەک دەزانێت کە دەبێ بە مینۆد و نەوەستاو شوێن پێی هەڵبگیردرێت. ئەم کارە نەک لە تەکنەلۆژیا و ئابوری بەڵکو لە فەلسەفە، شێوازی هونەری و بنەماکانی بەها ناسیش راستە. مۆدێرنیتە لە زاڵبونی ئامەزرۆی بێ چەندوچوونی بۆ کارو بارەکان توانی. مۆدێرنیتە بە ئەندازەی بێزاری شارستانیەتی باو لایەنگری تازە بو.

دەرەنجامەکەی، کۆمەڵگای مۆدێرنی باو بە میراتێکی نەگۆڕ نازانێ، بەڵکو بە کۆمەڵێک تەکنیک، دامـەزراوە، شێوازی ئاکارو بەهاگەلێکی دەزانێت کە دەبێت بەردەوام ریفۆرم و نوێ بکرێنەوە، پرسیاری لێ بکرێت و تەنانەت رەتبکرێتەوە. نەریت لای کۆمەڵگای مۆدێرن کارێکی پیرۆز نییە، چونکە کاری پیرۆز بەوجۆرەی کۆمەڵی باو لە کۆمەڵی مۆدێردن بە زۆر نییە، گەرچی بە دەر لە دەسەڵاتیش نییە، بەمەش کۆمەڵگای مۆدێرن کۆمەڵگای سکولارە. ئەمە بەو مانایە نییە، کە لەم کۆمەڵگایەدا شوێنێک بۆ ئایین نییە، بەڵکو کۆمەڵگای سکولار کۆمەڵگایەکە لایەنگری هزری ناخ و ئاکاری بە تایبەت نادرێتە پاسەوانانی پیشەیی (زانستی پیرۆز)، وا کە لە کۆمەڵگای باو دەسەڵاتی رۆحانی و دنیایی زۆرتر ئاوێتە و تێکەڵاو دەبن.

ئەمە شەشەم توخمی بنچینەیی ئەفرێنەری مۆدێرنێتە واتا سەربەخۆی وردە سیستەمەکانی، لێدەکەوێتەوە. بچوکبوونەوەی مەیدانی پیرۆزو لاوازبوونی هێزە بەهامەندەکانی بەم مانایەیە کە کاری کۆمەڵایەتی سەربەخۆ

له دامەزراوەکانی قاتبەندین و دەیانەوێت بۆخۆیان نەک لەسەر بنەمای یاساکانی دەرەوەیی، بەڵکو لەسەر بنەمای هێنانەدی پێداویستییە دەروونیە دەستنیشانکراوەکان رێکبخەن. له ئەنجامدا ئابوری، زانست، هونەر، فەلسەفە و هاوشێوەی وەک وردە سیستەمەکانی ئاڕادەیەک سەربەخۆ رێکدەخرێن. بۆیە دەکرێت رۆحی مۆدێنرێته له کورتەی (هونەر بۆ هونەر)، (ئابوری بۆ ئابوری)، (زانست بۆ زانست)، و..... کورت بکەینەوە.

ئازادکردن لەم پڕۆسەیەدا بەکارهێنانە کۆمەڵایەتیەکان له پابەندبونی ئایینی و دامەزراوەکانی قاتبەندی، خۆ کۆنترۆڵی و خۆڕێکخستنی ئابوری، واتا شۆڕشی سەرمایەدارانە، دەوری یەکلاکەرەوەی هەیە. ئەم شۆڕشە، پابەندبونی بنچینەیی پێشگریمانە دەکات: بە عەقڵانی بون وەکو لێپرسینەوە و پەیڕەوکردنی پڕۆسەکانی بەرهەم هێنان و دابەشکردن لە پێداویستیەکانی نامرۆڤایەتی عەقڵ، بە عەقڵانی بونی سەرمایەدارانە تایبەت ناکرێ بە مەیدانی ئابوری، هەروەها کاریگەری بە سەر ئاکارو هزریش دەبێت. ئەم عەقڵانیەتە کەلتوری پرۆمتەیی دێنێته ئارا کە تێکڕای جیهان وەک ئامێرێکی زەبەلاح ئاسا بۆ کۆنترۆڵکردن، دەسەڵات، ئیمپریالیزم و وەرچەرخان دەبینێت، هەروەها ئەم دیاردەیەش دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش و هەم ترسناکە کە لە تەکنەلۆژیا، زانیاری و بەرهەم هێناندا دەرەنجامی سەرسامکەر بووە. ئەم دیاردەیە لادانی گرنگیشی بە دیهێناوە کە تایبەتمەندترینیان بە جیهانی بونی بازرگانییە، پڕۆسەیەک دەیەوێت کۆمەڵگا بۆ سیستەمی ئابوری سیاسی زەبەلاح ئاسا بگۆڕێ کە لە ژێر نیری ستەمی ناکەسی پیشاندان و داواکاری دایە.

**چوار:**

لە چ هەلومەرجێکی بنەماییدا ئەگەری سەرهەڵدان، ئۆکمەو گەشەی شارستانیەتی مۆدێرن رەخسا؟ دەکرێ ئەم هەلومەرجە وەک (سەربەخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی) کورت بکەیەوە. ئەم سەربەخۆییە لە چوارچێوەی رێکخراوی کۆمەڵایەتی چنگ کەوتوو، کە لانیکەمی بە بەشێک لە بەرژەوەندی ئابوری سیستەمی کێبەرکێیی ببرێن بەرێوە. واتا بازاڕ بنەمای مادی کۆمەڵگای مەدەنییە. ئەم کارە نەک هەر لە روانگەی مێژوویی، بەڵکو لە روانگەی لۆژیکیشەوە راستە، لە راستیدا کۆمەڵگایەکی مەدەنی سەربەخۆ چاوەڕوان نەکراو دەبێت ئەگەر دەوڵەت راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ هەیمەنەی بەسەر ئامڕازی بەرهەم هێناندا هەبێت، کە مارکس ناوی دەنێت (سەرچاوەی ژیان). سەرباری، بەبێ بازاڕ بونی (کۆمەڵگای کراوە) ئاسان نییە، بەپێی پێناسە بازاڕ سیستەمێکی بێ سنورە خەڵک (ناچار) دەکات لە ئابلۆقەی زەینی باویان رابکەن، ناچاریان دەکات پەیوەندی بە کەلتوری ترەوە بکەن و بچنە ناو سیستەمی پەیوەندییەوە کە تێیدا نەک کاڵاکان بەڵکو هزرەکان، بەهاکان، تەکنیکەکان و دامەزراوەکانیش ئاڵوگۆڕ دەبن. بەدەستەواژەیەکی دیکە، لۆژیکی ئاڵوگۆڕ فاکتەرێکی کاریگەری پەیوەندی کەلتوری و بە جیهانی بونە. بەفیتی ئەو (بەرهەمی واتایی تاک تاکی میللەتان دەبێتە میراتێکی هاوبەش)، هەروەها ئەم لۆژیکە داینەمۆیەکی بەهێزی گۆڕانکاری و بوونە سکولارە، چونکە وەک شۆڕش هەمیشەییە. لە بەرامبەردا، (هەموو هەلومەرجە بەردەوام و تۆز لێنیشتوی ژیان، لەگەڵ بیرو باوەڕو باوەڕی پێویستی نامێنن، کە رۆژگار لاوازی کردوون) و (هەموشتێکی پیرۆز لە داڕمان دەکەوێت). بەمەش هەرکە لۆژیکی ئاڵوگۆڕ وردە وردە مەیدانی کاری خۆی فراوان دەکات،

کۆمەڵگا دەبێتە ئاقیگەیەکی زەبەلاح ئاسا، هەمو جۆرە ئاقیکردنەوەیەکی تێدا ئەنجام دەدرێت و گۆڕانکاری دەبێتە دۆخی ئاسایی کاروبارەکان.

لێکۆڵینەوەی سەرپێیی رەوتــی کامڵبونی شارستانیەتی خۆرئاوا سەلمێنەری ئەم شیکارەیە. مۆدێرنیزاسیۆن، واتە گواستنەوە لە کۆمەڵگایەکی (داخراو) بۆ کۆمەڵگایەکی (کراوە) دەرەنجامی شۆڕش لەو کۆمۆنانە بو کە پاشەکشەی حکومەتی پیاو ماقوڵان سەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، بە شار و پاشان بە چینی بــۆرژوازی دەرفەتێکی دایە دامەزراندن و بەرپاکردنی ئابوری بازاڕ. ئەم رەوتە نەک گەشەی بەرچاوی هێزەکانی بەرهەم هێنانی لێکەوتەوە، بەڵکو لەوە گرنگتر بە بەرهەم هێنانی کۆمەڵگای مەدەنی شکایەوە کە وردە وردە پتەو، تا ئەو جێگەیە مەیلی سروشتی ستەمکارانەی دەسەڵاتی دەوڵەتی گەیاندە بنبەست. ئەم کارە بووە هۆی سەرهەڵدانی دیالەکتیک (دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگای مەدەنی) کە پلە بە پلە دامەزراوە و بەهای تایبەتی شاری سکولاری لێکەوتۆتەوە. هاوکات کۆمەڵگای خۆرهەڵات، جگە لە یابان و تا ئاستێک وڵاتانێک مۆدێرنیتەیان تاقی نەکردۆتەوە، کە لە (قەفەسی ئاسنی) ویبەری زیندانن. شێوازێکی دەسەڵاتییان ناسیووە: ستەمکاری ئەریستۆکراسی؛ بەڕێوەبردنێک کە بە بەرگرتن لە ئاشکرابونی (جیهانی بێ سنوری تواناکان)، لە چوارچێوەیەکی باودا دەیانهێڵێتەوە، لە چوارچێوەیەک دەرکەوتون، کە پاشان بە شێوەیەکی راچڵەکێنەر، بەهۆی رەوتی دەنگۆی کەلتوری بە هێزی شارستانیەتی مۆدێرن تێکشکاون.

مانای وایە پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن هاوتای شێوەبەندی کۆمەڵگایە کە تاکەکانی خاوەن مافن؛ دیاردەیەک لە بەرایی سەدەی ناوەڕاست سەری هەڵداوە و بە هەزاران ناڵی عەلی لە سەر بەرژەوەندی و بەهاکان بەوشتە

کۆتایی هات کە کارڵ مانهایم ناوی دەنێت (دیموکراسی بونی بنەمایی)، واتە جیهانگر بونی مافە مەدەنیەکان، بێگومان، گەشەی بەرچاوی هێزەکانی بەرهەم هێنان کە بازاڕی جیهان، زانست و تەکنەلۆژیای لایەنگری زانست تەیاری کردون، بە جیهانی بونێکی وا قەت ئاسان نەبو. بەگریمانەی هەمویان (کەلتوری مۆدێرن) واتە (کەلتوری ماف و ئازادیەکان)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بنەمایە پەیوەستە بە مەرجێکی بنەڕەتی کە چەسپاندنی مافی تاکەکانی کۆمەڵگا پێشەنگی گەشەی ئابوری، زانستی و تەکنەلۆژیا بووە.

یەکەم و گرنگترینی ئەم مافانە، مافی خاوەنداریەتە کە دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی لێکجیاکردۆتەوە و دەرەنجامی سەربەخۆی کۆمەڵگای مەدەنی بو.

**پێنج:**

ڕژێمی ڕوسیا خاڵی بەرامبەری شـاری سکولار بـووە. شۆڕشی بەڵشەفیک:

1. بە سەقامگیری دیکتاتۆری ئایدۆلۆژی دەوڵەتی حزبی کردەی هەڵبژاردنی لابرد؛

2. بە زەوتکردنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان سەربەخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی نەهێشت؛ 3. بە هەڵکشانی مارکسیزم، بۆ ئاستی یەکسەری ئایینی زۆرەملێیی دەوڵەت، ڕەوتی سیکۆلاریزاسیۆنی وەستاند؛

4. بووە کۆسپی بەردەم پەڕینەوە لە (کۆمەڵگای گوێڕایەڵان)، بۆ (کۆمەڵگای هاوڵاتیان)؛

5. حکومەتی یاسایی نەهێشت و ڕژێمی قەیسەری لە رووی بەرپا کردنی بە پیشەساز جێگیری کردبو؛

6. عەقڵی بنەمای بنەڕەتی بازاڕی لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەند؛

7. سەرچاوەی داهێنانی ناهاوئاهەنگی وشککرد. بە کورتی، شۆڕشی بەڵشەفیکی هەوڵێکی قورس بو بۆ وەستاندنی پەلاماری کەلتوری خۆرئاوا. بەریزپەڕی ڕەهای زانست و زانیاری هونەری تەکنەلۆژی، ڕژێمی روسیا بە دوای کێشکردنی کەلتوری مادییەوە بو، لەکاتێکدا هاوکات کەلتوری واتایی و ئەلگۆی ناوەندیەکەی بە پێناسەکردنەوەی چەمکەکانی ئازادی، یەکسانی، سکولار بون، هاوڵاتی بون، دیموکراسی و هاوشێوەیان بەشێوازێک رەتی کردەوە، کە ناتەبایی پێناسەکردنی خۆرئاوا بو، لە کاتێکدا بەڵشەفیکەکان بانگەشەیان دەکرد دەیانەویێت بۆ هاندانی گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنان هاوکاری لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو وەرگرن، بەهاو دامەزراوەکانی (خۆرئاوایی گەندەڵ)یان بە سەرکێش لە قەڵەم دەداو بە دروستبوونی کۆسپی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لانەبراوی ژێردەسەڵاتییان پێشیان بە روسیا دەگرت. بەمەش شۆڕشەکەیان لە سەر بنەمای ئەو بیروباوەڕە بو کە بە پیشەسازی بون بێ ئالودە بون بە تاکخوازی و لیبڕالیزمی پاوانخوازی و تەرککردنی ئەم بۆچونە درۆیە شیاوە، ئامانجییان مۆدێرنیزاسیۆن بو.

بەڵشەفیکەکان بێ بەزەییانە (زانستی) کەوتنە پاکتاوی روسیا لە هەرشتێک کە لە دەرەوە دەهات، یان گیانی بە بەردا دەکرایەوە، بەهۆی نمونە نێودەوڵەتیەکان نیازیان باش نەبو، ئوستورەی مۆسکۆ وەک (رمی سێیەم) لە نوێوە بێننەئارا، کە هیچی لە (ڕاپەڕینی مرۆڤایەتی) کەم نەبو.

ئێس، دیمترۆبۆفسکی دیبلۆماتی روسیا بە ئاشکرا لە تایبەتمەندی مۆدێرنی شۆڕشی بەڵشەفیکەکان گەیشتبو کاتێک کە کولاکەکان لادەبران بەم چەشنە دەیوت: (سەرکەوتنی جوتیاران لە روسیا دەیتوانی سەرکەوتنێک بۆ خۆرئاواو تێگەیشتنی بنچینەییەکەی بێت لە تاکخوازی و لیبڕالیزمی ژیانی

سیاسی.)، ئەگەر جوتیارانی خاوەن زەوی نەدەشکان، سەرمایەداران خۆی لە خۆیدا دەگەڕاندەوە و بنەمای شارستانیەتی مۆدێرن، واتا کۆمەڵگای مەدەنیشی لەگەڵ دەهات. ئەم ئاکامە، لایەنگرانی لینینی نیگەران کرد چونکە لە ماوەیەکی زۆردا، مانای شکستی پرۆژەکەیان بو بۆ بەرگرتن لە بە خۆرئاوایی بونی سیاسی و کەلتوری روسیا. سەرسوڕهێنەر نییە، کە دوای بە سۆسیالیستکردنی زۆرەملێیی، بوخارین بە شادمانی نوسی ئەوەی بەڵشەفیکەکان لە پێناویدا جەنگابون، بەدەست هاتبو: (دیواری چین) تەختکرا کە لە خۆرئاوا کۆمەڵگای مەدەنی لە دەوڵەت جیادەکردەوە و کۆمەڵگای روسیا دەستی لە بونی ئامانجی جیاواز بە ئامانجی دەوڵەت هەڵگرت، کە بە مانای کۆتایی پڕۆژەی قەیسەری بە خۆرئاوایی بون بو کۆمەڵگای روسیای بۆ (قەفەسی ئاسنینی) دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەریستۆکراسی و بەڕێوەبردن گێڕایەوە.

بەلشەفیکەکان هەوڵی زیادکرنی گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنانیان دەدا. مانای وانیە ئامانجیان مۆدێرانیزاسیۆنی روسیا بوو، بە پێچەوانەوە بۆ بەگژداچوونەوەی خۆرئاوا سودیان لە توانای پیشەسازی وەرگرت، خۆرئاوایەک دوژمنایەتی لەگەڵ ئەلگۆی ئەو کۆمەڵگایە هەیە، کە بەپێی تاکخوازی و بە دنیایی بون هەبو. بەمەش شۆڕشی ئۆکتۆبەرو شۆڕشی هاب کارتێکەری، بەوجۆرەی کە هەندێک شارەزایانی سیاسی وتویانە، مۆدێرنیزاسیۆنەکانی تۆتالیتار ئاکار نەبون، بەڵام کاردانەوەی تێکڕاییخوازانەی دژی تاکخوازی شارستانیەتی خۆرئاوا بون کە دەیانویست بەهۆی بە دامەزراوەیی ئایینی تاریفخوازانەی حزبی کاریزمایی، لە نوێوە (کۆمەڵگای پیرۆز) بونیادبنێنەوە.

**شەش:**

لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشی کۆمۆنیستی (کاردانەوەیەکی ئاسیایی) دژی شارستانیەتی خۆرئاوا نەبوو. ئەم شۆڕشە بە کۆپی ڕەخنەییەکەی، شۆڕشی نازی، سووربوون لە سەر رادیکالیزمی خۆیان تا بوونە سیستەمێکی تۆتالیتاریزمی. نابێ ئەم دۆخە تێکەڵی ستەمکاری بکرێت، واتا شێوەیەک لە دەسەڵات کە کەسێک پراکتیزەکردنی توندوتیژی قۆرخکردووە و بەشێوازێکی سەرکەوتوو مافی نەگەڕانەوەی خاوەنداریەتی کەلوپەل و ژیانی تاکەکانی شوێنکەوتووشی بە دەستەوە دەگرێت.

پێگەخوازی دەوڵەتی تۆتالیتار لە دەوڵەتێکی ستەمکار زیاترە. دەوڵەتی تۆتالیتار وەک تاکە شرۆڤە کاری خواناسی شۆڕشگێڕی پەیامی مێژوویی پاکتاوی کۆمەڵگای بە هۆی وێرانکردنی بێویژدانانەی کەسانێک لە سەر شانی خۆی دەبینێت کە بەرەو گەندەڵی دەبات. بۆیە تایبەتمەندێتی دەوڵەتی تۆتالیتار هێنانە ئارای (دنیای لێکجیا)یە کە ئیڤێرنۆن ناویدەنێت (دەوڵـەتـی تاوانکاری). (لە راستیدا رەنگە ژاکۆبنیزم یەکەم رژێمی تۆتالیتاربن لە مێژووی شارستانیەت) کۆنی دەوڵەتی تاوانکار هێندەی دەوڵەت بۆخۆیەتی و دامەزراوەیەکە کە بە زۆری رەگی بۆ قەوم کووشتن دەگەڕێتەوە، لە لاکەی دی، دەوڵەتی تۆتالیتار لە روانگەی مێژووییەوە دیاردەیەکی بژاردەیە.7 دامەزراوەی بەڕێوەبەری دەوڵەتی تۆتالیتار، واتە تیپی شەڕانگێزی شۆڕشگێڕانی پیشەیی بۆ قەوم کوشتن بە کاری پاڵاوتن رازییە کە لە درێژبوونەوەی هێڵی (ئەنجومەنی کریستیانیەت) (یەسوعان) رێکخراون. بەمەش دەوڵەتی تۆتالیتار خۆی لە شەڕی بەردەوامدا دەبینێت، شەڕێک تەنیا هەنگاوی کۆتایی دەنێت کە کۆمەڵگا لە بونی هەمو تۆخمەکانی ئالۆدەکەر پاڵاوترابێت.

دەوڵەتێک تا ئاستێک تۆتالیتارە کە خۆی بە هەڵگری پڕۆژەیەکی کاریزمایی دوبارە لە دایکبونەوە بزانێت. ئەم کارە دەوڵەتی تۆتالیتار بە بە هێزترین مانای وشە بۆ دامەزراوەیەکی ئایینی دەگۆڕێت. دامەزراوەیەک کە ئامانجی رزگارکردنی هەموانە، کاتێک دەستەبەر دەبێت کە سەرچاوەکانی شەڕ چۆڕەبڕ بوبن: ئەنجامێکی پاڵاوتن پێویستی بە گۆشەگیری و لە بەینبردنی هەمو ئەو کەسانەیە کە چاوگی (بابەتی) ئاڵودەیی واتایین.

ئەگەر هەمانشتە کە بناغەی تۆتالیتاریزم پێکدێنێت، کەوابوو ناکرێ فاشیزمی ئیتالی بە تۆتالیتار بزانی. گەرچی بنیتۆ مۆسۆلینی و جیوانی جنتیلە8 بە شانازییەوە جەختییان لە تۆتالیتار بوونی شۆڕشی فاشیستی دەکردەوە، فاشیزم رژێمی تۆتالیتاری نەهێنایەدی. نەک چونکە مۆسۆلینی لە رووی تۆکمەکردنی هێزی خۆی، سیاسەتێکی هەلخوازانەی دەرهەق پادشایەتی گرتەبەر، بەڵکو لە سەرویەوە تیۆری رزگاری بە کۆمەڵی نەبو.

رژێمی فاشیستی هەوڵی نـەدەدا کۆمەڵگا بەهۆی لە بەینبردنی بکەرانی گەندەڵی پاکتاو بکات، سیستەمێکی لە کەمپەکانی چڕبۆوە نەهێنایە ئارا. لە هەمان سەرەتاوە ئەرکی تۆتالیتاریەکەی بەم واقعیەتە سنوردار دەکرێت کە بەرنامەی شۆڕشەکەی لە بنەڕەتدا دوبارە لە دایک نەبووە. تەنیا ئەوەندە بەسە بۆ (بیرەوەریەکانی) ژوزێف گوبلز بگەڕێینەوە، کە دەڵێ ناکرێ مۆسۆلینی وەک هیتلەر و ستالین بە شۆڕشگێڕی سەرەکی بزانی چونکە وەک پێویست (رادیکاڵ) نەبو. بە باوەڕی گۆبلز، رادیکاڵ بون بە مانای شێلگیر بون لە ریشەکێشی شەڕ بەهۆی لە بەینبردنی گەندەڵکار، کە هیتلەر و ستالین بە ئەنجامدانی تیرۆر بە ناوی ئامڕازی پاکسازی هەوڵییان بۆدەدا.8

بە پێچەوانەی ئوستورەیەک کە لای چەپی لینینستی، مارکسیستی پاش کۆنگرەی بیستی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بـاوی بو، ستالینیزم دارمانی لینینیزم، یان چوونەدەر لە نەریتی کۆمۆنیستی نەبو، بەڵکو دەرەنجامی بەرنامەی لینین بو. بەپێی نوسینەکانی لینین، ئەرکی شۆڕشی گەیشتووەتە دەسەڵات (پاککردنەوەی خاکی روسیا بو لە هەموو مێرووە زیانبەخشەکان – کێچ، بەدکارەکان، نەدارەکان، دەوڵەمەندان و باقی.) روسیا (قوڕولینەی ئاکاریە) کە دەبێت بەپەنابردنەبەر (توندوتیژی بەرنامەڕێژ دژی بۆرژوازی و هاوکارانی) بەگژ گەندەڵیدا بچێنەوە. ئەوە ئاکاری بێویژدانانەیە، بەڵام پێویستە (چاوچنۆکی و رژدی نەبڕاوە، نەفرەت ورووژێنەرو نەهاتی تووەرەکەی پارە) لە رەگوڕیشەوە هەڵبکەندرێت. هەرچۆنێکبێت، (ئەنگلەکان) بڵح چ مافێکییان هەیە کە وەک (خوێنمژەکان) خوێنی کرێکاران دەخۆن؟ سڕینەوەی ئەم ئەنگڵانە ئەرکێکی ئاکاریە. (میراتی ئاکاری) ترسناکی لینین ئەبای هەموانە. لە ساڵی 1922، لینین بۆ ستالینی نوسی: (بۆ هەتا هەتایە روسیە پاکسازی دەکەین) هەمان ساڵ، پەیامێکی بەم چەشنەی دایە کاوتسکی10: (دەبێت تیۆرێکی بنەمایی زەق دابنێین کە لە ئاستی سیاسی راستبێت (نەک بە مانای مافی دادپەرەوەرانە بێت)، تیۆرێک کە بناغەی تیرۆرو پێویستی و سنورەکەی دیاری و ئاڕاستەی بکات. نابێت دادگاکان هەوڵی لە بەینبردنی تیرۆر بدەن، چونکە داهێنانی جگە لە فێڵکردن لە خۆیان و خەڵک نییە؛ دەبێ تیرۆر لە رادەی بنەمای بێهیچ خۆنوێنی یان رەنگ و لینجاودان، رەوایەتی بدات. دەبێت ئەم شێوەبەندیە ئاکران بڕیار لە هەلومەرجی بەکارهێنانی کەم یا زۆری تیرۆر دەدات.)

بە پێی وتەکەی لینین، حزبی بەڵشەفیک بۆ (لە بەینبردنی خوێناوی دەوڵەمەندان) ناچاربو شەڕی ناوخۆی بەردەوام بکات. ئامانجی راگەیەنراو

له بەینبردنی سەرسەختانەی خوردە بۆرژوازی و جوتیارانی خاوەن زەوی بوو. وتارەکەی لینین لێرەدا جارێکی دی شێوازی بێویژدانانەی دەردەکەوێت. یەکسەر دوای وەرگرتنی نەخشەی نیپ9 بۆ بەرگرتن لە دارِمانی یەکجارەکی بەرهەم هێنان نوسی: (کۆمەڵێک سوپای سپی ژێرفەرمانی خاوەن زەویە زۆرەکان دووژمنێکی تر نییە، کە لە بن باڵی مەنشەفیکەکان، سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی و بۆرژوازی نێودەوڵەتی دابون. دوژمنی ئەمڕۆ واقعیەتی ئابوری رۆژانەی دەوڵەتێکی جوتیاری گچکەیە، وڵاتێک کە پیشەسازییە گەورەکەی لە فەوتانە. دوژمنی ئەمڕۆ توخمەکانی خوردەبۆرژوازیە کە وەک با دەورەی داوین و بە قوڵی رۆدەچێتە کۆمەڵەکانی پڕۆلیتاریاوە.) بەمەش (خەباتی کۆتایی)، دەستەواژەیەک دژی خاوەنکاری بچوک بە کاردەبرا کە گوایە دەبنە خاوەنکاری گەورە و بە بوژێنەرەوەی بە زەبری سەرمایەداران لە قەڵەم دەدران کە لە زمانی بەڵشەفیکەکان مانای هاوشێوەی (چارەسەری کۆتایی) بۆ نازیەکان هەبو. بۆیە لینین باوەڕی وابو (پیشەسازی گچکە بەردەوام، رۆژانە، هەمو سەعاتێک، بە نەخوازراوی و لە پێوەرێکی فراوانی سەرمایەداری و بۆرژوازی بەرهەم دەهێنن). بۆیە شەڕی دژی خاوەنکاری گچکە راگەیاند: (کوڵاک)10 دوژمنی ترسناکی دەسەڵاتی روسیایە، یان کۆلاکەکان ژمارەیەکی لە ژمار نەهاتوی کرێکاران لە بەین دەبات، یان کرێکاران دەتوانن بە توندی شۆڕشی کۆلاکەکان سەرکوت بکەن. رێگەی ناوەڕاست نییە...، بەگژداچونەوەی کۆلاکەکان یەکلاکەرەوە و بەگژداچونەوەی تەنیاییە... کۆلاکەکان ترسناکترین، دڕندەترین و سەختترین چەوسێنەرانن... ئەم جاڵجاڵۆکە ژەهراویانە بە نرخی برسێتی کرێکاران و تێکدانی جوتیاران لە شەڕ قەڵەو بوون. ئەم زێروانە خوێنی جوتیارانیان مژیووە و هەرهێندە دەوڵەمەندتر دەبون کە کرێکاران لە شارو کارگەکان

ئازاری برسێتی دەکێشن. ئەم خوێنمژانە زەویەکانیان قوتداوە و دیسانەوە قوتی دەدەن.... هێشتا جوتیارە هەژارەکان دەگرن. دەبێت بەتوندی بەگژ کۆلاکەکاندا بچینەوە. بڕوخێ کۆلاکەکان! نەفرەت و نەنگی بۆ ئەو حزبانەی دەیانپارێزن: سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی راستگەرا، مەنشەفیکەکان و سۆسیالیستەکانی شۆڕشگێڕی باڵی چەپ، دەبێ کرێکاران بە مستی ئاسنین شۆڕشی کۆلاکەکان سەرکوت بکەن).

دەوڵەتی کۆمۆنیستیش، وەک دەوڵەتێکی تیرۆریستی بـەردەوام گەشەیان بە هەردوو بەرەی ناوخۆیی و بەرەی دەرەوە دەدا: لە ناوەوە، بۆ لە بەینبردنی ئەوەی کە بوخارین ناوی دەنێت (خۆوروژاندنی مو زەردە پەرتوبڵاوەکانی خوردە بۆرژوازی)، بەڵام دەبێت لە دەرەوەش گەشەی پێ بدرێت، چونکە ئامانجی کۆتایی شۆڕش، واتا کۆرپە ناتوانێ لە (دیکتاتۆری جیهانی پرۆلیتاریا) لابدات.

رۆح لە هەموشوێنێک ئامادەو هەمیشە برەوی بۆرژوازی دوبارەی تاکگەلێک ئاڵودە دەکـات، کە بە هەوڵی ماندو نەناسانەی (حزبی بێخەوشەکان) گیانیان بە بەردا کراوەتەوە. بە کورتی ماهیەتی تایبەتی پڕۆژەی کۆمۆنیستی، واتە (پاکتاوی دنیای تارمایی ئاسای کۆن) لەسەر بنەمای ئەم بنەما ئەهریمەنیەی کە (دەبێ هەموشتێکی هەبو لە بەین برێن) پێویستی بە وەیە کە (کۆمەڵگای نوێ) وەک (قەڵای ئابڵوقەدراو) رێکبخرێ و هەموشتێکی بە سیاسەتی سەربازی رێکبخات. پێویستی لە بەینبردنی هەمو دەسەڵاتەکانی دەرەوەیە کە سەرفی ئامادەییان و لە رێگەی گۆڕینی شێوەی ئامرازەکانی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئارا، سەرمایەداری خوێن خۆر و چەپەڵ دەیانکەنە کۆسپی بەردەم (نۆژەنکردنەوەی جیهان).

دەقی پیرۆزی خواناسی شۆڕشگێڕی ئەلگۆیەک لە دەوڵەت بەرجەستە

دەکەن کە ناتەبای دەوڵەتی مۆدێرنە، بەپێی پێناسەی کلاسیکی مارکس و ئەنگڵز (کۆمەڵگای مەدەنی، بنەمای سروشتی دەوڵەتی مۆدێرنە. تاک لە کۆمەڵگای مەدەنی، بونەوەرێکی سەربەخۆیە، بە پێی بەرژەوەندی کەسی و پێداویستی سروشتی پەیوەندی بە خەڵکەوە نا ئاگایانەیە. کۆیلەداری بۆ دەستەبەری قازانجە، کۆیلە پێویستی خۆخوازانەی خودێتی و پێداویستی خۆخوازانەی خەڵکە. دەوڵەتی مۆدێرن لە مافە جیهانیەکانی مرۆڤایەتی بەم چەشنە بنەمای سروشتی خۆی بە فەرمی دەناسێت:... کۆمەڵگای مەدەنی مۆدێرن، کۆمەڵگای پیشەسازی، بە رکابەرێتی گشتی، بەرژەوەندی تایبەتی بە ئەنارشیستی و بە تاکیەتی سروشتی و واتایی، هەمویان بە ئازادی شوێن ئامانجەکانیان دەکەون).

لە کاتێکدا دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر یاسا بونیاتنراوە و بە فەرمی ناسینی کۆمەڵگای مەدەنیە، دەوڵەتی کۆمۆنیستی (سودی لە هیچ یاسایەک وەرنەگرتووە) ئەم دەوڵەتە بە هەمو کەلوپەلەکانی بەردەستی و بە هەر نرخێک لە دووی ریشەکێشی گەندەڵی و وردوهاڕکردنی بۆرژوازیە. دەوڵەتی روسیا، پاشان بە گومانەوە بە دوای گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەم هێنانی خۆی بە سود وەرگرتن لە زانیاری هونەری و تەکنەلۆژیای شارستانیەتی خۆراوابو بەم مانایە نییە، دەوڵەتی روسیا شێوەکەی تۆتالیتاری دەوڵەتی مۆدێرنە، کە هێشتا زۆرێک باوەڕیانوایە. ئەمە مانای وایە کە حزبی بەڵشەفیک هەوڵدەدا ئابوری پیشەسازی و رێکخراوی سیاسی دابمەزرێنێت کە مارسڵ مۆرس لە کتێبی مامۆستایانەی بە گوماناوی و (ئاڵۆز)ی دەزانی، یەکسەر دوای شۆڕشی بەڵشەفیکەکان و لە سەروی تێزی کارڵ وینفوگڵ نوسرا. دەوڵەتی گوماناوی ئابوری پیەشازی دەباتە بەڕێوە، ئابوریەک کە تایبەتمەندیەکەی قوڵبونەوەی ئەریستۆکراسیانە، کۆنترۆڵی بە

جێگەیاندنی بەرهەم هێنان و دابەشکردن، نەبونی گرەنتی و هاوشێوەی بو، لێکدژی دەروونی هەیە، بۆ هەبونی ئابوریەک پێویستی بە پێشگریمانەی مافەکان یاسای تایبەتە، کە دەیەوێت گەشەی خۆی رەوانبێت. گرەنتی ئەم پێشگریمانانە بە دەوڵەتی یاسایی مۆدێرن چنگ دەکەوێت. دیارە، تەنانەت ئابوریەکی لەم چەشنە لە ناخی ناوەندی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتخوازیش شیاوە. بەم حاڵە سیاسەتی گەشەپێدان هەر لەو وڵاتانە سەرکەوتوو بووە کە دەوڵەت، مافەکانی خاوەنداریەتی بە فەرمی ناسیووە، کەسەکان تەواو ئازادبن بۆ کڕین و فرۆشتن و چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی لە رووی شیاوی بەکارهێنانی تەواوی یاسای خستنەڕوو داوای بەرتەسک دەکاتەوە. لە بنچینەدا هەمو ئەم بابەتانە لە سیستەمی کۆمۆنیستیدا رەتدەکرێتەوە کە لە ژێر ئوستورەی ئەقڵانیەتی بەرزەتری پێشنیازی ناوەندی دایە. لە ئەنجامدا، کەساسی ئابوری لە رەهەندی جیهانی هاتەئاراوە کە پیشانیدا بە دامەزراوەیی کردنی ئامڕازەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی بە لە بەینبردنی بازاڕ و سەرکوتکردنی گەشەی خۆ وروژێنەری کۆمەڵگای مەدەنی نابێت.11 دەوڵەتی تۆتالیتار (هەمووشتێک لەسەر تاکە پێوەرێک پشتڕاست، بەرنامەڕێژی، دادەمەزرێنێت) و ئامانجی نۆژەنکردنەوەی پەیکەری کۆمەڵگایە بە (شەڕ بە ئامانجی وێرانکردنی) هەرشێوەیەکی خۆوروژاندن، نەک بە مۆدێرنیزاسیۆن کە دژی بە پیشەسازی بونیشە.

دەرەنجامەکەی، تۆتالیتاریزم رەونەقێک لە عەقڵانیەت ئامێری مۆدێرن نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، جۆرێک دەسەڵاتە ، تا ئاستێک بە ئەرکەکەی واتە تێکدانی (هەمو شێوەکانی سەرمایەداری)12 وەفادار بمێنێتەوە، لە عەقڵ جیاوازە. کاتێک ئەم کارە ئاشکرا دەبێت کە بزانین عەقڵ پەیوەندی نزیک و نەپچڕاوی بە بازاڕەوە هەیە و بازاڕ لە رووی

دەور بینینی وەک داینەمۆی بزواندنی گەشەپێدان، پێویستی بە (یاسایەکە کە بتوانێ وەک ئامێر کاری پێ بکات)، بەڵام یاسای عەقڵانی ئەوشتەیە کە دەوڵەتی تۆتالیتار لەگەڵی ناگونجێت. پەیامی رزگاری بەخشی پاککردنەوەی کۆمەڵگا بەهۆی پاڵاوتنی تیرۆر کە دەوڵەتی تۆتالیتار لە ئەستۆی خۆی دەبینێت (بە هەرجۆرێک چوارچێوەی رواڵەتی یان پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی جیاوازە. بەمەش، دژایەتی هەمیشەیی نێوان پابەندی کاری ئەقڵ و پابەندی ئایدۆلۆژی حزب، کە نمونەکەی شێوازی کاری دەوڵەتانی کۆمۆنیستی بو، رەگی لە (تێکشکانی گەورە)دایە. ئەوە رووداوێکی مێژوویی نەبو کە بە هۆی هەلومەرجی نالەبار یان هەڵەی مرۆڤ دەرکەوتبێت، بەڵکو ئاکامی حەتمی بەرنامەی تازەکردنەوەی کۆمەڵایەتی بو. بەپێی شەڕی هەمیشەیی دژی بەهاو دامەزراوەکانی شارستانیەتی مۆدێرن.

# بەشی چوارەم
# مۆدێرنیتە، لیبرالیزم و تیۆری رەخنەیی:
# وەڵامێک بۆ پلیکانی1

ئەلێکس دلفینی و پۆل پیکۆنە

## دارمانی سۆسیۆلۆژی و هەلخوازی سیاسی

هێشتاش کاریگەری کۆتایی شەڕی سارد لە سۆسیۆلۆژیدا هەست پێدەکرێت کە تێکرا، بە داکۆکی هەلخوازانە لە کارایی درێژە بە هۆکارەکانی تیۆری بێکەڵک دەدا و ئیحتبارایان فرێ بە سەر تۆکمە یان یاسای لۆژیکیانەوە نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە دەوری مێژووییانەوە هەیە بۆ رەخساندنی رەوایەتی سیاسی رژێمە تایبەتیەکان.

هیچ نمونەیەکی باشتر لە چەمکی (تۆتالیتاریزم)2 لە بارەیەوە نییە، ئەم چەمکە یەکەمجار جیڤانی جینتیلە و بنیتۆ مۆسۆلۆنی لە ناوەڕاستی دەیەی 1920 بۆ تاریفکردنی رژێمی فاشیستی بەکاریان هێنا، قەت تەریبی پێناسەکە نەبو؛ پاشان فرانتس نویمان و ئەوجا هانا ئارێنت لە هەوڵێکی (سەرنەکەوتوو) بۆ تێگەیشتن لە ئەزمونەکانی ڤێزەونی ئەڵمانیای نازی (لە قۆناغی دوای یەکیەتی سۆڤیەت)، گەشەیان بەم چەمکە داو سەرەنجام کارڵ فریدریش و زبیگنیۆ برجینسکی و خەڵک ئەم چەمکەیان بە کاربردو بە

دووباره پێناسەکردنەوەی جنی کیرک پاتریک راڤەیان کرد. کۆمۆنیزم لەم پێناسەیەدا وەک رژێمی ریفۆرم نەکراو بووە ئەهریمەنێک کە شایستەی لە بەینچونی سەربازییە، ئەویش لە کاتێکدا کە ریفۆرمی ئاشتییانە لە ئێکرای بلۆکی سۆڤیەت لە روودان دابو.

تەنانەت هێربرێت مارکۆزە و هەمو ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت چەمکی (تۆتالیتاریزم)، یان بۆ تاریفکردنی دواکەوتوویی مۆدێرنێتە بەکاربردووە، کە رەگی لەبڕیاری شتوارگی و (تەکنیکی بون)ی کۆمەڵگادایە، بەپێی ئاوێتەی بەردەوامی هەمو نەیاران لە سیستەمی (ناعەقڵانی) دەسەڵات، پەیوەندی (تۆتالیتاریزم) و مۆدێرنێتە بەهۆی گەشەی هێڵی بێ سنوری پێگە زاڵەکانی کۆمەڵگای ئەمەریکی دوای شەڕ شیاو بو. مارکۆزە لە دەیەی 1950 تا ئاستێک تیۆری غەریزەی سروشتخوازانەی فرۆیدی کردە جێگرەوەی بنەمای دیاردەناسی هایدگەر (بنەمایەک کە لە قۆناغی لاوێتی بۆ پێداگری سەرلەنوێی پرۆژەی مارکسیستی بەکاربرد، کە رۆژ بەڕۆژ دۆگماتر دەبو)، ئیدی نەیدەتوانی لە (مێژوویی بونی) کۆمەڵی پیشەسازی پێشکەوتو بگات، تێگەیشت کە چۆن ئەو مێژوویی بونە بەتێکدانی لە سەرخۆی پێگەی پێویستی دیسانەوە بەرهەم هێنانەوەی خۆی گەشەی کردووە.3 ئەم بنەما سروشتخوازانە وا جیاوازی حەتمی نێوان پێداویستی (درۆین) و (راستین) کرد کە لەلایەک، رەخنەکەی بێ متمانە کردو بۆ شێوەیەکی تری ئایدیۆلۆژی (چینی نوێی) گۆڕی کە زۆربەی تیۆرداڕێژانی رەخنەیی وەک پێشبینیکەرانی ئاقیبەت بەدفەڕی کۆمەڵگای تاک بنەمایی دەناسێنێت و لە لاکەی دی ئەگەری گەڕانەوەیەکی (تۆتالیتار)ی بە گەورەکردنی شایانی دەستکاری، بەهۆی پیشەسازی کەلتوری پلان بۆ مەیدانی غەریزی دادەنێت.4

بە هەمانجۆر کە رۆبێرت دی ئەمیکۆ پیشانی داوە، زۆربەی هەمو ئەم بەسەریەکەوەی ئایدۆلۆژیە ناتەواون. نەک سەرهەڵدانی رژێمە (تۆتالیتار)ەکان ئاراستە ناکەن، بەڵکو ناتوانن بەڵگەی پتەو بۆ بژاردەبونی دیاردەکانی جێگەی باس بدەن بەدەستەوە. زۆر نزیک بە روودان نمونەکانی ئاشکراکردنی (توانای ئەفسانەیی، یان تیۆری)یەکەی دەگرنە ئەستۆ کە پەیوەندیەکی کەمی بە نمونەی مێژووییەوە هەیە.5 مانای وانییە، کە چەمکی (تۆتالیتاریزم) وەک یادگاری جەنگی سارد، بڕیارە بە زوویی لە بەین بچێت. هێشتاش دەکرێت ئەم چەمکە دەوری رەوایەتیدانی نەرێنی بۆ دەستەبژێرانی باڵادەستی کۆمەڵگای لیبڕاڵ دیموکراسی ببینێت. ئەم دەستەبژێرانە لەمەودوا ناتوانن بۆ هێنانەئارای جۆرێک دۆخی زارەکی شڵەژاو پشت بە هەڕەشەی کۆمەڵی کۆمۆنیزم ببەستن، دۆخێک کە هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی رەخنەیی دۆخی هەبوی سیستەمی لیبڕاڵ دیموکراسی دوادەخات، واتە بارودۆخی کەم و زۆر تەواو بەڕێوەبەرخوازانە، ماهیەتێکی وا جیای بە دوژمنی (تۆتالیتار)ی نییە، کە بانگەشە دەکرێت تێکشکاوە. هەنوکە ئەم دەستەبژێرانە بە زۆری لە بەکردەوە کردنی ناخی هەمان جیهانی ئایدیۆلۆژی دڕدۆنگن.

هەرچەند رژێمە لیبڕاڵ دیموکراسیەکان لە روانگەی سەرکوت و گوێ نەدان بە ئازادییە کەسیەکان نە بە کۆمۆنیزم و نە بە فاشیزم بەراورد ناکرێن، بەڵام وردە وردە بۆ نوسخەی خێرخوازانەی سیستەمە چەقخوازەکان ئەریستۆکراسی گۆڕاون کە بەهۆی چینی تازەی ئاسودەی کارمەندان، سیاسەتکاران و باقی (پسپۆڕان) ئیدارە دەدرێـن، هەنوکە کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانە دراوەتە ئەم چینە، گەرچی زیاتر پێگەی پێویستی بەشداری دیموکراسی لەرزۆک دەکەن. میانڕەوی کەسانێک کە پێشتر بە هاوڵاتی دادەنران و کەوتنیان لەبری مشتەری ناچالاکی سەربە

دەزگای ئەریستۆکراسی، ڕێگە بۆ لێکدانەوەی تازەو باشتری (براگەورە) خۆش دەکات، تەنانەت گەر لە ریزی خێرخوازانە بێت.

بەمەش چارەسەر ئەوەیە کە بـەردەوام بە قێزەونی جەخت لە بارودۆخی خەمهێنی رژێمی رکابەر نەکەینەوە، کە هەڵوەشانەوە، بەڵکو بە پێشنیاز بۆ ئەڵتەرناتیڤی شیاو، یان ریفۆرمی بنچینەیی، بارودۆخی هەبو وەک شێوازی جیا جیای ئەزمونی سەرنەکەوتوی رابـردوی نزیک لێکبدەینەوە، هەروەها دەکرێت ئەم کارە روونی بکاتەوە بۆچی سۆسیۆلۆج و تێکڕای قەشە گەورەکانی مۆدێرنێتە زۆرجار جەخت لە بەدەستهێنانەوەی چەمکی تۆتالیتاریزم دەکەنەوە، تا ڕێ لە هەرجۆرە رەخنەیەکی کۆمەڵگا بگرن کە هەوێنی شانازی روونی تایبەتی نییە، قبوڵکردنی پارێزکارانەی راپۆرتی سەلمێنراو دەربارەی (ئەوەی هەیە) وەک تاکە پێوەری (ئەوەی دەبێ ببێت) و رەتکردنەوەی هەرجۆرە پێشنیازێک بۆ نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵایەتی رادیکاڵ (دامەزراوە شارستانیە مۆدێرنەکان)، واتە پەیوەندی سەرەکی دەسەڵات، بە ئەتەکێتی ئایدۆلۆژی و مەیل بۆ تۆتالیتار بون.6

ئەمە لەجۆری هەمان ستراتیژی لۆچیانۆ پلیکانیە کە رەخنەی تورەییانە لە زیگمۆنت باومەن بە تایبەتی و قوتابخانەی فرانکفۆرت بەگشتی دەگرێت، چونکە هەوڵدەدەن مۆدێرنێتە و تۆتالیتاریزم پێکەوە ببەستنەوە. پلیکانی بە بە دەستهێنانەوەی (تۆتالیتاریزم) و تەنانەت کۆمەڵێک چەمکی پاساو هەڵنەگرتر لە مەودوا لە جبەخانەی کۆنبوی سۆسیۆلۆجی شەڕی سارد کە پەیوەندی بە یەک یان چەند نەوەی رابردووەوە هەیە، هێشتاش لە داکۆکیکردنی ئاسایی لیبراڵ دیموکراسی وەک (باشترین سیستەمی شیاو) زێدەڕۆیی دەکات. هەرچەند لەگەڵ زۆرترین لایەنگرانی لیبراڵ ئایدۆلۆژی رۆشنگەری، دان بە پابەندی و دەرەنجامی پوچگەرێتی

مەیلی زاڵ (شارستانیەتی مۆدێرن) دەنێت، بۆ کەمکردنەوەی هەموشتێک بۆ (ئەنجومەنی پارە) و نەختینەیی کە ناوی دەنێت (سیستەمی ئاڵوگۆڕی زەبەلاحی ژێر کۆتی زۆرەملێیی نامرۆڤایەتی خستنەڕوو داوا)، بەم حاڵە گومانی لە رێزگرتنی لیبرڕاڵ دیموکراسی وەک (رێکخراوی سیاسی ئاسایی کۆمەڵگای مۆدێرن) نییە: سیستەمی ئایدیالی خۆڕیفۆرمکەر کە بە تەریبی (مۆدێرنیتە) دەزانرێت.7 رەنگە هەمو ئەو کێشانەی لە ناخی سیستەمێکی وەهادا بمێنێتەوە لە پەیوەندی بە تەواووکردنی پرۆژەی مۆدێرنێتە بە گوێ پێنەدان دەخرێتەلاوە. ئەمانە کێشەو گرفتی لاوەکین وەک هێنانە ناوەوەی کەسانێک کە لە (ناوەندی بۆرژوازی لیبرڕاڵ دیموکراسی) (بەجیا ماونەوە) و لە بەینبردنی دوا کۆسپی سەر رێی گەیشتن بە هاوسەنگ و هاوشێوەی مۆدێرنیستی نیروانا.8

**ئایا مۆدێنرێتە «تۆتالیتار»ە؟**

به رای پلیکانی، نەشیاوترین شتی رەخنەکەی باومەن و قوتابخانەی فرانکفۆرت لە مۆدێرنێتە، هەمان پێشنیازی (تۆتالیتاریزم) بونی خودی مۆدێرنێتەیە. بەپێچەوانەی سیستەمەکانی لە راستیدا تۆتالیتارن، وەک نازیزم و ستالینیزم کە دەوترێ عەقڵانیەتەکەی سەربە دەوای ئایدۆلۆژی دەبێت، دەسەڵاتی نامرۆڤایەتی عەقڵ بە تایبەتمەندی کۆمەڵگای مۆدێرن دەزانرێت، واتە شتێک کە لەبنەڕەتدا دژی هەرجۆرە کۆمەڵگایەکی لەسەر بنەمای جیهانبینی ستەمکارانەیە.

تۆتالیتاریزم دەرەنجامی (خواناسی شۆڕشگێری)یە کە هەوڵدەدات پرۆژەی زیندوکردنەوەو لە دایکبونەوە بەهۆی پاکتاوکردنی کۆمەڵگا هەمو ئەو توخمە گەندەڵانەی پلیکانی بۆ مۆدێرنیزمی دواکەوتویی جفری هێرف

دەگێڕنەوە تا پاڵپشتیەک بدۆزێتەوە، کە بە سەرچاوەی ئاڵودەبوون دەناسرێن: جولەکە سەرمایەدارەکان، کۆلاکەکان و هند، بۆ یەکەمجار بانگەشەکەی، عەقڵانیەتی بەکارهێنراو کە نازیەکان لە پراکتیزەی پڕۆژەی قەوم کوشتنەکەی بەهۆی داوای ئایدۆلۆژییەوە لەرزۆک دەبێت، بەداخەوە ئەم بەسەریەکەوەی لێوەرگرتنەی پشت ئەستور بە بۆچونی خراپی بنچینەیی ئەم کارەیە کە جیهانبینی بۆچی و کەی دێ و پەیوەندی بە عەقڵەوە چۆنە.

لێکۆڵینەوەی وردتری ئەم دەرکەوتەو گەشەی چەمکی ئایدۆلۆژی دەری دەخات، کە جیهانبینی لادانی بێوێنە بە (زاڵبونی نامرۆڤایەتی عەقڵ) نین، بەڵکو تەواوکەریانن. ئەمانە نوێگەری نمونەی دوای رۆشنگەرین کە بە (بەڵگەی دەرپەڕاندنی نەریتەکان وەک خورافاتی حەتمی و هەوڵی داهاتو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەرەنجامەکەی لەگەڵ هۆکارەکانی (عەقڵانی) بۆ کاری پابەندی و پێویست گۆڕاون. بەمەش ناونانی نازیزم و ستالینیزم بە جیهانبینی، رێک دان نانە بە هەمانشت کە رەتدەکرێتەوە، واتا رەچەڵەکی رۆشنگەری و عەقڵخوازیان.9

خواوەندیەتی مۆدێرنیستی بەردەوام (عەقڵ) وەک تاکە سەرچاوەی رەوا پەرستنە. بەم حاڵە ئەم عەقڵە بۆخۆی هیچ بنەمایەکی عەقڵخوازی نییە، 1، عەقڵ بێ ناوەرۆکە. پاش هەر سەرچاوەیەک دەبێت لە سەرچاوە دەرەکییە تا عەقڵانیەکانی ترەوە بێت کە رەنگە عەقڵ ئیدیعاکەری بێت: رێک هەمان نەریتە نغرۆبوەکانی هەمو شوێنێک و ئەوانەی کە رۆشنگەری هەوڵدەدات رەتیان بکاتەوە، یان هاوتا باوەکانیان.

لەئەنجامدا هەر کۆمەڵگایەک، یان سیستەمێکی هزری کە پشتی بە عەقڵ ئەستورە، چ قەناعەت بکات یان نەکات، دەبێت پشت بە ماناو بەهای ئاماژە و ئاسەواری پەتی وەرگیراو لە شوێنەکانی دیکە ببەستێت تابتوانێت

ڕێنمایی ئەندام و دەزگاکانی دەسەڵات بکات. ئەقڵخوازی بەشێوەیەکی حەتمی یان پوچەڵ دەبێت کە هیچ چوارچێوەیەکی بەهایی پارێزەری دەرەوەیی نییە، چونکە هیچ شتێکی بنچینەیی ناتوانێت لێی بێتەدەرو یان دەگاتە پشێوی، چونکە گەر بوبێتە پێویستی شتێکی بنچینەیی بە بەکارهێنانی پێوەرە ناتەواوەکان شیاو بووە.11

قوتابخانەی فرانکفۆرتیش بە شێوازی جۆرێک مۆدێرنێستی، پاساو هەڵنەگر بە عەقڵ گەرچی لە لێکدانەوەی (دیالەکتیکی) نەرێنیەکەی – لە هەوڵی سەرنەکەوتوو بۆ نێوانگیری بەش و تێکڕاو تێکشکانی سەرچاوەی نەرێتی دەداتە پاڵ، سەرەنجام نەیتوانی دەرەنجامی لۆژیکی کۆتایی ڕەخنەکەی لە کۆمەڵگای مۆدێرن لەودیوو پیشاندانی سروشتی خودی وێرانکەری ڕۆشنگەری و لە ئاکامدا، لە دیالەکتیکی نەرێنی ئادرنۆ، کورتبونەوەی خودی دیالەکتیک بەدەورێکی (نەرێنی) مام ناوەندی بەرجەستە بکات.12 تێکڕا، بە شێوازێکی حەتمی، نەدۆزراوە و تێنەگەیەنراو دەمێنێتەوە و دەرەنجامەکەی لەچەند شوێنێک سەرهەڵدەدات، یەک هاتنەدی چوارچێوەکانی عەقڵ، دوو، هەوڵی تیۆری بۆ تێگەیشتن لەم تێکڕاییە بەهۆی بنەما ئوستورەییە تایبەتیەکان و سێ هاتنە ئارای نەریتی تایبەتی کە ڕەگوڕیشەیان لەم ئوستورە ناسیەی ڕەخسێنەری بەهاو لایەنەکان کە بەم شێوەیە بە کردەوە بناغەی بەڵێنی کۆمەڵایەتی دادەنێن. لەم مەیدانەدا، عەقڵ لە ئابلۆقەی کەلتورێکی تایبەت نایەتەدەر بەڵکو بە ڕێگای جیاجیا کەلتورەکان بە کاری دەهێنن تا دەربڕی نەریتە تایبەتیەکانیان بێ و ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخات، لە کاتێکدا قوتابخانەی فرانکفۆرت لە گرنگیەتی بنەماکانی ئوستورەناسی و لەم ڕووەوە، ستراکتۆرەکانی خواوەندیەتی گەیشت کە ئەم بنەما ئوستورەناسیەی لەچوارچێوەی کەلتوردا ڕێسابەندی دەکەن، ئەم قوتابخانەیە لەوەزیاتر

لە ئەزمونی راچڵەکێنەری نازیزم (واتـە خۆخوازانەترین هەوڵ بۆ بە دەستهێنانەوەی نەریتەکانی ئوستورەناسی سەدەی بیست) نزیکبو کە بتوانێ جەخت لە ماهیەتی جیانەکراوەی ئەم رەهەندی کەلتوریە بکاتەوە،13 ئاکامی وێرانکەری پاشەکشەیان شیکار بکات، داکۆکی لەوە بکات کە ماوەتەوەو ئەم شیکارە بەجۆرێکی رەخنەی نەریتخوازانە لە مۆدێرنیتە لێکبداتەوە کە بێ ئەو تیۆرە رەخنەییە بەجیانەکراوە توشی روودان دەبێت کە بۆخۆی خوازیاری تێپەڕاندنی بوو.

سۆسیۆلۆجی زانستی بێهۆی مۆدێرنێتەیە و خزمەتی دەزگـای راپەڕاندنی کۆمەڵگای دوای رۆشنگەری دەکات و دەتوانێت لە رووداوە ئاشکراکانی گریمانەیی بکۆڵێتەوە و بەمەش زۆرجار پارێزکاری و پوچگەرێتی لێدەکەوێتەوە.

سۆسیۆلۆجی حەزی لە پارێزگارییە، چونکە سەرەڕای داوای ئایدیۆلۆژی عەقڵخوازانەشی شتێک وەک (نائەقڵانی) رەت ناکاتەوە، کە مەگەر بە قاچاخ باسی ئەو بەهایانە بکات، کە بەشێوەیەکی دەروونناسی لابراون. سۆسیۆلۆجی بە بەڵگەی پابەندیەکەی بە بنەمای بێلایەنی بەها، دەبێ هەمو بەهاکان بە رەوا بزانێت، کە لە رۆژگار، لە واقعیەتی کۆمەڵایەتی بابەتیانە دەبینێت. سۆسیۆلۆژی بۆ پوچگەرێتی دەچێت، چونکە ناتوانێ هیچ بەهایەک لە خۆیدا سەرهەڵبداو ناچارە بێلایەنانە هەموشتە ئامادەکان، بە ناوی دراوە پەتیەکان قبوڵ بکات.14 بەم شێوەیە بۆ نەخستنە مەترسیەوەی (بێلایەنی بەهایی) دەبێت خۆکارانە قبوڵیان بکات، کە لە هەرکاتێکی تایبەت روودەدات – تەنانەت رەچەڵەک کوژی و کەمپەکانی کاری زۆرەملێیی. ژینگەناسی و سۆسیۆلۆجی نازی، کە بێویژدانانە بون، هەوڵیاندا (واقعیەتەکان) سەقامگیر بکەن کە چاوپۆشی لە بێ ماناو قێزەونیان بۆ زۆربەی خەڵک بە شێوەیەکی

واتایی پوچەڵ نەکراوە بن و بەمەش لانیکەم بەپێی بۆچونی کارڵ پۆپەر و قوتابخانەی لایەنگری زانستیەکەی15 پاساوی زانستییان هەبو، کە هێشتاش زۆر بەتوانایە، تەنانەت گەر سەرەنجام هەڵوەشاوەو هەڵە بوبن. ئەم کارە نائاسایی نییە: زۆربەی زانستەکان کە بانگەشەی درۆیین و ناڕاستن، ڕەوایەتی زانستییان میتۆدناسی و سەربە شایستەیی پوچەڵ نەکراوەو هەمانکار دەری دەخات، کە بۆچی مێژووی زانست گۆڕستانی بەرفراوانی گریمانە ناڕاستەکانە.

پوچ گەراییە کە تائێستا، بـەردەوام وەک ڕەخنەو ڕەخنەگرتنی دواکەوتوانە تێپەڕێندراوە،16 گەرچی زیاتر لایەنگرانی پێشکەوتنخوازو لیبڕاڵ پشتگیری دەکەن، خاڵی کۆتایی مۆدێرنێتە، خەبەر لە هەڕەشەی سەرەنجامی (تۆتالیتار) دەدا، مۆدێرنێتە بەشدارە لە هێنانەدی ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکان. لێرەدا بە کاربردنی چەمکی ناوزڕاوی وەک تۆتالیتاریزم بە مانای لاواز بوو ئیمپریالیزم بە گشتی ڕێ پێدراوە. هەرچەند (تۆتالیتاریزم) وەک ئامڕازێکی تیۆری ورد تەواو پێویست نییە، بەڵام هێشتاش وەک هۆکارێکی ناورد کەمێک لە تاریفکردنی مەیلی پەتی کۆمەڵگای مۆدێرن سودمەند دەبێت. تۆتالیتاریزم بەمانای ڕاستەقینەی وشە، واتا کۆنترۆڵکردنی هەمەگیر، لە بنچینەوە نەشیاوە چونکە مرۆڤەکان لانیکەم ئازادن (لە مەودوا بێ ئەو مرۆڤ نین، بەڵکو بەشتی پەتی دەدوێنرێن) بەردەوام دەتوانن کاری جیاواز ئەنجام بدەن کە پێیان دەوترێت، یان ناچار دەبن ئەنجامی بدەن. هەروەک لە باشترین دۆخدا، (کۆنترۆڵی تێروتەسەل) ئارەزویەکە بە کردەوە حەتمەن مەرجدار دەمێنێتەوە، چونکە دەبێت بەدیهێنانی وەک پێویست بە تێوانگیری بڕیاری زەینی سەربەخۆ بۆ ئەنجامدانی کاری هاوتای چاوەڕوانیەکان پێکبێت. هەرهێندە کە (کۆنترۆڵی تێروتەسەل) جگە لە مەیلێکی پەتی ناتوانێ شتێکی

دیکە بێت، تۆتالیتاریزمیش هەرگیز ناتوانێ کۆمەڵگای راستەقینەی رابردو بە هەبو تاریف بکات. هەربۆیە هەرکاتێک شێلگیرانە باسی بەکارهێنانی ئەم چەمکە بکرێت، بەردەوام بە شێوازێکی ناباو زۆرجار هەلخوازانە پیناسە دەکرێت.

ستالینیزم، تەنانەت لە تاریکترین دەوری خۆی، بە نائاسایی توشمی وەهم بووە، بەدوای جۆرەکانی پیلانگێڕانی ناوخۆی تاکەکانی وەک پیاوانی سیا، دکتۆرە (جولەکەکان)، دواکەوتووەکان و تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبدا دەگەڕا، چونکە باش ئاگای لە هەیمەنە نەکردنی تێروتەسەل، هەروەها مەترسی هەمیشەیی لادانەکان بو. ئەزمونی نازیزمیش، کە هەندێک کێشەی سەرمایەداری و میکانیزمەکانی بازاڕی پاراست، پیشانی دەدا کە کۆنترۆڵی تێروتەسەل هەرگیز لەبەرچاو نەبووە.

تۆتالیتاریزم وەک شێوەیەکی جیاوازی دەسەڵاتخوازی بەرتەسک کەرەوەی ئازادی دەناسن. دەکرێ تۆتالیتاریزم بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە هاوکاریمان بکات چ روودەدات کە مۆدێرنیتە سەرکەوتووانە هەمو نەریتەکانی بناغەداری کەلتورە تایبەتیەکان لەبەین ببات. ئێستا لە بارودۆخێکی وادا کە بەرهەم هێنانەوەی کەلتوری و کۆمەڵایەتی دەروون ناسی لە مەودوا لە ناخی رەهەندی جوانناسی - لاساییکردنەوە، یان ژینگەی جیهانی هیچ نەریتێک روونـادا،17 بەرهەم هێنانەوەی کەلتوری بە شێوەیەکی کاریگەر بەهۆی دەوڵەت (بە لێکدانەوەی هابرماس) دەبێتە ئیمپریالیزم، بە کۆمەڵایەتی بون بەردەوام نابێت، ئەم کارە کۆمەڵگایەکی پێکهاتو لە تاکیەتی لێدەکەوێتەوە کە لە روانگەی ئاکاری ناشایستەن.

ئەمە بەو مانایەیە کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لایەنگری یاساخوازی (لیبراڵ دیموکراسی) شیاو وەک بنەمایەک گریمانە بکەن، خۆی لە خۆیدا بە

هۆی هاوڵاتیانی مشەخۆرکراو نابنە ناوەوەیی کە لە ڕێگای میکانیزمەکانی جوان ناسی لاساییکەرەوەی باو لە بەین براوە کۆمەڵگا پەسند دەبن، بەڵکو تەنیا بە دوور لە خێروچاکەی ڕەچاوکراو قبوڵ دەکرێن، واتا کاتێک ئاوڕیان لێدەدرێتەوە کە ڕەچاو نەکردنیان بێ ڕێپێدانی بنچینەیی شیاو بێت.

سڕانەوەی دەروونخواز بونی زەینی ڕێسای کۆمەڵایەتی بەم مانایەیە کە دەبێت لەمەودوا بەهۆی ژمارەیەکی بەرچاوی دامەزراوەی دەرەوەی دەوڵـەت سەپێنراو بەکار ببرێن و گەشەی زۆری دەزگـای بۆرۆکراتی لێدەکەوێتەوە. ئاکامی ئەم ڕەوتە زیادبونی چوارچێوەکانە بەسەر ئازادی تاکی و سەرەنجام بەشێک دەشکێنەوە کە بە پلەی جیاواز، بە تیۆری (تۆتالیتاریزم) دەزانرێ و یان بە دەستەواژەی سادەتر بە سەرکوتکردنی زۆر کۆتایی دێت. کاتێک ئەم دۆخە ڕوودەدا کە ئەم چوارچێوانە زیاد لە ئاست بن، واتا بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەرە و مەترسیداریەک، گەشەی هاوشانی ڕەواج و بەگشتی بونی مۆدێرنیتە و لە ناوبردنی چەمکی ئەو نەریتانەیە کە پەیوەندییان بە کۆمەڵی تایبەتەوەیە. بەمەش بێجگە لە لادانی کە بە سەقامگیری پرۆسەی زانستی بون بەهۆی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوەی دەوڵەتی پیشەیی هاتنە ئارا (بەوجۆرەی کە ئایدۆلۆژی مۆدێرنیزم بانگەشە دەکات)، زیانە کۆمەڵایەتیەکانی هەبو وەک لێکترازانی کۆمەڵایەتی، قۆرخ کردنی دارایـی زۆر، بەرزی ئاستی تاوانی ناجێگیری خێزان، تێکچونی کەسایەتی و هاوشێوەیان، لە ڕاستیدا ئاماژەی ناڕێکی حەتمیەکانی مۆدێرنێتەی دواکەوتووە، واتە ئەلگۆیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کە توانیویەتی ژێرخانی نەریتەکان لە بەین ببات، کە دیاریکردنی کۆمەڵگا پەسندی ژمارەیەکی زۆری تاکەکان بۆ مانەوەی دامەزراوە دیموکراسیەکان بێ ئەمان زۆر زەحمەتە.

دەوڵەتی بەڕێوەبردنی دەرەنجامی ئەم ڕەوتە بۆ هاوکاری بژێوی

ژیانی رۆژانەی ئەم کۆمەڵە خەڵکە پێویستە. ئەم دەوڵەتانە دەتوانن بەهۆی فراوانبونی کارنامەکان، بریارەکان و چوارچێوەکان کاربکەن. گواستنەوەی بەرپرسیەتی لە تاکەکان بۆ دامەزراوەی دەوڵەتی ئەم تاکانە چەندی زیاتر وابەستەو هۆگری (براگەورەی پیشەیی دەکات، کە کاتی پێویست بۆ مانەوەی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی لە جاران زیاتر لەرزۆک دەکات. لێرەدا، دەکرێ (تۆتالیتاریزم) لە شوێنکەوتەی ئەم رەوتە روو لە خراپە تا خاڵێک ئەنجامگیری بکەی، کە بە زەحەمەت دەرفەتی هەڵبژاردنی کەسی تێدا دەمێنێتەوە.

بە پێچەوانەی خوێندنەوەکانی کە لە شرۆڤەی (تاک رەهەندی بون)ی مارکۆزە دان و بەشنێکی زیاتری حەزێکی پەتی کۆمەڵگای پیشەیی پێشکەوتوو هەوڵ بۆ (تەواوکردنی پرۆژەی مۆدێرنیتە)، بەهۆی بە عەقڵانی کردنی (تەندروستی سیاسی) هاوڵاتیانی خۆیان دەزانن، لە راستیدا دەرەنجامێکی وەها نەشیاوە، چونکە پێش ئەوەی سەرکەوتووانە بە دامەزراوەیی بکرێن، دەبێتە قەیرانی بنەمایی و لە کۆتاییدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی.

ئەم کارە بۆ هەمو شرۆڤەکانی (تۆتالیتاریزم) ڕاستە، چ وەک دەرەنجامی مۆدێرنیتە چ وەک ڕەتکردنەوەی. ئەم مەسەلەیە بەو لێکدژە دەبەسترێتەوە کە سیستەمێکی (مۆدێرن) بە گریمانە لە هەمولایەکی باو رزگاری بوبێت، دەکرێت ئەنگلوار بە سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی خۆی، واتە کۆمەڵگاپەسەندی سەرکەوتووی نەوەی نوێ و بنەمای تاکیەتی سەربەخۆ رێک لە سەر هەمان خڵتەی باوی وەک دەسەڵاتی باوکودایک، پەروەردەی ئایینی و... گەشەو باڵا بکات، کە بەردەوام وەک تۆخمە ناعەقڵانیەکان و زیاتر وەک کۆسپی پێشکەوتن و دوا هۆکارەکانی گرفتی کۆمەڵایەتی دیاری دەکرێت.

ئەگەر کۆمەڵگا پەسەندی پێویستی بە ژێرخانی باو، نافەرمی و جێ نەگرەوەیە کە دوای جوان ناسی لاسایی دەکەنەوە و چەند ئەم ژێرخانانە زیادبکەن مۆدێرنێتە لە بەینیان دەباٹ، کەوابوو دەکرێٹ مۆدێرنێتە لە قۆناغەکانی بەرایی بە دامـەزراوە بونی گەشە بکاٹ، واتە پێش ئەوەی پرۆسەی پوکانەوە کامڵ یان زۆر توند بکرێٹ.

ئەم پرۆسەیە لە ماوەیەکی زۆردا لە خۆرئاوا، یان کۆمەڵگای دیکە بەردەوام دەبێٹ کە بە تایبەتی نەریتەکانی بە هێز بووە و زۆرجار بە شێوەیەکی دامەزراوەیی پارێزراوون، لە کاتێکدا هۆکاری بە عەقڵانی کردن، لانیکەم لە سەرەتادا لاوازتر بون. بەم حاڵەش، بە هەمانجۆر کە ئەزمونی دەوڵەتی تاکحزبی باڵادەستی یەکێتی سۆڤیەٹ پیشانی داوە، زۆربونی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگایەک لێکترازاوە و بۆتە تۆقێنەر کە سەرەنجام کاریگەری وێرانکەرە. نۆژەنکردنەوەی بنەماو بە دامەزراوەیی کردنی سەرلەنوێی نەریتەکان ماوەیەکی زۆری دەوێ و دوای پاشەکشەی 1991ی یەکێتی سۆڤیەٹ، ئاڵوگۆڕی بـازاڕ، دیموکراسی، ئازادییە مەدەنیەکان، دەستوری و هەمو ئاماژەکانی ئایدۆلۆژی مۆدێرن کە بنچینەیی گریمانە دەبن، نەیانتوانیووە هەربەو خێرایی و ئاسانییە کۆمەڵگای روسیا بە (جیهانی ئازاد ببەستنەوە)، کە لەسەرەتادا لیبراڵەکانی شەڕی سارد چاوەڕێیان دەکرد.

**مۆدێرنیتە - کەلتور یان خەسارناسی؟**

خۆشبەختانە لە کۆمەڵگایەک زیادکردنی بێسەروبەرەی کۆمەڵێک سەرەنجام جۆرێک بێزاری لە (مۆدێرنیتە) و بە عەقڵانی کردنی کۆمەڵایەتی دەبێٹ، کە پێشینەی کۆنی لە نەریتەکانی ئازادی مەدەنیدا، بە تایبەتی دەربڕیندا هەیە کە چاکسازییان تێدا دەکاٹ، تەنانەٹ ئەگەر رووناکبیرانی

ئەکادیمی ((فەرمی)) ئەم کارە بکەن، بەشی بنچینەیی دەزگای بۆرۆکراتیکی دەسەڵاتدار پێکدێنن و لە گەشەی بەردەوامی دەوڵەتی بەڕێوەبەری سوودمەندن. بارودۆخی نائاسایی ((ئارامی)) کە بە مەترسی دوژمنی دەرەکی سەرهەڵدەدا (وەک سەردەمی شەڕی سارد)18 دەکرێت بە کاتی پرسیارەکان بە تێکدانی زەینی خەڵک، یان دووپاتنەکردنەوەی مەسەلە بنەماییەکان پەک بخات، کە دەربارەی رەوایەتی سیستەمی باڵا دەست هەیە، بەڵام هەرگیز ناتوانێ لایان بەرێت. بەم شێوەیە مۆدێرنیتە بە پێچەوانەی جەوهەرەکەی، خەسارناسی تایبەتی کەلتوری خۆرئاوایە. سەرەڕای سەرکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیاو تێکڕای سەرکەوتنە بەرچاوەکانی مەیدانە جیاوازەکان کە داکۆکیکارانی مۆدێرنیزم سەرکەوتوانە، بەڵام زامن نەکراو بتوانن پەیوەندی پێوە بکەن،19 مۆدێرنیتە حەزی لە قەیرانی سیستماتیکی هەمیشەییە کە سەقامگیری دەخاتە مەترسیەوە؛ هاوکات زۆرجار دەبێتەهۆی کاردانەوەی توندی نەریتخوازانەی ناوەوەو دەرەوە (وەک تەقینەوەی ئۆکلاهوما سیتی و تیرۆریزم دژی ئەمریکایی نێودەوڵەتی). ئەم کارە مانای بانگهێشتی گەڕانەوە نییە، بۆ سەردەمی ئوستورەیی ((پێش مۆدێرنیتە))، بەڵکو قۆناغێکی سەروتر لە روانگەی زەمەنی بە سەرەتای گەشەکردن دادەنرێ؛ بۆخۆی گۆڕانی مۆدێرنیستییە کە ئاماژە بەکۆمەڵگاکانی پێش پیشەسازی بێ تەکنەلۆژیا، زانست، رایەڵەکانی پەیوەندی و مامەڵەی کەلتوری بە هێز دەکات، لە بری کەلتوری خۆرئاوای کراوە دەگێڕێتەوە کە ئیدی بانگەشەی هەبوونی متمانەی جیهانی نییە، (بەمەش زیاتر رێز لە کەلتوری ناتەبا دەگرێ) و هاوکات زیاتر وریایی رەگ و بەها باوەکانی خۆی دەگێڕێتەوە - رێک هەمانشت کە ئایدۆلۆژی رۆشنگەری دەیویست تورەی بکات، بە نارەوای بزانێ، پاشان بە شێوەیەکی رێسامەند دای بخات.

دوباره ناسینەوەی بنجوبناوانی نەریتخوازی بەم چەشنە، مەرجی پێویستی بە سیاسی کردنی جارێکی دیکەی ئێکڕای کەلتورو پێداویستی دوبارەی شێوەی تایبەتی ژیانە کە رەگی لە نەریتخوازی ناوخۆ دایە، ئەو نەریتخوازانەی کە دەکرێت جارێکی دی ناسنامەی کەسی لەسەر هەمان بنەمای تاکیەتی سەربەخۆی کۆمەڵە ئەندامیەکان رێکبخەنەوە، نەک بە بەهامەندە دڵخوازەکانی هاوشێوە جیهانی بەڵکو بەهۆی رێکخستنی تایبەتی بسازێن، بە یەکە سیاسیە گەورەترەکانەوە لکاون.

ئەم رتوشکردنەوەی مۆدێرنیتە، بەهەمانجۆر کە رەخنەگرانی کۆمۆنیست بەردەوام دەڵێن، ناتوانێ رەوتی گەڕاوەی شەڕی هەموان دژی هەمووانی هۆبزی کەم بکاتەوە، کە جیهان نیشتمانی سەردەمی رۆشنگەری هەوڵیدەدا لە وڵاتدا، بەهۆی دەوڵەتی مۆدێرن و لە ئاستی جیهانی، بە تایبەت دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی کێشەی جیاجیای حکومەتە سەرتاسەریە جیهانیەکان تێکی بشکێنێت. لە بری بە مانای بنیاتنانی سەرلەنوێی بەهاکان و لەم رێگایەوە، دوباره رێکخستنەوەی ناسنامە کەلتوریەکانی ناوخۆیی فرەیە کە مۆدێرنیتە دەیەوێ بە هاوڕاکردن بیانسڕێتەوە. بەمەش بە پێچەوانەوە فرەکەلتورخوازی خود لێکدژی بێدەنگ دەکات، دەوری هەمیشەیی بە هێزتری دەوڵەتی ناوەندی مۆدێرن (کە بانگەشە دەکرێت بێلایەنە)، رەخنەی مۆدێرنێتە دەبێ لایەنگرو پاساوکەر (دوور لە زەین بون و دووفاقی) (نەریتەکان) و ((لاساییکردنەوەی سروشت)) (رەهەندی لاساییکردنەوەیی) بێت، کە ئادورنۆ لە دوا ساڵی ژیانی خۆی دەیویست لە کتێبە تەواو نەکراوەکەی تیۆری جوان ناسی تیشکی بخاتە سەر.

مارکۆزە و ئادورنۆ، رەنگە بە بەڵگەی تاکنیکی زۆرباش بە وازهێنان لە شیکاری دینامیزمەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەوتوو، کە لە بەرایی

دەیەکانی 1940 ئەنجامیان دەدا،20 هەوڵیاندا لە مەسەلەیەک بکۆڵنەوە کە بە درێژایی سەردەمی شێواوی دەیەی 1960 لێی بێ ئاگابوون. ئەم دوانە بێ تاوان لە وەی کە تەواو خۆیان لە ترسەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بە دوور بگرن و لە روانگەی نامۆدێرنیستی بە وردبوونەوە لە رەوتی مۆدێرنیتە بکۆڵنەوە، دیسانەوە نەیانتوانی پچڕانی چۆنایەتی بارودۆخی پەیوەندی باڵادەست وێنا بکەن، بەم شێوەیە رەخنەی پەرتوبڵاوی جوان ناسی، یان ژیان باوەڕانەیان پێشنیاز کرد: مارکۆزە غەریزەو ((نامۆیەکان)) بە دوا هێڵی دژایەتی سیستەمێک دەزانێت کە بە رواڵەت دەتوانێ هەمو رەخنەکان {لە ناخی خۆیدا} کۆبکاتەوە و هەمو شەڕەکانیش بکاتە خەرمان و ئادورنۆش کەمێک هیواکانی خۆی لە سەر ئەو بۆچونە هونەری و فەلسەفییە هەڵچنی بو کە دەیتوانی لە شێوازی بیرکردنەوەی پارێزگارانە سەرکەوتووبن.

ئادورنۆ و هۆرکهایمەر بە ئاگاداربون لە وەی کە دەکرێت لە مەیدانێکی وەهادا، هەرجۆرە رەخنەیەکی ئاسایی بۆ بەهێزکردن و مانەوەی سیستەمی دەسەڵاتیان لە دژ بەکاربهێنێت، بە پێچەوانەی مارکۆزە (کە لە دواساڵەکانی تەمەنی خۆی بە ئەگەری گەڕانەوەی هزرەکانی بەگژ سیاسەتی واتاییدا دەچۆوە)،21 بۆ ئاڵۆزی چەمکی گەڕانەوە و بەم شێوەیە پشکی کاریگەریان لە دارمانی تیۆری رەخنەیی، پاش مردنیان، بەشێکی لاوەکی ئەکادیمی پێکەوە نەبەستراوی دیکەیان لە جیاتی هەبو.

رەنگە لە روانگەی تیۆری تاکتیکێکی لەم چەشنە پاساو هەڵنەگر بە زەین بگات نەک چارەسەر بو، بەڵکو لە روانگەی سیاسیش دروست و لۆژیکی بو، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە پاشان هۆرکهایمەرو ئادورنۆ نەیانتوانی گەشە بە قۆناغی ((خەوی زستانی تیۆری)) بدەن، هەرگیز شیکارەکەیانی بە دەرەنجامی لۆژیکیان نەگەیاندووە.22 لە ئەنجامدا، داکۆکییان لە

((سەیروسەمەرە و دووفاقی))، یان ((لاساییکردنەوەی سروشت)) بە پوچی مایەوە و ئامادەی شرۆڤەی فرۆیدی، فرە کەلتوری یان راڤەی دوورایی رۆژی ئەکادیمی بو، بەڵام لاساییکردنەوەی سروشت وەک نمونە، ناتوانێ بەڵگەو دەلیلی لەسەر هەرجۆرە پەنابردنەبەری شادمانانەی شێوە جیاجیاکانی لادان هەبێت چونکە ناکرێت ((سروشت)) بۆ رەهەندی غەریزی کەم بکاتەوە، لە جێدا سروشت ئاماژەی ئێکرِایی گشنگر و رەسەنە کە ئادورنۆ وەک شتێک دیاری دەکرد کە بە ناچاری بۆ چەمکەکانی بەردەست نییە، بەردەست نەبویەک کە لە روانگەی مێژوویی بەردەوام مایەی رامانی خواوەندێتی، بەدیهێنانی چوارچێوەکانی مرۆڤایەتی و لە هەموی گرنگتر، فۆرمۆلە بونی کۆمەڵ و کەلتورەکان بۆ ئەبابون بەو چوارچێوانەی رەخساندووە، ئەگەر ئەم ((سەیرو سەمەرەو دوو فاقی)) هەمان کەلتورە تایبەتیەکان نین، کە مۆدێرنیتە بە پەلە وەک سەرچاوەی ناعەقڵانی دەیانکاتە خورافەو ئوستورە، کەوابو چین؟ هەربۆیە دیالەکتیکی رۆشنگەری مۆدێرنێتەو کوشتنی جولەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، بە زێدەرِۆترین شێوازی ئەباکردنی تایبەت بە کەلتوری تایبەتی دەزانێت کە بۆ هەزار ساڵ لە ژێر نالەبارترین هەلومەرج رووبەرِوی هاوشێوەکردنی کردۆتەوە. عەقڵخوازی بە رواڵەت خودبنیاتنەری مۆدێرنیتە، هەمو بەهاکانی بەم ناوە رەتکردۆتەوە کە ناعەقڵانین، گیرۆدەی چوارچێوەی ئاکاری نابێ و دەکرێ بە هەمان ئاسانی ئۆرگانیزەکردنی بەرهەم هێنان و دابەشکردن دەست پێشخەری لابردنی هەمو کەلتورەکان بکات.

رێک ئەوە سیناریۆیەکی ئێکرِاییە کە زیگمۆنت باومەن لە باشترین کتێبیدا دەرەبـارەی کوشتنی جولەکە نوسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە.23 هەمانشتە کە داکۆکیکارانی مۆدێرنیزمی وەک پلیکانی قبوڵی ناکەن. بانگەشە کراوە کە ئەنجامگیریەکی لەم چەشنە دەسکەوتی نەناسینی مۆدێرنێتەیە

بە ناوی ((کەلتورێکی تایبەتی ماف و ئازادیەکان)) نەک شارستانیەک کە شیمانە دەکرێ وەک پەرەپێدانی لایەنگری نەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنان تێگەیەنراو دەبێت. بە باوەڕی پلیکانی، مۆدێرنێتە وەک کەلتورێک، لەسەربنەمای عەقڵ و تایبەتمەندیەکانی دیکەیە کە دەتوانێت پەیکەری کۆمەڵایەتی بژاردەی تاکی ناڕازی بە هەرجۆرە تۆتالیزمێک بێنێتە ئارا و لەسەر هەمان بنەما ناتوانێ شتێکی وەک کوشتنی جولەکە بەدی بێنێت، کوشتنی جولەکە نمونەیەکی نائاسایی زێدەڕۆیی دەرەنجامی تایبەتی کۆمەڵگایەکە کە بەپێی جیهانبینی ناعەقڵانیە جیاجیاکەی بە دوای پڕۆژەی دوبارە لە دایکبونەوە بون. تاریفکردنی مۆدێرنیتە وەک کەلتورێک نە شارستانیەت و نە بە مەبەستی داخستنی ڕێگای هەرجۆرە راڤەیەکی شیاوی بارودۆخی هەبو وەک پەڕینەوە لە قۆناغێک بۆ قۆناغی باڵاتر لە گەشەی دوور لە گرفتی هەنوکە (خوێندنەوەی مارکسیستی بۆ سەردەمی دەسەڵاتی بـۆرژوازی)، بەڵکو بانگەشەی هەوڵی سەربەخۆیی بێلایەنکردنی کراوە. گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنان پەیوەند بەشارستانیەت، بە مۆدێرنیتە وەک کەلتورێکە تابتوانن هاوکات بە ناوی بەهای جیهانی رەوایەتی بداتە مۆدێرنیتە.

ئەم بە کاربردنە بەرامبەرە بێ متمانەیی سۆسیۆلۆژی ((شارستانیەت)) و ((کەلتور)) و تێگەیشتنی ناباوی مۆدێرنێتە زیاتر لە راشکاوی لە خشتەبەرە و لەم بارە تایبەتەوە، نەک پلیکانی بۆ خوێندنەوەیەکی ناڕاستی دینامیزمی کۆمەڵگای مۆدێرن، بەڵکو بۆ خوێندنەوەیەکی هەڵەی مێژووی نوێ سەرەتایی و لە هەموی گرنگتر رەوتی تراژیدی یەکێتی سۆڤیەت رادەکێشێت. ئەزمونی روسیا، دوور لەوەی کە دەرەنجامی پڕۆژەیەکی ناڕاستی دوبارە لە دایکبونەوە بێت کە بەپێی جیهانبینیەکی ستەمکارانەیە، لە بنەڕەتدا مەشقێکی شۆڕشگێری پۆست مۆدێرنێتە بو.

ئەزمونی روسیا بە مۆدێرنیزەکردنی فەرمانانەو بێبەزەیانەی چینێکی نوێی روناکبیرانی شۆڕشگێڕ ئەنجامدرا کە توانیان لە هەلومەرجێکی ریزپەڕدا دەسەڵات بگرنەدەست و دەوڵەت حزب بە زەبر بۆ بە عەقڵانی کردنی کۆمەڵگای روسیا بە ئاقاری هێڵی نمونەی رۆشنگەری جێگیر بکەن. بە دەستەواژەیەکی دیکە پێشهاتەکانی وەک ئابوری بازاڕ کارایی یان جێگیری مافەکان هەرهێندە بۆ مۆدێرنێتە یەکلاکەرەوە، نییە کە پیرۆزی بە عەقڵانی کردن لە رێگای پێشنیازێکی چەقگیر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی وەک بەدیهێنانی ((مرۆڤی نوێ)) کە لە روانگەی رۆشنگەری زانستیەوە هەڵدەهێنجرێت، بەمەش دەرەنجامی ناوەوەیی ئەم ئەزمونە سەرنەکەوتووە، بۆ کۆمەڵگای خۆرئاوا رێک دژی ئەو شتانەیە کە پلیکانی وێنای دەکات. سیستەمی روسیا شێوەی زێدەڕۆیی شازی مۆدێرنێتەیە، نەک رەتکردنەوەی مۆدێرنێتە. بەڵشەفیکەکان نەک لە رووی گەشەکردنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان و دامەزراندنی گەورەترین دەزگای بۆرۆکراتیکی جیهان سوودیان لە تەکنەلۆژیاو زانستی مۆدێرن وەرگرتووە، بەڵکو قوفڵی هەبویی و کۆگای میتافیزیکی رۆشنگەری، بە قیامەتناسی دنیایی بونی کریستیانیەت و تیۆرێکی مێژوویی نادەستنوسی کرپان، کە لە ئافەریدەیی بەرەو رزگاری دەچێ و لە ژێر ناونیشانی کۆمۆنیزم پێناسەیان کردەوە: بە هەرشتێک لەسەر زەوی کە دانیشتوانەکەی مرۆڤی ئازاد، خۆبەس و کۆمەڵایەتین.

کە تۆزوخۆڵی مشتومڕەکان کەوت جیاوازی راستەقینە، یان لانیکەم گرنگترین جیاوازی نێوان مۆدێرنێتەی پلیکانی و هەڵوێستی بەڵشەفیکەکان دەمێنێتەوە، بازاڕ تاکخوازی و ناوەوەیی، عەقڵانییە کە پلیکانی بەشێوەیەکی پاساو هەڵنەگر خۆی بەوە دەناسێنێت، بەڵام لێرەدا پلیکانی وەک هەمو عەقڵگەرایانی رۆشنگەری، عەقڵ نەک بەناوی ئەقڵانیەتێکی ئامرازی بەڵکو

وەک سیستەمێکی خاوەن دەسەڵاتی بەهامەند بە کاردەبرد. بەو شێوەیە پلیکانی پەیوەندی نهێنی بە توخمەکانی بەهاناسی لاوەکی ئاشکرا دەکات، کە هاوکات بانگەشەی فرێدانیان بە ناوی پاشماوەی باوی ناعەقڵانی دەکات. جارێکی دی واتایی لە پێشگریمانە نارەخنەییەکانی مۆدێرنیتەی پلیکانی دەدۆزنەوە، ئەگەر بازاڕو تاکخوازی بێت کە بە رواڵەت کۆمەڵی تۆتالیتار لە کۆمەڵی لیبراڵ دیموکراسی و مۆدێرنیست جیادەکاتەوە، لێکجیاکردنەوەیەکی زۆر لاوازە و کاتێک بزانین کە زۆربەی ئەو رژێمانەی پلیکانی بێگومان مۆری تۆتالیتاریان لێدەدات، وەک چینی ئێستا، بەردەوام بون و تەواو تەبای بازاڕ، خاوەنداریەتی تایبەتی و تاکخوازین (بە هەمانجۆری ئەڵمانیای نـازی)، لێکجیاکردنەوەی ناوبراو یەکسەر متمانەی نامێنێت، سەرەڕای هەمویان پلیکانی بەم چەمکە تێکەڵوپێکەڵەی عەقڵانیەت گیرۆدەی هەمان زۆرەملێخوازی دەبێت کە خۆی لە شوێنێکی دیکە، رەخنەگرتنی لە فریدریک فۆن هایک تێدەپەڕێنێت، پاشان تەنانەت ناتوانێ بنەمای لێکجیاکردنەوەی کارا برەخسێنێت کە لە سەر بنەماکەی بتوانن رژێمە تۆتالیتارەکان بە نامۆدێرن و دژی مۆدێرن پۆلێنکاری بکات.24

پەیوەندی نێوان سیستەمی بەڵشەفیکی تێکشکاو، دیموکراسی لیبراڵەکانی خۆرئاوا بەهێزتر دەبێت؛ ئەگەر وەک شێوە جیاجیاکانی سیمبولێکی ئەریستۆکراسی هاوچەق بیان نرخێنین کە بەهۆی چینێکی نوێی ئەریستۆکراسان بەڕێوە دەبرێت، کەسانێک کە پەیوەندی دەسەڵاتی نوێ و هەمەگیرتری لە پەیوەندی دەسەڵاتی سەرمایەداری و فیودالیزمی کلاسیکییان هەیە (هەرچەند کەمتر بە تێبینکراوی سەرکوتکەرە). وانەیەک کە دەبێ لە تێکشکانی روسیە فێری بێت ئەوە نییە، کە کۆمەڵگای خۆرئاوا سەرەنجام توانیویانە کاملترین سیستەمی سیاسی کۆمەڵایەتی ((لە باشترین جیهانی شیاو))

دەستەبەر بکەن، بەڵکو لە جیاتی ئەوەیە کە بۆچی ئەم کۆمەڵگایانە گرفتاری هەمان ناوچەی مۆدێرنیستەن کە توندکردنی بووە هۆی پاشەکشەی سیاسی کۆمەڵایەتی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمانە بە بەڵگەی سەرەڕۆیی نەریتەکانی بە قوڵی رەگ داکوتراو و بەگژداچونەوەی سەرسەختانەیان بە مۆدێرنیتە کە رێی لە سەرهەڵدانی دەرەنجامێکی هاوشێوەی وەها گرتووە یان پەکی خستووە، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە لانیکەم تا شەڕی ناوخۆ و سەرەتای گۆڕانی شێوازی فیدراسیۆن بۆ میللەتێک، شۆڕشی ئەمەریکا، بە پێچەوانەی هاوتا فەرەنسیەکەی، بە پلەی یەکەم بە مۆدێرانیزاسیۆن رانەگەیشت، بەڵکو زیاتر ئاوڕی لە سەربەخۆیی سیاسی و ئەو نەریتانە دایـەوە، کە بە تایبەتی بە هێز مابونەوە. بە پێچەوانەی خوێندنەوەی ناڕاستی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک وڵاتێکی بێ نەریت خوێندنەوەیەک کە زۆربەی ئەوروپییەکانیش تێیدا بەشدارن و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە کاریکاتێری هۆلیودی بە هەڵە وەری دەگرن – وڵاتی ناوەندی ئەمەریکا زۆرتر سەر بە نەریت مایەوە و هاوکات بەرگری لە ئازادیە تاکیەکان کرد، هەرچەند جاروبار توشی کێشەی خەسارناسی زێدەڕۆیش بووبێت.25 بەم حاڵەش، ئەگەر لۆژیکی مۆدێرنیزم بە پارێزراوی بمێنێتەوە، ئەمەریکا بە تایبەتی و خۆرئاوا بە گشتی لە رووی کارەساتەوە پێشدەکەون کە یەکێتی سۆڤیەت بەرەو پێشکەوتن چو، تەنانەت ئەگەر دەرفەتەکانی پاشەکشەی کۆمەڵایەتی، یان لە ئێستادا رواڵەتی دڕندانەیان تێدا کەمتر بێت.

**کەلتور، شارستانیەت و جیهانبینی**

کاتێک شیکارەکەی پلیکانی ئاڵۆزتر دەبێت کە هەوڵدەدا جیاوازیەکی کۆنی سۆسیۆلۆژی نێوان شارستانیەت و کەلتور بخاتەڕو، جیاوازیەکی متمانە

نەماو. یەکەم ئەم کارە بەهۆی پەیوەندی دوورو درێژی بە ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزم، پاشان ئەم جیاوازیە بۆ سیمبولی ئابوری ژێرخان و سەرخان گـۆڕدرا، بە بەکار هێنانی بابەتیانەتری رەمەکیانەی مارکسیستی بێ متمانەتریش بو.26 بە گوێرەی بۆچونی نۆربێر ئەلیاس، جیاوازی نێوان کەلتور و شارستانیەت لە دەرەنجامی پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازی کۆمەڵایەتی روناکبیرانی فەرەنسی و ئەڵمانی بە درێژایی سەدەی 18دەرکەوت و ئاوێنەی دژواری جیاوازی چینایەتی مام ناوەند بو لەم دوو وڵاتەدا. کە ئەوکاتە روناکبیرانی فەرەنسی راستەوخۆ دەسەڵاتییان بەسەر دەربارو لەم رێگایەوە بەسەر ئەنجومەنەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا هەبو، هاوتا ئەڵمانیەکانیان بە کار لە زانکۆکان و گەشەپێدانی ئارەزووەکانیان لە رێگای فەلسەفەو ئەدەبەوە حەتمی بون. بەم شێوەیە ئەڵمانیەکان نەک ئەم جیاوازیەیان ئاڕاستەکرد، بەڵکو ویستیان پێگەیەکی باڵاتر لە شارستانیەت بدەنە کەلتور، چونکە کەلتور بەو جۆرەی بانگەشە دەکرا پیشاندەرەوەی بەیانی پێناسە نەکراوی ئایدیالی رۆشنگەری بو کە بەهۆی پێداچونەوە بە داوایەک گەندەڵ نەببو، کە تێکەڵاوی دەسەڵات و ژیانی رواڵەتی دەرباری بون. بە باوەڕی روناکبیرانی فەرەنسی، شارستانیەت بە دۆخەکانی پاڵاوتن و هەستیاریەکانی ژیانی دەرباری دیاری دەکرێت کە لە لێکدژی بێ ئەدەبی جوتیاران، هەروەها ((دەشتەکیەکان))دایە کە خەڵکی ئەوروپا نەبون. بە کۆتایی هاتنی سەدەی 18، شۆڕشی فەرەنسا پیاو ماقوڵانی لە مەیدانەکە دەرپەڕاند و ئایدیالی رۆشنگەری جێگیر کرد، چەمکی شارستانیەت ئاڕاستەیەک بو بۆ فراوانخوازی و ئیمپریالیزمی فەرەنسا، پاشان میللەتانی ئەوروپی بەو باوەڕە گەیشتن کە ((پرۆسەی بەشارستانی بون لە کۆمەڵگای خۆیان تەواو بووە... وەک بەیانێکی ئیمتیازە کراوەترەکانی خۆیان لە قەڵەم بدەن)). لە مەودوا ئەم

((شارستانیەت)) بەهۆی ((ئەو میللەتانەی کە فریادڕەسی ئیمپریالزمخواز و بەمەش بۆ بەشێکی گەورەی جیهانی نا ئەوروپی ببونە چینی باڵاتر، هەروەک ئاڕاستەیەک بۆ دەسەڵاتداریەتییان بە کاربرا.))

بە هەمانجۆر کە شمیت دیاری دەکات، تاکۆتایی سەدەی 19 (دوای ئەوەی کە رێ خۆشکردنی دامـەزراوە یاساییە نێودەوڵەتیەکان رێکخەری فراوانخوازی ئیمپریالیزمی وەستاو بووە رواڵەتی ئایدۆلۆژی بێویژدانانە) بە کارهێنانی سەرەکی ئەم جیاوازیە ئاڕاستەکەری گریمانەکانی نەتەوە مەداریەک بو، جەخت لە سـەروەری وڵاتانی خۆرئاوا بەسەر وڵاتانی رزگاربو، یان لە رزگاربوندا دەکاتەوە، کە بە ((دەشتەکی)) دەزانران.27 بەمەش، کەلتور ئاماژە بە کۆمەڵێکی تایبەتی بەهاکان، یاساکان و باوەڕەکانی دەکرد کە کۆمەڵگای جیاجیا لە پرۆسەی پێکهاتنی خۆیان وەک ناسنامە سیاسیە تایبەتیەکان دەیانهێننەدی و شارستانیەت بەڵگەو دەلیلی بە سەر دەزگای بەرهەم هێنان، تەکنیکی و راپەڕاندندا هەبو. ئەمە گێڕانەوەیەکی ئەکادیمی مارکسیستی جیای ژێرخان، سەرخان بو کە زۆرجار بە جیاواز لە زۆرە ملێیی دەزانرا. لە سەردەمی رزگارکردنی بەریتانیا بەهۆی (دوکی نۆرماندی) تا سەردەمی رۆشنگەری، سەروەری خۆرئاوا یان بە دەسنکەوتی کریستیانیەت دەزانی؛ لە سەدەکانی 18 تا 20، کریستیانیەت بەهۆی ئایدیۆلۆژی رۆشنگەریەوە لە شارستانیەتی خۆرئاوا وەدەرنرا، پاشان ئەم سەروەریە رەگی بۆ واتایی بەشەکانی هونەری مادی کە لتورێکی تایبەتی خۆرئاوا دەگەڕێتەوە، کە ئێستا بێلایەن جیهانی و حەتمی لە قەڵەم دەدرێت (مۆدێرنێتە).

پلیکانی بە شێوەیەکی نارەخنەییانە سود لەم چەمکانە وەردەگرێت، واتـە بەهەمانشێوە قبوڵکراو کە سۆسیۆلۆژی ئەمریکای دەیـەی 1950 رەوایەتی پێدابون: شارستانیەت ئاماژە بە ((پیشەسازی بون، عەقڵانی بون

و ئەریستۆکراسی بون)) (بەهەمانجۆر کە دەنوسێت ((گەشەی بێ سنوری هێزەکانی بەرهەم هێنان و دەسەڵاتی زانستی - تەکنەلۆژی بە سەر سروشت)) دەکات؛ کە بەرجەستەکردنی شێوازێکی ژیانی بە کۆمەڵییە.28 لێرەدا هەوڵەکانی پلیکانی بۆ پێناسە کردنەوەی مۆدێرنێتەو هەڵکشانی لە شارستانیەکی پەتی، دژی نەریت و دابێکە کە رەوتی گەشەی حەتمی دوادەخات، بۆ ئاستی کەلتورێک ئەو بابەتە دەری دەخات کە جیهانبینی تایبەتیەکەی تاچەند بە مارکسیزمی سەردەمی لاوێتی گرێدراوە، لەگەڵ هەمو مارکسیستەکان، بەئاشکرا ((ژێرخان)) دەپارێزێ، ژێرخانێک کە بە ناوی ((شارستانیەت)) لە ئاو هەڵکێشانەوە، پاشان بۆ ((مۆدێرنیتە)) گشتاندن و سەرەنجام ئاستی ((کەلتور)) بەرز دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ((کەلتور)) ە لەم رووەوە بژاردەیە کە هەمو تایبەتمەندیەکانی ژێرخانی کۆنی (بێلایەنی، سروشتی بون و متمانەی جیهانی) دەپارێزێ و لە سەروی کەلتورەکانی دیکەوە دەبن، کە تایبەتمەندی لەم چەشنەیان نییە، واتە گێڕانەوەی نزمتری کەلتور کە پێویستیان بە مۆدێرن بونە. بە راستی لەمەش سەیرتر، ئەم کەلتورە تەبای کەلتوری خۆرئاوا بە گشتی و بەرژەوەندی جیهانی ئەمەریکاییە بە تایبەتی.

دوبارە مەتەڵی کۆنی ئیمپریالیزمی سەری هەڵداوەتەوە، ئەمجارەیان بە ماسکی هزری سۆسیۆلۆژی ڕەوا بووە کە لەوشتە زلترو رەقترە رێنمایی دەکرێت، کە پێشتر بەهۆی کریستیانیەت، لەگەڵ جۆرێک ((شارستانیەتی)) بەرزەتری شۆڕشی فەرەنسی دەرکەوتووە. هەنوکە ویلایەتە یەکگرتووەکان نەک بە کەلتوری خۆرئاوا بەگشتی، بەڵکو تەنانەت بە شێوەیەکی فراوانتر، یەکسان بە ((مۆدێرنێتە))ی جێ متمانەی جیهانی دەزانن، دەکرێ واقیعخوازی سیاسی باو لە ژێر ناوی پراکتیزەکردنی ((دیموکراسی)) و گەشەی ((مافەکانی مرۆڤ)) لە سەرتاسەری جیهان شوێنی هەڵگرێت - وەک لە کۆتایی جەنگی

سارد لە هەمو مەیدانەکان هەڵیگرتووە؛ دیارە هەرکە هێزی و سندوقی نێودەوڵەتی دراو (IMF) بەردەست بون و لە روانگەی سیاسیش شیاو بووە. جوگرافیای سیاسیش بۆتە قوربانی گۆڕانە بنەڕەتیەکان: ئیدی دووژمنان بە مانای باوی وشە، واتە نەیارانێک نین کە بانگەشەی خۆیان هێندەی بانگەشەی ئەمەریکا باوەڕپێکراو دەزانی، بەڵکو ((دوژمنانێک))ی لە پوکانەوەدا هەن، لە هەموی خراپتر وەک هیچ وڵات یان کۆمەڵێک لە وڵاتان نەتوانن بە دەسەڵاتی ڕێکخراوی نەتەوەکان ڕووبەڕوی ویلایەتە یەکگرتووەکان ببنەوە، هەمو شەڕە سەربازیەکان بۆ ((شەڕەکانی ئازادی نەتەوەیی))، واتا شەڕەکانی ((شۆڕشگێڕانی ئازادی))، یان چالاکی پۆلیسی دژە تیرۆریستی و هاوشێوەیان (لە روانگەی دەستەبژێرانی دەسەڵات) کەم دەکەنەوە.

(شەڕ) ڤێتنام بەدەر لەوەی کە بە لادانێک دادەنرێ، بۆتە سیمبۆلێکی ستاندارد.29 بەگشتی هەرکە دوژمنێک بە تاوانبار بناسن و ئەم دوژمنە رەوا نەبێت، دەبێت لاببرێت. نەتەوە کوشتن لە مەودوا نمونەی تاقانە نین کە لە پێگە ریزپەڕەکان روودەدەن، بەوجۆرە لە ئەرمەنستان، یان ئەڵمانیای نازی بون، بەڵکو بە شێوەیەکی سروشتی بونەتە پێکدادانی سەربازی. رووداوەکانی بۆسنە، رویانداو کۆسۆڤۆ هاواری ((دوبارەی هەرگیز!)) پاش جەنگی دووەمی جیهانییان بۆ ((هەمیشەی شیاو!)) گۆڕیوە.

تاریفی پلیکانی بۆ ((تۆتالیتاریزم)) وەک دەستکەوتی پڕۆژەکانی دوبارە لە دایکبونەوەی لەسەربنەمای بەهای جیا لە بەهاکانی نیمچە جیهانی بەرجەستە بو کە بە مۆدێرنیتە دەیخوێنێتەوە لە ئاستی تیۆری، شتێک نییە جگە لە بەردەوامی هەمان پڕۆژەی ئیمپریالیستی. هەر هەوڵێک بۆ ئۆرگانیزەکردنی پشێوی کۆمەڵایەتی بە هۆی کاریگەری ئێکدەری ئایدیۆلۆژی رۆشنگەری بۆ لە بەینبردنی تایبەتمەندیەکانی کەلتوری جیاواز، بە هەوڵی

تۆتالیتار تاوانبار دەکرێت و ((دواچارەسەر)) لە ئەڵمانیای نازی (بە هەمانشێوە لە ناوچونی کۆلاکەکان لە یەکیەتی سۆڤیەت)، ئەلگۆی نمونەییەکەی بەرجەستە بون. تێکڕای ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان هەندێک بەهای پابەندکەر پێشگریمانە دەکەن و هەر ئابڵوقەدانێک نەرێنییە، تەنانەت ئەگەر بەهای ئایدیۆلۆژی نیمچە جیهانی بن، هەمو کۆمەڵگاکان، گشتیتر لە مۆدێرن یان نامۆدێرن، وەک پێویست ((پاڵاوتنێک یان دوبارە لە دایکبونەوە))ن، ئەگەر وردتر شرۆڤەی بکەین سەیر نابێ کە بزانین بەپێی پێناسەی پلیکانی لانیکەم بە مانای سنوردار، هەمو ڕژێمەکانی خۆرئاوا دەکەونە دەستەی ((دوبارە لە دایکبونەوەوە)). بەمەش شەڕی ((بە ئەمەریکایی کردن)) بۆ هاوشێوە کردنی خێرای جەماوەری کۆچبەرانی نوێی ساڵەکانی بەرایی سەدەی بیست، سودی لە ئامڕازەکانی وەک بێبەشکردنی تێکڕای ساڵەکانی 1933 – 1920 یان ئامڕازەکانی تر وەردەگـرت کە بە هەمان ڕادە سەرکوتکەر بون.30 هەروەکو پاشان سودی لە ((ڕەچاوکردنی خێروچاکەی سیاسی)) بە ئاڕاستەی سەرنجی هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ ڕەفتاری ((ڕاسـت)) و لۆژیکی وەردەگـرت. هەرچەند ئەم ڕەوتە بێ بەزەیی و بەربەریەت بە کوشتنی جولەکە، یان سڕینەوەی کۆلاکەکان بەراورد ناکرێت، هەرگیز (بەڵام بە شرۆڤەی ئەوپەڕی دەرهەستەیی) لە پڕۆژەکانی دوبارە لە دایکبونەوەی ڕوسیا، یان نازی جیاواز نییە، هەروەها نمونەکانی ستالینیزم و نازیزم، هەوڵ بۆ لە ڕەگـەوە دەرکێشانی هەندێک بابەت بەهۆی یاسا دانانی ناسراو بە ((تاوانە نەفرەت وروژێنەرەکان))، وەک یاساکانی دژی بابەتەکانی ڕەگەزپەرستانە، پشتگیری نەکردنی هەندێک لایەنگرەکانی ڕەگەزی، یان خوی کەسی وەک جگەرەکێشان، قەدەغەکردنی زەماوەندی زۆرەملێیی بۆ کچان لە گەنجێتی یان بەرگرتن لە کاری باوی خێزان لە ڕێگای یاساکانی ((قۆرخکردنی

منداڵ)) و نمونەیان، هەموان لە هەوڵی هێنانەدی ((مرۆڤێکی نوێ))، یان بە لێکدانەوەی زاراوەی سیاسی ((بونەوەری مرۆڤایەتی هەستیار))، یان ئەنانەت بەدیهێنانی ((گرژی تازە))یە. لە راستیدا مافە مەدەنیەکان رێک رووە و سڕینەوەی کاریگەری ئەم پاڵنەرانە دەوری بنچینەییان لەلایەنە سیاسیەکانی مۆدێرنیستیدا هەیە، بەم حاڵەش لە روانگەی مێژووییەوە بە گژداچونەوەی ئەم مافانە وەک لایەنگری ئەنتی فدرالیستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، یان بە هێزکردنی دەوڵەت وەک فاکتەری پتەوکردنی مافە مەدەنیەکان شکاوەتەوە، یان بە شێوەیەکی هەڵبژاردەی سەر بە شێوەبەندی زاڵی دەسەڵاتی سیاسی بە کاربراون.

هەرچۆنێکبێت بە گوێرەی گۆڕانکاریەکانی پلیکانی، خودی رۆشنگەری بە ((پاکتاوکردن)) بێویژدانانەی کۆمەڵگا لە هەمو پاشماوە ئایینیەکان، نەریتەکان و تێکڕای ((پێش داوەریەکان)) مایەی بانگەشە، هەروەها هەستکردن بە ئەرکی شێلگیرە بۆ رزگاری هەمو تاکەکان، دەکرێت بە سەرچاوەی هەمو جیهانبینیەکانی پاڵاوتن و دوبارە لە دایکبونەوە لە زەین بگری.

پلیکانی هەمو کۆمەڵگا بە ئامانجی تایبەتی بە ناوی ((خواناسی)) و کۆمەڵگایەک بەناوی ((تۆتالیتار)) تێیدەپەڕێنێت کە لە خواناسی خوازییدا ((شۆڕشگێڕی)) زێدەڕۆیی دەکات، بەڵام چاوپۆشین لە راپۆرتە مێژوویەکانی بیدعە خوازیەکانی بەرایی کریستیانیەت، چەمکەکانی ((خواناسیخوازی)) و ((خواناسیخوزای شۆڕشگێڕی)) یەکەمجار ئەریک وگلین بۆ دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان بەکاری برد. بەپێچەوانەی بۆچونی پلیکانی کە هەمو رژێمەکانی دژە مۆدێرنیان ناودەنا ((عیرفانی))، شیکارە مێژووییە دوورودرێژەکانی و گلین دەرەنجامی جیاوازیان هەبووە. بە هەمانجۆر کە تد. زی مەک ئالیستەر دەڵێت: ((دەکرێت لە بەرهەمە زۆرەکانی وگلین

لاپەڕەیەکی زۆرت دەربارەی ((مۆدێرنێتە)) و هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانی دەست بکەوێ... بە کورتی مۆدێرنیتە شۆڕشی عیرفانی بو دژی واقعیەت، مەعریفەیەکی رزگاری بەخش... بەمەش نۆژەنکردنەوەی وردتری مێژوو پیشانی دەدا کە دەکرێت رژێمە تۆتالیتارەکان بە هەنگاوی داهاتوی کۆمەڵگای خۆرئاوا رووە و خەسارناسیەکی تایبەتی لە قەڵەم بدەی، چونکە رۆشنگەری هەوڵدەدا لەگەڵ مۆدێرنێتە پڕۆژەی بە دنیایی کردنی رەگوڕیشەی کریستیانیەت تەواوو بکات.31 پلیکانی لە بە دەستهێنانەوەی ئەم وەهمەی لیبراڵی دەکۆڵێتەوە کە بازاڕ وەک میکانیزمێکی رێکخراوی جیهانی دەتوانێ کۆمەڵگا لە هەمو بەها کۆمەڵیەکان رزگار بکات.

ئەو بەهایانەی کە لە چوارچێوەکانی پـڕۆژەی تاکی تایبەتی، بونەتە تایبەتی، بە ئاڕاستەکردنی بۆچونی نوێی دنیای کۆن، واتا بۆچونی ((بۆرژوازی)) توانیویەتی پێش بە فرانسیس فۆکۆ یاما31 و دکتۆر پانگلۆسیش بگرێت، کە لە مەودوا وەک کەلتورێکی جیهانی متمانەیەکی ئەوتۆی نییە.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی   فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلى مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركَة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعيط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |